حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیجیی

ژمارە(٥)       گەلارێزان ٢٧٢١ تشرینی یەکەم ٢٠٢٢

# JKSS

# Journal of Kurdistani for Strategic Studies

No. 5 October . 2022

https://doi.org/10.54809/jkss.vi5

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیییجیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژیینەوەی زانستی

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیجیی (JKSS)

## (گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

# Journal of Kurdistani Strategic for Strategic Studies

## (Social Science Journal)

# گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵیینەوەی ستراتیبجیی (JKSS)
## (گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان)

## دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی

## ژمارە: ٥ تشرینی یەکەم ساڵی: ٢٠٢٢



**سەرنووسەر**

**پرۆفیسۆر پۆڵا ئازاد خانەقا**

**سکرتێری نووسیین**

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**دکتۆر رزگار ئاغا**

| دەستەی نووسەران | دەستگای کارکردن | دەستەی راوێژکاریی | دەستگای کارکردن |
|---|---|---|---|
| پ طه صالح امين ئاغا | زانکۆی سلێمانی | پ سلمان جودة الشمري | زانکۆی تکریت |
| پ عزالدين جمعة دەروێش | زانکۆی گەرمیان | پ اياد علي فارس بيک | زانکۆی موستەنسرية |
| پ هۆشەنگ فاروق جەواد | زانکۆی سلێمانی | پ نعمان حسين الجبوری | زانکۆی موستەنسرية |
| پ هێرش رسوڵ موراد | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | پ ی د موفق خالد ابراهيم | زانکۆی راپەڕین |
| پ ی د نەوزاد جمال حمه فرج | دەستەی کوردستانیی | پ ی د شيروان عمر رشيد | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د بڕيار حسن احمد | دەستەی کوردستانیی | پ ی د پاڤێ جميل احمد | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی م محمد کریم بابۆلیی | دەستەی کوردستانیی | پ ی د خديجه قادر سمايڵ | زانکۆی سەلاحەدین |
| پ ی د هێمن عبدالله محمد | زانکۆی هەڵەبجە | پ ی د اسامة ابراهيم احمد | زانکۆی کەرکووک |
| پ ی د سازان ظاهر سعيد | زانکۆی سلێمانی | پ ی د علي سعد طه | زانکۆی موستەنسرية |
| پ ی د ماردين محسوم فرج | زانکۆی سلێمانی | پ ی د هيوا کريم حسين | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د سەميره محمد ساڵح | زانکۆی سلێمانی | پ ی د عدنان سەجاديی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د هەرێم حسن بابان | زانکۆی راپەڕین | پ ی د حسين شفيق شوانی | زانکۆی سلێمانی |
| پ ی د ئومێد رفيق فتاح | زانکۆی جيهان | پ ی د بەختيار سەجاديی | زانکۆی کوردستان-سنه |
| پ ی د رزگار عبدالله جاف | زانکۆی سەلاحەدين | پ ی د هيوا عزيز سعيد | زانکۆی سلێمانیی |

دەستەی بەڕێوەبردن لە دەستەی کوردستانیی

| | | |
|---|---|---|
| پ ی د بڕيار حسن احمد | م ی تريفه محمد احمد | م ی شۆخان عبدالله |
| تەحسين توفيق | زانست حمه علي عمر | هەڵکەوت حميد |



ناونیشان: دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتییجی و توێژیینەوەی زانستی - سلێمانی - قرگە - شەقامی گوڵان - نزیک نەخۆشخانەی شۆڕش

ئیمەیل: journals@kissr.edu.iq

وێبسایت: /https://kissr.edu.iq/english/academic-journals

# لەم ژمارەیەدا:

لەم ژمارەیەدا:

- وتەی ئەم ژمارەیە................ پ ی د رزگار ئاغا سکرتێری نووسین..................................(١١)

١ -قەڵای (کان- خفتیزەکان) لە شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاست دا

شوان محمد صابر - پ.ی.د. زریان سالار حاجی ............................................................ (١٤)

٢- سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیی دا

نەجات مستەفا خدر(نەجات روستی - پ.ی.د. یەحیا عومەر رێشاوی ............................................ (٣٧)

٣– پاڵنەر و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووک

م.ی. فاروق جمیل کریم ............................................................................ (٦٣)

٤- شیکردنەوەی پێچاوپێچ و چەماوەی رۆخانەی رووباری زێی بچووک

م پشتیوان علی محمد ابراهیم - پ عزالدین جمعه درويش ........................................................ (٨٣)

٥- قياس أثر التنمية البشرية في نمو الاقتصاد العراقي للمدة (٢٠٠٥-٢٠٢٠)

محمد حسين دەرويش - أ.م. د. احمد اسماعيل قادر ...........................................................(١٠٩)

٦ - قياس وتحليل اثر تغير سعر الصرف في بعض متغيرات الاقتصاد الكلي في العراق للمدة (١٩٩٠-٢٠٢١)

رەنگين عبدالكريم احمد– الباحث- د.ماردين محسوم فرج – أستاذ المساعد ........................(١٢٩)

٧- تحليل جغرافي لواقع الصناعات الغذائية وتقييم عوامل توطنها في قضاء كلار

أڤين جمال مجيد -أ .د أحمد جليل أسماعيل ..............................................................(١٥١)

٨ - الكورد في مصر ودورهم في الحياة السياسية والاجتماعية بين (١٩٠٠-١٩٥٠)

رشا هشام جميل - جاسم محمد علي ...................................................................(١٧٥)

٩- إشكالية المساواتية الليبرالية في الفكر السياسي المعاصر: مايكل ساندل أنموذجاً

أ.م. د . أميد رفيق فتاح - أمير طه عبيد ...................................................................(١٨٩)

**10- Understanding Corruption in Iraq: A Theoretical Perspective**

Dr Sarwar Abdullah ..........................................................................................(217)

# وتەی ئەم ژمارەیە:

ئەوەی مایەی سەرکەوتنمانە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارەدا، زیاتر گرتنەبەری ڕێوشوێنی زانستیی و ئەکادیمیاییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانە؛ چ لە رووی دۆزینەوەی پسپۆڕانی زیاتر و وردتر لە پسپۆڕییەکانی ئەم گۆڤارە و چ لە کۆڵینەوەی زیاتر لە درووستیی و رەسەنێتیی توێژینەوەکان. دیارە، ئەم کۆششە بە سانایی نایەتە دەست ئەگەر رووبەڕووی هەندێ باو و نەریت نەبینەوە کە بەداخەوە پێشتر پەیڕەوکراوە و، توێژینەوە لە بەها و بایەخی خۆی کەمتر بەهەندگیراوە. رۆژانە لێرە و لەوێ باس و خواس لەبارەی توێژینەوەی لاواز و کەموکورتیی و تەنانەت ساختە هەیە و بووە بە مقۆمقۆ و نیگەرانییەکی گەورە. بێگومان، ئەم قسەوباسانە هەر بەدەردەدڵیی نابێت بمێننەوە و دەبێت کردارێکی راستیینە لە جێدا هەبێت بۆ راستکردنەوە و خستنەوە سەر راستەڕێی ستاندەردەکانی توێژینەوە و، بەرزڕاگرتنی بەها و ئیتیکەکانی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمیاییەکان.

با باسی یەکێک لەو نیگەرانییانە بکەین؛ هەندێ لە توێژینەوەکان، هەڵهێنجراوی تێزی ماستەر و دکتۆرای خوێندکاری ئەو رشتانەن کە بەپێی رێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت بڵاوبکرێنەوە پێش بەخشینیی ئەو بڕوانامانە. نیگەرانییەکە لەوەدایە، زۆرتریینی ئەو توێژینەوانەی هەتا ئێستا بۆ گۆڤارەکەمان هاتوون زۆر لایەنی کەموکورت و ناجۆری هەبووە، بەجۆرێک بابەتی وەها هاتووە کە تەنها بەندێک (چاپتەرێک) لە تێزەکە دەرهێنراوە بە پەڕ و باڵەوە و هیچی تر، بێگومان بە پرسیارکردن لە خاوەن بابەتەکە دەرکەوتووە کە لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتیارەکەی ئەوەی ناردووە و پیشانیشی دراوە! ناچار نووسەری ئەم وتەیە وەک سکرتێری نووسین، کەوتوومەتە روونکردنەوەی مەرج و پێکهاتەکانی توێژینەوە کە دەبوو خوێندکاری ماستەر بێت یان دکتۆرا ئەو زانیارییە سادانە فێرکرابێت! لێرەش پێم باشە ئەو نموونەیە بێنمەوە کە لەو روونکردنەوانەدا وتوومە؛ توێژینەوە گرنگترە لە کتێب و لە تێز و، بەردەستترە بۆ توێژەران و کاریگەرترە بۆ بواری توێژینەوەی زانستیی لەسەر ئاستی تاک و دام و دەستگا ئەکادیمیایی و کۆمپانیا و کەرتی حوکومەت و تایبەتیش، نموونەکەش ئەوەیە: ئەگەر خێزانێک ئەگەر لە دایک و باوک و منداڵێک پێک هاتبێت، ئایا ئەو خێزانە سێ سەرخێزانن یان دوو و نییو! بێگومان وەڵامی هەموو پرسایەک ئەوەیە کە سێ سەرخێزانن، منداڵەکە هەموو پێکهاتەکانی خۆی هەیە بەڵام بە بچووکتر! بۆیە توێژینەوەیەک بە ٢٠-٣٠ لاپەڕە کەمتر یان زۆرتر ڤێرژنێکی بچووکی کتێب یان تێزێکی ٢٠٠-٣٠٠ لاپەڕە کەمتر یان زۆرترە! بۆیە جارێکی تر لەگەڵ ئەو خوێندکارەدا پێکەوە ئیشمانکردووە لەسەر بابەتە کەموکورتەکەی بۆ بەرهەمهێنانی توێژینەوەیەکی شیاو بۆ بڵاوکردنەوە، کە ئەمە ئیشی سەرپەرشتیارەکەیەتی کە یان نەزانییوە یان مەبەستی نەبووە کاتی خۆی پێوە بەسەر بەرێت و، خۆشیەکەی ئەوەیە دەیەوێت یەکەم ناویش لەسەر توێژینەوەکە هینیی ئەو بێت، بێگومان گۆڤارەکە لە دووەم ناو دایان دەنێت و ئەگەر نەبووایە بە کێشە بۆ خوێندکارەکە لەلایەن هەندێ سەرپەرشتیارەوە، ئەوا ناوی سەرپەرشتیارمان لەسەر توێژینەوە دانەئەنا کاتێک کە بەشدارنییە لەو کارە زانستییەدا.

بۆیـه، ئێمـه لـه گۆڤـاری کوردسـتانیی کـه لەلایـەن دەسـتەی کوردسـتانیی بـۆ دیراسـاتی سـتراتیجی و توێژیینـەوەی زانسـتی دەردەچێـت، هەڵگـری پەیامـی دەسـتەکەمانین کـە تەنهـا دەسـتە و قـەوارەی زانسـتیی ئەکادیمیاییـە لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان کـە تایبەتـە بـە توێژیینـەوە، بـۆ بەرهەمهێنانـی توێژیینـەوەی رەسـەن و تۆکمـە و هەوڵدەدەیـن پێشـەنگ بیـن لەسـەر ئاسـتی هەمـوو زانکـۆکان بـە هەبوونـی پێـوەرە جیهانییـەکان و، هەروەهـا پەرۆشـین کـە توێـژەران لـە زانکۆکانـی هەرێـم بـە سـەنگینییەوە لێـی بڕوانـن و شـانازیی بکـەن بـە بڵاوکردنـەوەی توێژیینـەوە بەهادارەکانیـان تیایـدا.

سـوپاس بـۆ هەمـوو بەشـداربووانی پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن، خەمخـۆریـی و باوەڕبوونـی ئـەو بەڕێزانـە، هاوکارێکـی سـەرەکیی پێشـکەوتنی ئـەم گۆڤـارەن.

سوپاس بۆ دەستەکانی نووسەران و راوێژکاران و بەڕێوەبردن.

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**دکتۆر رزگار ئاغـــــا**
**سکرتێری نووسیــــن**

https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.157

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# قەڵای (کان- خفتیزەکان) لە شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاست دا

**شوان محمد صابر**

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

shwanemame@yahoo.com

**پ.ی.د. زریان سالار حاجی**

بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

zryan.hama@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ مەبەستی دیاریکردنی شوێنی جوگرافیایی و مێژوویی(قەڵای کان – خفتیزکان) جێبەجێکراوە. ناوی ئەم قەڵایە لە سەرچاوە کۆنەکاندا بە چەند جۆرێک هاتووە وەک؛ قەڵای «خفتیزکان» و قەڵای «ئەجێندکان»و قەڵای «خفتیان». گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە دەربارەی قەڵایەکی شوێنەوارییە، لە قۆناغێکی گرنگی مێژوویی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە ناوچەیەکی دێرینی کوردستان دا کە شارەزوورە، لە سنووری کارگێڕی چەمچەماڵ لە نزیك گوندی گۆپتەپە درووستکراوە. لە پێشتردا، هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیایی لەسەر ئەم قەڵایە نەکراوە، بۆی پشتبەستراوە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی کتێبخانەیی و ڕێبازی لێکۆڵینەوەیی بەراوردکاریی، بە گەڕانەوە بۆ زانیاریی نێو سەرچاوەکان و تۆمارە مێژووییەکان، کە پەیوەندییدارن بە سنووری جوگرافییایی توێژینەوەکە و جۆری شوێنە شوێنەوارییەکە. لەم سۆنگەیەوە لە وردەکاریی تیۆریی دا، زانیاریی نێو سەرچاوەکان کە دەربارەی ناو و شوێنی جوگرافیایی و مێژووی قەڵاکە و پێکهاتەکەی داڕێژراوەتەوە و، بەکارهێنراوە لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ پاشماوە بیناسازییە جێماوەکانی ئێستای قەڵاکە. پاشان بەشێکی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەیدانیی سەردانی پاشماوە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کانە»ی کردووە، بە ئامانجی بنکۆڵکردنی تایبەتمەندییەکانی بیناسازیی قەڵاکە وەک هێڵکاریی و کەرەستە بەکارهاتووەکانی تەلارسازیی و شوێنی جوگرافییایی قەڵاکە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ساغکردنەوەی ئەو بۆچوونە کە قەڵای خفتیزکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەمان قەڵای «کان» بێت، کە ئێستا پاشماوە شوێنەوارییەکانی ماونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ  شارەزووری سەدەکانی ناوەڕاست، کە بۆ سەردەمی میر سورخابی کوڕی میر بەدری حوسنەویی دەگەڕێتەوە.

**کلییلە وشەکان: قەڵای کان- خفتیزکان، شارەزوور، میر سورخاب، سەدەکانی ناوەڕاست.**

Recieved: 29/6/2022
Accepted: 16/8/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

لێکۆڵینـەوە شوێنەوارناسـییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان مێژوویێکـی زۆر کۆنیـان نییـە و، پـاش کردنـەوەی بەشـی شوێنەوارناسـی لـە زانکۆکانـی کوردسـتان و پێگەیاندنـی شوێنەوارناسـانی ناوخۆیـی، دەسـتکراوە بـە توێژیینـەوە و بنکۆڵـی پاشـماوە شـوێنەوارییەکان، لـە سـنووری جوگرافیایـی کوردسـتانی باشـوور، کـە چەندیـن پاشـماوەی شـوێنەواریی گرنـگ و بەڵگـە بەجێماوەکانـی چەرخـە مێژووییەکانـی تێدایـە( برادۆسـتی: ٢٠١٨، ل ٨ و ١٠). پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی مرۆڤـی کوردسـتان بـۆ کۆمەڵێـك سـەردەمی جیـاواز دەگەڕێنـەوە، لـە چاخـە بەردینەکانـی پێـش مێـژوو هەتـا دەگاتـە قۆناغـی نیشـتەجێبوون و شارنشـیینی، پاشـان سـەردەمی زایینـی و دواتریـش سـەردەمی ئیسـلامیی و دەرکەوتنـی میرنشـیین و دەسـەڵاتە کوردییەکان(نقشـبەندی:٢٠١١، ل٢٩و ٣٠).

بارودۆخـی ناجێگـری کوردسـتان و بەردەوامبوونـی ناکۆکیـی سیاسـیی و شـەڕ و ئـاژاوە لـە ناوچەکـەدا، هۆکاربـووە بـۆ ئـەوەی بەشـێکی زۆری شـوێنەوارە مێژوویـیـەکان زیانیـان بەربکەوێـت، هەروەهـا بەشێکیشـیان لـە شـوێنی دوورەدەسـت و ناوچـە سـنوورییەکاندانن کـە ڕەنگـە مەترسـیی مییـن یەکەمیـن گرفتـی لـە بـەردەم بەجێهێنانـی توێژیینـەوە درووسـتکردبێت، بـەڵام بەشـێکی بـاش لـە شـوێنەوارە مێژوویـیـەکان لەلایـەن شوێنەوارناسـانی کوردسـتانەوە، پاڵپشـت بـە نـوسراوە مێژوویـیـەکان و ئـەو هەڵکۆڵینـە شوێنەوارناسـیانەی کـە بەجێهێـنراون، مێژوویـان روونبووەتـەوە و، بەشـێکی تـری زۆریـش هێشـتا کاریـان لەسـەرنەکراوە(غفور:٢٠١٦، ل٢٥٢).

ناوچـەی شـارەزوور وەك یەکێـك لـە گرنگتریـن ناوچەکانـی کوردسـتانی باشـوور، بـە درێژایـی چاخـە کۆنـەکان جێگـەی ژیـان بـووە، ئەمـەش وایکـردووە ژمارەیەکـی زۆر پاشـماوەی شوێنەوارناسـیی لـە شـارەزووردا بەجێبمێنـن لـە چاخـی ئیسـلامیی دا، بـە دیاریکراوییـش لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت کـە قۆناغێکـی گرنگـی شارسـتانێتیی و دەرکەوتنـی میرایەتیـی و دەسـەڵاتە کوردییەکانە(زەکـی: ١٩٣٩، ل٥ و٦). قـەڵا لـە مێـژوودا پێگـە و کاریگـەری گرنگـی هەبـووە لەسـەر هێـز و توانـا و دەسـەڵادارێتی فەرمانڕەوایـان، لـە رووی هێزیـی سـەربازیی و پێگـەی سیاسـییەوە لـە شارەزووریشـدا ژمارەیەکـی زۆر پاشـماوەی بیناسـازیی قـەڵای مێژوویـی ماونەتـەوە، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت و سـەردەمی مێژوویـی ئیسـلامییدا(عزاوی: ٢٠٠٠،ل ١١٢).

ساغکردنەوەی مێژوویی شوێنە شـوێنەوارییەکان لە زانسـتیی شوێنەوارناسـییدا کارێکی زانسـتیی وردە، پشتدەبەستێت بـە تۆمـارە نـووسراوەکان و لێکۆڵینـەوە زانسـتییە شوێنەوارناسـییەکان، پاشـان شرۆڤـە و هەڵسـەنگاندنی بەڵگـە و پاشـماوە شـوێنەوارییە بەجێماوەکانـی شـوێنە مێژوویـیـەکان، هەروەهـا سـوودوەرگرتن لـە ئەنجامـی ئـەو راپۆرتـە زانسـتییانەی پـاش هەڵکۆڵینێکـی شوێنەوارناسـییانە لـە شـوێنە مێژوویـیـەکان تۆماردەکرێـن. بەمشـێوەیە، دەکرێـت بۆچوونێکـی زانسـتیی یـان روونکردنەوەیەکـی مێژوویـی بدرێـت لەسـەر شـوێنێکی شـوێنەواریی(زراعی: ١٣٩٢،ل٥٠بـۆ٥١).

لـەم سـۆنگەیەوە، پۆلێنکـردن و جییاکردنـەوە و ناسـینەوەی پاشـماوە و بەڵگـە شـوێنەوارییەکان، بەشـێکی تـری کاری زانسـتیی لێکۆڵینـەوە شوێنەوارناسـییەکانە، بەتایبـەت پاشـماوەیی تەلارسـازییەکان، کـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر هێڵکاریـی و تایبەتمەندییـە بیناسـازییەکانی شـوێنە مێژوویـی و شـوێنەوارییەکان دەکرێـت، بەمشـێوەیە دەبـن بـە بەڵگـەی بەردەسـت بـۆ جییاکردنـەوەی تەلارسـازیی قەڵایـەك لـە تەلارسـازیی کۆشـکێك یـان خانێـك یـان بیناسـازێکی ئایینیـی یـان خزمەتگوزاریـی چەرخـە مێژووییەکان(انصـاری: ١٣٩٨، ل ٣٩ بـۆ ٤٠).

لـەم توێژیینەوەیـەدا، لەبـەر نەبوونـی هییـچ لێکۆڵیینەوەیەکـی زانسـتیی لەسـەر قـەڵای «کان« و، هەروەهـا

هەڵکۆڵینێکـی شوێنەوارناسـییانهی ئـەم قەڵایـە، پشتبەسـتراوە بـە ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی کتێبخانەیـی و گەڕانـەوە بـۆ زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان و تۆمـارە مێژوویـەکان، کـە پەیوەندییـدارن بـە سـنووری جوگرافییایـی توێژینەوەکـە و جـۆری شـوێنە شـوێنەوارییەکە، ئەویـش قەڵایەکـی مێژوویـە.

ڕوونکردنـەوەی قۆناغـی مێژوویـی توێژینەوەکـە، و دیاریکردنـی سـنووری جوگرافییایـی توێژینەوەکـە، دەروازەی وەڵامدانـەوە و گەیشـتن بـە ئامانجـی سـەرەکیی توێژینەوەکـە ئاسـانتر دەکات، بـە نموونـە مەبەسـت لـە شـارەزووری سـەدەکانی ناوەڕاسـت چییـە، هەروەهـا ناسـینەوەی تایبەتمەندییەکانـی قەڵایەکـی مێژوویـی. بـۆ زیاتـر ئاشـنابوون لـە بیناسـازیی قـەڵای «کان» کـە ئامانجـی توێژینەوەکەیـە، پاشـان بـە پشتبەسـتن بـە ڕێبـازی لێکۆڵینەوەیـی بەراوردکاریـی، زانیارییـە بەدەسـتهاتووەکانی نێـو تۆمـارە مێژوویـەکان بەراوردکـراون لەگـەڵ لێکۆڵینـەوە مەیدانییـەکان، کـە لەسـەر پاشـماوە و بەڵگـە شـوێنەوارییەکانی قـەڵای «کان» کـراون، ئـەم بەراوردکردنـەش پشتدەبەسـتێت بـەو شـێوە توێژینـەوە زانسـتییانەی کـە دەربـارەی چۆنییەتـی سـاغکردنەوەی مێـژووی ناڕوونـی شـوێنێکی شـوێنەواریی جێبەجێکـراون، بـۆ ڕیزبەندیـی و چۆنێتیـی دانـان و باسـکردن و شـیکردنەوەی بەشـە سـەرەکییەکانی توێژینەوەکـە.

توێژینەوەکـە لـە سێ بەشـی سـەرەکیی پێکدێـت، لـە بەشـی یەکەمـدا بـاس لـەو توێژینـەوە و تۆمـارە مێژوویيانـە کـراوە، کـە هاوشـێوەی ئـەم توێژینەوەیـە کاریانکـردووە بـۆ ڕوونکردنـەوە و سـاغکردنەوەی مێژوویـی شـوێنێکی شـوێنەواریی، لـە بەشـی دووەمـدا بـاس لـە نـاو و مێـژوو و جوگرافیایـی قەڵاکـە کـراوە، پاڵپشـت بـە زانیارییـە کتێبخانەییـەکان و تۆمـارە مێژوییـەکان، لـە بەشـی سـێیەمدا لایەنـی مەیدانـی توێژینەوەکـە ڕوونکراوەتـەوە، شـوێنی جوگرافییایـی ئێسـتەی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵاکـە خراوەتـەڕوو، هەروەهـا پێگـە و پێکهاتـە و ئەنـدازە و هێڵکاریـی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵاکـە بنکۆڵکـراوە، لـە کۆتایشـدا ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکان باسـکراون.

## بەشی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو.

بـۆ سـاغکردنەوە و پێچۆریـی شـوێنەوارەکان، کـە بایەخـی زانسـتیی و تێبینـی ورد بـدەن بـۆ سـاغکردنەوەی مێـژووی قەڵایەکـی شـوێنەواریی، چەنـد توێژینەوەیـەک دەستنیشـانکراون لێـرەدا، کـە شـایانی بەسـەرکردنەوە و دەرکێشـانی خاڵـە سـەرەکییە پێوەندییدارەکانیەتیـی. بـەوەی ئـەم توێژینەوانـە زانسـتییانە کاریـان لەسـەر سـۆراغی مێژوویـی جێگـە شـوێنەوارییەکان کـردووە، ڕێنیشـاندەری ئـەم توێژینەوەیـە بـوون. ئەوانیـش:

**-توێژینەوەی: اویس کیخا زهره - کاوش حسنعلی ١٣٩٤هەتاوی.**

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و مەیدانییـە، ناونیشـانی توێژینەوەکـە بریتییـە لە(قلعـە رسـتم، بزرگتریـن قلعـه باقی مانـده دوران اسـلامی سیسـتان)؛ ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵیـداوە مێژووی یەکێـك لـە گەورەتریـن قەڵاکانـی دەورانـی ئیسـلامیی ناوچـەی سیسـتان ڕوونبکاتـەوە، لەسـەر بنەمـای زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان و پاشـان بەراوردکردنـی زانیارییـەکان بـە بەڵگـە و پاشـماوە بیناسـازییەکانی قـەڵای ڕۆسـتەم، لێکۆڵینەوەکـردن لەسـەر ئەنـدازە و پێکهاتـە و تەلارسـازییە بەجێـماوەکان، بـۆ دەستنیشـانکردنی مێـژووی سـەردەمی بنیاتنانـی قەڵاکـە و کاریگەریـی و پێگـەی ئـەم شـوێنەوارە مێژوویـە لـە سـەردەمی خۆیـدا.

**-توێژینەوەی: شهسواری – رضا ١٣٨٩هەتاوی.**

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و بەراوردکاریـی و مەیدانییـە، بەناونیشـانی(جغرافیای تاریخـی سرزمیـن رودبـار جنـوب در دوران اسلامی و مطالعـه یکـی از مـکان هـای باسـتانی متعلـق بـە ایـن دوره: قلعـە خـرق - قلعـە دخـتر تمـب خـرگ)؛ ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵیـداوە نـاو و مێـژووی یەکێـك لـە قـەڵا شـوێنەوارییەکانی ناوچـەی رووبـاری باشـوور روونبکاتـەوە لـە باشـووری وڵاتـی ئێـران، بـەراوردی نـاوی قەڵاکـە لـە نێـو سـەرچاوە مێژووییـەکان بـکات بـە نـاوی ئێسـتەی قەڵاکـە، کـە ئێسـتە پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵاکـە بـە قـەڵای «خـرق»، ناودەبرێـن و، لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا بـە قـەڵای «خـرگ» ناوهێـنراوە.١

**-توێژینەوەی: امیر صادق ١٣٩٠هەتاوی.**

ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و مەیدانییـە، بەناونیشـانی(گرزارش فصـل اول کاوش در تپـە علـی یـوردر، صائیـن قلعـە – اسـتان زنجـان)؛ ئـەم توێژینەوەیـە یەکێکـە لـە توێژینـەوە گرنگەکانـی زانسـتیی شوێنەوارناسـیی، هەوڵیـداوە مێـژووی شـوێنێکی شـوێنەواریی روونبکاتـەوە بەنـاووی صائیـن قـەڵا، لـە پارێـزگای زنجـان لـە کۆمـاری ئێـران، جیـاوازی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە زانیاریـی نێـو سـەرچاوە مێژووییەکانـی بـەراورد کـردووە، بـە ئەنجامـی وەرزی یەکەمـی هەڵکۆڵینێکـی شوێنەوارناسـییانە لـە گـردی عەلـی یـورد، کـە پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قەڵای(صائیـن قلعـە) یـە، بـەم شـێوەیە گرنگـی بەجێهێنانـی هەڵکۆڵینـی شوێنەوارناسـییانە پیشـاندەدات، لـە یەکلایکردنـەوەی بۆچوونـە زانسـتییەکانی دیاریکردنـی مێـژووی شـوێنەوارێکی مێژوویـی.

ئـەم توێژینەوانـە بـوو-ون بـە سـەرچاوەیەکی بـاش بـۆ لێکۆڵـەر، وە رێنیشـاندەرێکی زانسـتیی بـۆ چۆنییەتـی دارشـتنی پلانـی توێژینەوەکـە و رێگاکانـی چۆنێتیـی دیاریکـردن و سـاغکردنەوەی مێژوویـی شـوێنێکی شـوێنەواریی، هەروەهـا دەستنیشـانکردنی میتـۆدی توێژینەوەکـە لـە ئەنجامـی بەراوردکردنـی ئـەم توێژینەوەیـە لەگـەڵ میتـۆدی ئـەم توێژینەوانـەی پێشـووتردا، کـە توێژینەوەیەکـی کتێبخانەیـی و مەیدانییـە و بەراوردکردنـی زانیارییـەکان بـە بەڵگـە و پاشـماوە شـوێنەوارییە بەجێماوەکانـی شـوێنە شـوێنەوارییەکان.

## بەشی دووەم: ناو و مێژوو و جوگرافییایی قەڵای خفتیزکان-»کان«

### تەوەرەی یەکەم: ناو و مێژووی قەڵای خفتیزکان- کان.

قـەڵای خفتیـان لەلایـەن میـر سـورخاب کـوڕی میـر بـەدرەوە بنیاتـنراوە، لـە بەشـێک لـە نووسینەکانیشـدا نـاوی ئـەم قەڵایـە بـە خفتیـزکان هاتووە(حمـوی: ١٩٩٥، ج٢، ل٣٨٠)، هەروەهادەوترێـت کـە خفتیـان نـاوی دوو قـەڵای گەورەیـە، یەکەمینیـان لەسـەر رێـگای مەراغەیـە بـۆ هەولێـر، دووەمینیـان لـە شـارەزوورە و بـە قـەڵای سـورخاب بەناوبانگە(ابـن عبـد الحـق: ١٤١٢، ج١، ل٤٧٥).

هەرچەنـد رایەکـی تریـش هەیـە کـە دەڵێـت: قـەڵای خفتیـان لەگـەڵ ناوچـەی خفتیـان جیـاوازە، لـە نزیـک هەرێمـی فارسـیش ناوچەیـەک هەیـە چیـای لێیـە، بـە چیـاکانی خفتیـان بەناوبانگـە، بـەڵام دوو قەڵاشـمان هەیـە بـە نـاووی خفتیان(الزرکلـی: ٢٠٠٢، ج٦، ل٢٧٨).

مێـژوو نـووس ابـن اثیـر زۆر بـە وردیـی باسـی لـە سـاڵی چوارسـەد و نـەوەد و پێنجـی کۆچـی کـردووە و دەڵێـت: میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدری کـوڕی میـر مهلهـل توانیـی کۆنترۆڵـی قـەڵای خفتیـزکان بکاتـەوە، پاشـئەوەی لەلایـەن

هـۆزی قڕابلییەکانـەوە کـە هۆزێکـی تـورک بـوون قەڵاکەیـان لـە میـر سـورخاب داگیرکردبـوو، پـاش کوشـتارێکی زۆر و گەڕانـەوەی میـر بـەدر بـۆ نێـوو کـوردەکان و پاشـان لـە شـارەزوورەوە خـۆی ئامادەکـردەوە بـۆ گرتنـەوەی قەڵاکـە، چونکـە ئـەم قەڵایـە یەکێـک بـوو لـە قـەڵا گرنگـەکانی شـارەزوور، شـارەزوور بەهـۆی ئـەم قەڵایـەوە داهاتێکـی زۆر بـە دەسـتدەهێنێت، هەرئەمـەش وایکـرد بـۆ گرتنـەوەی ئـەم قەڵایـە کوشـتارێکی زۆر روویدات(ابـن اثیـر: ١٩٩٧،ج٨، ل٤٧٦).

هەروەهـا لـە رووداوەکانی سـاڵی پێنـج سـەد و هەشـتا و شـەش لـە سـەردەمی ئەتابەکییـەکان و هاوکاتـی سـەردەمی سـوڵتان موزەفەرالدیـن، قـەڵای خفتیـزکان ئـاوەدان بـووە، سـوڵتان موزەفەرالدیـن داوای لـە میریـی قەڵاکـە کـردووە شـارەزوور بخاتـە سـنووری دەسـەڵاتەکەیەوە(ابن اثیـر: ١٩٩٧، ج١٠، ل٨٨).

مێژوونـووس ابـن الفوطـی دەڵێـت: خفتیـان قەڵایەکـە لەلایـەن میـر سـورخابی کـوڕی بـەدری کوردییـەوە بنیاتـنراوە، ئـەم قەڵایـە بـە قـەڵای خفتیـزکان ناودەبرێت(ابـن فوطـی: ١٤١٦، ج١، ل٢٤٦).

مێژوونـووس مەقدیسـی دەڵێـت: لـە سـەردەمی سـوڵتان موزەفەرالدیـن حاکمـی قـەڵای خفتیـان ناوچەکـەی خسـتە بەردەسـت سـوڵتان موزەفەرالدیـن، بەمشـێوەیەش دەروازەی کۆنترۆڵکـردنی شـارەزوور دەسـتپێکرد لـە قـەڵای خفتیـان، چونکـە ئـەم قەڵایـە لـە نێـوان هەولێـر و شـارەزووردا بوو(مقدیـسی: ١٩٩٧، ج٤، ل١٦٩).

مێژوونووسـی کـورد شـەرەفخانی بەدلیسـی لـە کتێبـی شـەرەفنامەدا بـە وردیـی بـاسی رووداوەکانـی پـاش هاتنـی تورکـە سـەلجوقییەکان دەکات بـۆ شـارەزوور، لـە کاتی فەرمانڕەوایەتـی میرایەتـی حوسـنەوییە کـوردەکان دەڵێـت: میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدری حوسـنەوی لـە سـاڵی ٤٩٥ کۆچـی توانـی لـە شـارەزوور دەسـەڵاتی بەهێزبکاتـەوە، و بـەرەو دەوروبـەری شـارەزوور بەڕێبکەوێـت بـۆ رێکخسـتنەوەی دەسـەڵاتەکەی، قـەڵای جقنـدکانی گرتـەوە کـە بـۆ ماوەیـەک بـوو لـە دەسـت میرنشـیینی حوسـنەوی سـەندرابووەوە، ئـەم قەڵایـە سـوودێکی زۆری بـۆ میـر سـورخاب هەبـوو، مـاڵ و کەرەسـتەیەکی زۆری لـەم قەڵایـە داناوە(بدلیـسی: ١٣٧٧، ل٢٣).

مێژوونـووس محسـن محمـد دەڵێـت: خفتیـزکان قەڵایەکـە لـە دەوروبـەری هەولێـر لەسـەر رێـگای هەولێر شـارەزوور لـە کەنـاری رووبـاری زێ، بـۆ سـەردەمی میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدر دەگەڕێتەوە(محسـن محمـد: ١٩٧٦، ج٢، ل٩٣)، مێژوونـووس بەشـیر فرنسـیس بـە هەمـان شـێوە بـاسی قـەڵای خفتیـان دەکات وەك قەڵایەکـی سـەربازیی میـر سـورخابی کـوڕی میـر بـەدر لـە دەوروبـەری هەولێـر لەسـەر رێگـەی نێـوان هەولێـر و شارەزوور(فرنسـیس: ٢٠١٧، ج٢، ل١١٠٧).

مێژوونووسـی عێراقـی قـداوی دەڵێـت: لـە سـەروبەندی هاتنـی بنەماڵـەی قەرەقونیلـۆ بـۆ کوردسـتان لـە سـەردەمی شـاە عـلی حاجیلـۆ قەرەقۆنیلۆیـی، کـە ئـەوکات حاکمـی شـاری سـنجار دەبێـت، بـە ئاراسـتەی باکـووری خۆرئـاوای ئێسـتای عێـراق دەکەوێتـە رێگـە، بـە مەبەسـتی کۆنترۆڵکـردنی ناوچەکـە، بـەم بۆنەیەشـەوە خەلیـل ئاغـا دەنێرێـت و ناوچەکـە کۆنتـرۆڵ دەکـەن، و شـازادە مەقصـود بەگـی کـوڕی حوسـێن بـەگ دەنێرێتە سـەر قـەڵای خفتیان، بـە ئامانجی داگیرکـردنی، بەمشـێوەیە ئـەوە روونـدەبێتـەوە لـە سـەدەی نـۆی کۆچـی قـەڵای خفتیـان ئـاوەدان بووە(قـداوی: ٢٠١٢، ل١٥٠).

مێژوونـووس عـماد عبدالسـلام دەڵێـت: ئـەم قەڵایـە لـە کاتی هێرشـی هۆلاکـۆ بـۆ سـەر ناوچەکـە وەك یەکێـك لـەو قەڵایانـە ناوبـراوە کـە داگیرکـراوە، ئامـاژە بـە ئاوەدانـی قەڵاکـە کـراوە و نـاوی خفتیـان بـووە، سـوپای مەغـۆل کۆنترۆڵی کردووە(عـماد عبدالسـلام: ٢٠١٢، ل١٦٩).

نووسەر لەیلان دەڵێت: ئەوی روونە مێژووی ئەم قەڵایە لە سەردەمی میر سورخاب کوڕی میر بەدر بنیاتیناوە، و ئەم قەڵایە ناووی قەڵای خفتیزکانە(لەیلان: ٢٠١٠، ل١١١)، بەڵام سەروەر ئەحمەد دەڵێت: قەڵای «کان» وەك یەکێک لە قەڵاکانی سنووری ئێستەی چەمچەماڵ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی ئیسلامیی و قەڵایەکی سەربازییە(سەروەر ئەحمەد کەریم: ٢٠٠٣، ل٤٧).

لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی ئەم قەڵایەی نێوان هەولێر و شارەزوور بە شێوەی جیاواز هاتووە، وەك(خفتیان، خفتیزکان، جقندکان)، ئەوەی ووندەبێتەوە ئەم قەڵایە لە روانگەیی ناوهێنانەوە تا رادەیەك ناوەکانی لە یەکەوە نزیکن، هۆکاری ئەمەش کەوا ناوەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، نووسەرەکانی مێژوو لە کورد و فارس و تورک و عەرەب پێکهاتوون، ئەمەش لە رووی دەربڕین و شێوەیی نووسینەوەی ناوەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، مێژووی قەڵاکەش بۆ سەدەی پێنجی کۆچی دەگەڕێتەوە، لەلایەن میر سورخابی کوڕی میر بەدری حوسنەوییەوە بنیاتنراوە، وەك یەکێک لە قەڵا سەربازیی و ئابوورییە گرنگەکانی میرنشینی حوسنەویی.

بۆچوونی ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ناو و مێژووی ئەم قەڵایە، کە لە بەشی سێیەمدا بە روونی خراوەتەروو، کە قەڵای خفتیزکان و قەڵای خفتیان و قەڵای ئەجێندکان؛ سێ ناوی جیاوازن بۆ یەك قەڵا، کە ئێستە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەو قەڵایە پێیان دەوترێت قەڵای «کان»، کە لە سەردەمی میر سورخاب کوڕی میر بەدری حوسنەویی بنیاتنراوە.

## تەوەری دووەم: شوێنی جوگرافیی قەڵاکە.

مێژوونووس یاقوتی حەمەویی دەڵێت: خفتیان قەڵایەکی گەورەیە و لە بەرزایی گردێکە لە کەناری رووبارێك دروستکراوە، ئەم قەڵایە لە شارەزوورە، لەسەر رێگەی نێوان شارەزوور بۆ هەولێر(حموی: ١٩٩٥، ج٢، ل٣٨٠)، ئەحمەد رەضاش دەڵێت: خفتیان قەڵایەکە لە سنووری هەولێر(احمد رەزا: ١٩٥٨، ج٢، ل٣٠٤)، ابن عبدلحق دەڵێت: خفتیان ناوی دوو قەڵای گەورەیە، یەکەمینیان لەسەر رێگای مەراغەیە بۆ هەولێر، دووەمینیان لە شارەزوورە و بە قەڵای سورخاب بەناووبانگە و لەسەر رێگای هەولێر شارەزوورە، بەڵام ئەم قەڵایەیان گەورەترە، لە بەرزایی تەپۆڵکەیەک بنیاتنراوە، رووبارێکی گەورە بە کەناریدا تێپەڕدەبێت(ابن عبد الحق: ١٤١٢، ج١، ل٤٧٥).

نووسەر و مێژوونووسی عەرەبی(العمری) قەڵای خفتیان بە یەکێک لە قەڵاکانی دەوروبەریی هەولێر ناودەبات لەسەر رێگەی شارەزوور(العمری: ١٤٢٣، ج٣، ل٢٦٥)، مێژوونووس ابن الفوطی دەڵێت: خفتیان قەڵایەکە لە دەوروبەریی هەولێر بە ئاراستەی شارەزوور، قەڵایەکە لە کەناری رووباری زێیە، قەڵاکە خاوەنی «حەوشە» گۆڕەپانێکی فراوانە و شوورای هەیە(ابن فوطی: ١٤١٦، ج١، ل٢٤٦).

ئەم قەڵایە پاڵپشت بە سەرچاوە مێژووییەکان لە نێوان هەولێر و شارەزوورە، لە کەناری زێی بچووك لە نزیک هەولێر بنیاتنراوە. ئەوەی کە جێگەی سەرنجە لازاریف لە باسی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی سەردەمی سەلجوقیی دەڵێت: شارەزوور سەر بە هەرێمی ناوچە کوردنشینەکانە و خفتیانیش سەر بە شارەزوورە لە سنووری خۆرئاوایدا(لازاریف: ٢٠٠٨، ل٤٩). کەواتە خفتیان دەکەوێتە سنوورەکانی خۆرئاوای شارەزوور، پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئێستەی قەڵای «کان»یش دەکەونە خۆرئاوای شارەزوور لە کەناریی زێی بچووك.

جوگرافیای شارەزوور لە سەدەکانی ناوەڕاست پاڵپشت بە سەرچاوە کۆنەکان بەم شێوەیە بووە، مێژوونووس

ابـن رسـته دەڵێـت: شـارەزوور ناوچەیەکـی فراوانـە و سـنووره جوگرافیاییەکـەی سـەر بـە هەرێمـی چیاکانـە، بـەڵام لـە رووی کارگێڕییـەوە سـەر بـە ناوچـەی موصڵـە، دەکەوێتـە نێـوان هەرێمـی چیـاکان و هەرێمـی موصڵ(ابـن رسـته: ١٨٩٢، ل٣١٤). مێژوونـووس ابـن واصـل دەڵێـت: لـە رووی جوگرافییـەوە شـارەزوور کورەیەکـی فراوانـە، سـەر بـە هەرێمـی چیاکانـە، دەکەوێتـە نێـوان ناوچـەی هەمـەدان و هەولێر(ابنواصـل: ١٩٥٧، ج١، ل٨٤).

کـورە: واتـە شـار و ئاوەدانییـێکی فـراوان، کـورە ناوچەیەکـی فراوانـە، مـاڵ و شـوێنی نیشـتەجێبوونی زۆری لێیـە، ڕێـگای بەیـەک گەیانـدنی گونـد و ئاوەدانییەکانـە، ناوەنـدی کۆمەڵێـك گونـد و شـوێنی نیشـتەجێ بـوون و ئاوەدانـی زۆرە(المعجـم الوسـيت: ٢٠٠٤، ل٨٠٤)، کـورە واتـە شـوێنێکی فـراوان بـۆ کۆمەڵێـك نشـینگە و ئاوەدانییـە، چەنـد شـار و شـارۆچکە و گوندێـك لـە خۆدەگرێت(مقدیـسی: ١٩٩٧، ل٤٢٢)، کـورەکان لەبـەر ئـەوەی فراوانبـوون، ناوەنـدی کـورەکان بـە قەصەبـە ناودەبـران، لەبەرئەمـەش زۆرجـار بـە کـورەکان وتـراوە قەصەبە(اسـتخری: ٢٠٠٤، ل٩٧).

مەبەسـت لـە هەرێمـی چیاکانیـش بریتییـە لـە هەرێمێکـی سـنووری دەسـەڵاداریێتیی موسـڵمانان، جوگرافیاناسـە موسـڵمانەکان بـەم هەرێمەیـان وتووە(اقلیـم جبـال) هەرێمـی چیـاکان، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو سرووشـتە شـاخاوییەیی کـە زۆربـەی ناوچـەکانی ئـەم هەرێمـەی گرتووەتـەوە، لـە سـەدەی شـەشی کۆچـی و دوانـزەی زایینیـی، لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکان نـاوی ئـەم هەرێمـە گـۆڕدراوە بـە هەرێمـی عێراقـی عەجەمیی(زریـان حاجـی: ٢٠١٧، ل٣٧). بـۆ زیاتـر روونبوونـەوەی سـنووری هەرێمـی چیـاکان بڕوانـە نەخشـەی ژمـارە(١) لـە پاشـکۆی وێنـەکان.

هەرێمـی چـوارەم بـە هەرێمـی چیاکانیـش ناودەبرێـت، دەکەوێتـە باکـووری عێـراق لـە ناوچـەی عێراقـی عەجـەم؛ زۆربـەی سـەرزەویی هەرێمـی چـوارەم ناوچـەی شـاخاوییە، ناوچـە کوردنشـینەکانیش دەکەونـە هەرێمـی چوارەمەوە(ابـن عسـاکر: ١٩٩٥، ج١، ل١٩٣)، بـە وردیـی مەبەسـت لـە هەرێمـی چیـا ئـەو ناوچـە فراوانەیـە کەوتووەتـە خۆرهەڵاتـی ناوچـەکانی خوراسـان و ئەسـفەهان و فـارس و باکـووری خۆرهەڵاتـی خوزسـتان، لـە باکووریشـیەوە ناوچـەکانی دەیلـەم و قەزویـن و ڕەی؛ لـە باشووریشـەوە ناوچـەکانی عێـراق و خووزسـتان دەوریانداوە(ئەنـوەر: ٢٠١٥، ل١٨). بڕواننـە پاشـکۆی نەخشـەکان، نەخشـەی ژمـارە(٢) سـنووری جوگرافیایـی هەرێمـی چیـاکان.

هەروەهـا مەبەسـت لـە هەرێمـی موصڵیـش بریتـی بـووە لـە شـاری موصـڵ کـە شـارێکی کۆنـە، کەوتووەتـە باکـووری خاڵـی بەیەکگەشـتنی هـەردوو رووبـاری دیجلـە لەگـەڵ زێـی سـەروودا(دۆن نـاردۆن: ٢٠٠٨، ل٣٩)، رۆژگارێکیـش ناوەنـدی فەرمانڕەواییەتـی ئاشـوورییەکان بـووە و پێیوتـراوە نەینـەوا؛ دواتـر لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان دەبێتـە ویلایـەت و شـاری موصـڵ ناوەنـدی ویلایەتەکـە دەبێـت، شـارەکانی بریتـی بـوون لـە موصـڵ و هەولێـر و سـلێمانی و کەرکـووک و سـنجار و عەفـار و عەمادیـە و ڕەوانـدز و کفـری و صەلاحیـە و گوڵعەنبـەر، کـە گوڵعەنبـەر خورماڵیشـی پێدەگوترێـت لـە کەنـاری ڕۆژهەڵاتـی دەشـتی شـارەزوور(ئایەتوڵا مـەردۆخ: ٢٠١١، ب١، ل٦٢و٦٣).

مەبەسـت لـە هەولێـر: شـارێکی مێژوویـی دێرینـە، سـەردەمی سـۆمەریی و ئاشـوورییەکان نـاووی هەبـووە، پایتەختـی ئایینیـی ئاشـوورییەکان بـووە، لـە هـەزارەی سـێیەمی پێـش میلادیـش بـارەگای پادشـاکانی سـەردەم بـووە، نـاوە کۆنەکەی ئەربائیلـۆ بـووە، ئێسـتا پێـی دەوترێـت هەولێـر، شـوێنی جوگرافییایـی لـە ٣٦ نمـهرەی باکـوور و٤٤نمـرەی ڕۆژهەڵاتـە، ئـەم شـارە لـە نێـوان زێـی سـەروو و زێـی خواروودایـە، لـە دەشـتاییە بـە پییتەکانیـدا هەڵکەوتووە(قەرەداغـی: ٢٠٠٤، ل٢٤٤).

هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی هەولێـر وایکـردووە پێگەکـەی گرنگبێـت، لـە سـەردەمی ئیسـلامیش وەک شـارێکی گرنـگ و بازرگانـی، ڕۆڵـی هەبـووە لـە نێـوان حەلـەب و موصـڵ و شـارەزوور و، خـاوەنی بـازاڕ و خـان و قەیسـەریی و

دامـەزراوەی میریـی بووە(دەرگەڵەیـی: ٢٠٠٢، ل١٩).

مێـژوو نووسـی کـورد ابـن مسـتەوفی سـنووری شـارەزوور بـە ویلایەتـی شـارەزوور ناودەبـات، بەتایبـەت لـە سـەردەمی سـوڵتان موزەفرالدیـن کۆکەبـەری و دەڵێـت: ویلایـەتی شـارەزوور کەوتـە دەسـت سـوڵتان موزەفەرالدیـن و سـنووری تـا زێـی بچـوک فـراوان بوو(ابـن مسـتەوفی:١٩٨٠، ج٢، ل٥٥٣).

دیمشـقی دەڵێـت: جوگرافییایـی شـارەزوور گونجـاوە بـۆ ژیـان، دەشـتێکی فـراوان و ئـاوی سـەرزەویی و ژێـر زەوییشـی هەیـە، زێـی خـواروو لـە نـاو چیـاکانی شـارەزوورەوە هەڵدەقوڵێـت و لـە نێـوان هەولێـر و داقـوق دا تێپەڕدەبێت(دیمشـقی: ١٩٩٣، ج٤، ل٢٥٨).

مێـژوو نـووس یاقـوتی حەمـەوی جوگرافیـای شـارەزووری بـە وردیـی باسـکردووە، بەمشـێوەیە: شـارەزوور سـەر بـە هەرێمـی چوارەمـە و درێژیـی شـارەزوور حەفتـا و سـێ نمـرە و پانییەکـەشی سـی و حـەوت نمـرە و نیـوە، شـارەزوور»کورە» ناوچەیەکـی فراوانـە و دەکەوێتـە نێـوان چیـاکانی هەولێـر و هەمەدان(حمـوی: ١٩٩٥، ج٣، ل٣٧٥). بڕواننـە پاشـکۆی نەخشـەکان نەخشـەی ژمـارە(٣) شـوێنی جوگرافییایـی شـارەزوور لـە هەرێمـی چیـاکان.

لەسـەر بنەمـای زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان، دەربـارەی جوگرافیایـی شـارەزوور لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ناوچەیەکـی فراوانبـووە، تـا سـنووری هەولێـر و زێـی بچـووك، هەروەهـا قـەڵای خفتیـزکان لـە خۆرئـاوای شـارەزووردا بـووە، لـە کەنـاری زێـی بچـوك، دەبێـت پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قـەڵای خفتیـزکان لـە کەنـار زێـی بچـووك لـە خۆرئـاوای شـارەزوور بەجێمابـن لـە ئێسـتادا.

شـوێنەواری قەڵایەکـی مێژوویـی جێگـەی سـەرنجی زانسـتیی توێژینەوەکەیـە، پاشـماوەی شـوێنەواری قەڵایـەك بەدیدەکرێـت بـە نـاووی قـەڵای «کان»، لـە کەناریـی زێـی بچـووك لـە بەشـی خۆرهەڵاتـی زێـی بچـووك لـە بەرزایـی گردێکـی سرووشـتیی، کـە نزیکتریـن پاشـماوەی شـوێنەواریی ناوچەکەیـە یەکسـان بێـت بـە زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان.

## بەشی سێیەم: بەشی کرداریی توێژینەوەکە.

### تەوەرەی یەکەم: پێچۆریی شوێنی جوگرافیایی و پێگەی قەڵاکە لە ئێستادا:

لـە سـەرچاوە مێژووییەکانـدا ئـەم زانیارییـە بەدەسـتهێنراوە کـە قـەڵای خفتیـزکان لـە نێـوان هەولێـر و شـارەزووری سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لـە کەنـاری زێـی بچـووك بنیاتـنراوە، لـە ئێستاشـدا قـەڵای «کان» لـە رووی جوگرافیاییـەوە، مایـەی سـەرنجە کـە زۆر رێـی تێدەچێـت هەمـان قەڵابێـت، دەکەوێتـە سـەر زێـی بچـووک و لـە کەناریـی زێ بنیاتـنراوە، لـە خۆرهەڵاتـی رووبارەکـە بـە ئێستاشـەوە شـوێنی پاشـماوە شـوێنەوارییەکانی قـەڵای کان کۆتـا سـنووری نێـوان پارێـزگای هەولێـر و سـلێمانییە.

جوگرافیایـی قەڵاکـە لـە ئێسـتادا بـەم شـێوەیەیە: لـە خۆرهەڵاتـی رووبـاری زێـی بچـووک هەڵکەوتـووە، قەڵاکـە لـە کەنـار رووبارەکەیـە، گونـدی گۆپتەپـە دەکەوێتـە باشـوور و خۆرئاوایـی قەڵاکـە بـە دووری چـوار کیلۆمەتـر، لـە بـەشی باشـوورییەوە گونـدی حەیدەربەگـە بـە دووریـی پێنـج کیلۆمەتـر، لـە بـەشی خۆرهەڵاتـەوە گونـدی بەڵقامیـش هەڵکەوتـووە بـە دووریـی یـەک کیلۆمەتـر، لـە بـەشی باشـوور و خۆرهەڵاتیـدا گونـدی عەسـکەر هەڵکەوتـووە بـە دووری شـەش کیلۆمەتـر، بـەشی خۆرئـاوا و باکـووری خۆرئاوایـی لـە کەنـار رووبـاری زێـی بچـووك دا بنیاتـنراوە، ئـەم بەشـەی پێکدێـت لـە رۆخـی زێـی بچـووك، ئـەم قەڵایـە دەکەوێتـە بەشـی باکـوری قـەزای چەمچەمـاڵ بـە دووری

سـی و هەشـت کیلۆمەتـر، سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانییە لـە رووی کارگێڕییـەوە، و ئێسـتا قەڵاکـە لـە باکـووری خۆرئاوای سـلێمانییە بـە دووریـی پەنجـا و حـەوت کیلۆمەتـر، بـۆ زیاتـر روونبونـەوەی شـوێنی جوگرافیایـی قەڵاکـە بڕواننـە نەخشـەی ژمـارە(٤) شـوێنی جوگرافیایـی قـەڵای کان(توێـژەر).

شـوێنی جوگرافیایـی قـەڵای «کان» یەکسـانە بـە دەشـتاییەکانی نێـوان هەولێـر و شـارەزوور، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە ئـەم قەڵایـە دەکەوێتـە باکـوور و خۆرئـاوای سـەنتەری شـارەزوور، ئەگـەر شـاری نیـم ئـەزرا (نیـوەی رێگـە) دیاریبکەیـن وەك ناوەنـدی شـارەزووری سـەدەکانی ناوەڕاسـت، هـەروەك چـۆن گەڕیـدە و مێژوونـووس ابـو دلـف سـەدەی چـواری کۆچیـی دیاریکـردووە دەڵێـت: شـاری نیـم ئـەزرا شـارێکی گەورەیـە و خاوەنـی شەسـت هـەزار ماڵـە و ناوەنـدی شـارەزوورە(ابودلف:١٣٥٦، ل٥٥)، شـوێنەوارەکانی ئـەم شـارە هەشـتا و چـوار کیلۆمەتـر دوورن لـە قـەڵای «کانـە«وە، هـاوکات دەکەوێتـە باشـوور و خۆرهەڵاتـی هەولێـر بـە دووریـی هەشـتا و چـوار کیلۆمەتـر، بەمـەش یەکسـانە بـە نێـوانی هەولێـر و شـارەزوور وەك سـەرچاوەکان باسـیانکردووە، قـەڵای خفتیـزکان لـە نێـوان هەولێـر و شـارەزووردایە(توێژەر).

هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی قـەڵای «کان» یەکسـانە بـە هەمـان زانیاریـی نێـو سـەرچاوەکان، قـەڵای کان لـە کەنـاری رووبـاری زێـی بچـووك بنیاتـنراوە، واتـە لێوارەکانـی خۆرهەڵاتـی رووبارەکـە، بـەراورد بـە شـوێنی جوگرافییایـی شـاری هەولێـر، ئەمـەش واتـای ئەوەیـە ئـەم قەڵایـە سـەر بـە شـارەزوور بـووە، یـان میـرانی شـارەزوور ئـەم قەڵایەیـان بنیاتناوە، سـەرچاوەکانیش دەڵێـن کـە خـاوەنی قەڵاکـە میـر سـورخابی میـری شـارەزوور بـووە، قەڵاکـە لـە کەنـاری زێـی بچـووك لـە رۆخـی رووبارەکـە بنیاتـنراوە، ئەمـەش یەکسـانە بـە زانیاریـی سـەرچاوە دەسـتە یەکەمـەکان، کـە باسـیان لەوەکـرد قەڵاکـە لـە کەنـاری زێ لەسـەر بەرزاییەکـی کەنارەکـە لـە بـەری خۆرهەڵاتیـدا بنیاتـنراوە، بڕواننـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنـەی ژمـارە(١) دیمەنـی بەشـی خۆرهەڵاتـی قـەڵای کان لەبـەرزی تەپێکدایە(توێـژەر).

ئەگـەر شرۆڤـەی ئـەو هۆکارانـە بکرێـت کـە بـوون بـە هـۆی هەڵبـژاردنی ئـەم شـوێنە لـە کۆنـدا دەبێـت بـۆ ئـەم مەبەسـتانە گەڕابێتنـەوە، چونکـە کۆتـا خـاڵ یـان دوورتریـن خاڵـی سـنووری شـارەزوور لەگـەڵ سـنووری شـاری هەولێـر بـووە، لـە خۆرهەڵاتـی رووبـاری زێـی بچووکـە و لـە ناوەنـدی رێگـەی شـارەزوور هەولێـرە، سـەرچاوەکان باسـیان لەوەکـرد ئـەم قەڵایـە سـوودێکی زۆری بـۆ میـر سـورخاب هەبـووە، ئـەم زانیارییـەش دەبێـت بـە مایـەی سـەرنجی زانسـتیی، بـە وردبوونـەوە لـە پێگـەی جوگرافیایـی قەڵاکـە، لـە دەشـتاییەکی فـراوان بنیاتـنراوە، هەروەهـا سـەرچاوە ئاوییـە سروشـتییە شـیرینەکانی زۆرن، لێـرەدا چەنـد بابەتێـکی گرنـگ بوونییـان هەیـە کـە بۆچـی ئـەم قەڵایـە سـوودێکی زۆری دارایـی هەبـووە بـۆ میـر سـورخاب بـەگ، بـەم شـیکردنەوانەش زیاتـر بۆچوونـی توێژینەوەکـە روونـدەبێتـەوە، لـە راسـتیی شـوێنی قـەڵای کان ی ئێسـتا و خفتیـزکان ی سـەدەکانی ناوەڕاسـت.

یەکـەم: بـوونی رێژەیەکـی زۆر لـە پـووش و پـاوان لـە دەوروبـەری قەڵاکـە، بەشـێوەیەک زۆر سەرنجڕاکێشـە، لـە وەرزی بەهـار و پاییزیشـدا کـە دوو وەرزی دژ بەیەکـن، لـە هـەردوو وەرزەکـەدا پاوانێکـی زۆر لـە دەوروبـەری ئـەم قەڵایـە دەبینرێـت، کـە ئەمـەش زۆر گونجـاوە بـۆ بەخێوکردنـی ئـاژەڵ و چاودێریکردنـی ئاژەڵـەکان لـەم ناوچەیـە، گونجاویـی شـوێنی بەخێوکردنـی ئـاژەڵ دەبێتـە هـۆکاری سـوودی ئابوریـی بـۆ لایەنـی میریـی، بڕوانـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنـەی ژمـارە(٢) دیمەنـی قـەڵای کان(توێـژەر).

دووەم: گێڕانەوەیەکـی زارەکیـی مێژوونـووس کامـەران بابـان زادە، دەڵێـت: لـە سـاڵانی هەشـتاکان لـە کاتی

کەمبوونـەوەی ئـاوی رووبـاری زێـی بچـووك، دانیشـتوانی ناوچەکـە و گونـدی گۆپتەپـە و بەڵقامیـش لـە بـەشی خۆرئـاوای قەڵاکـە، کـە دەکاتـە کەنـاری سـەر رۆخـی رووبـاری زێـی بچـووك، ژمارەیەکـی زۆر ناڵـی ئەسـپ و زیینـی ئەسـپ و کەرەسـتەی کانزایـی لـە ئاسـن درووسـتکراویان دۆزیوەتـەوە، بەشـێوەیەک مایـەی سـەرنج بـووە. ئـەم گێڕانەوەیـە لـە چوارچێـوەی مێـژووی زارەکییـە و پاڵپشـت نیـە بەهییـچ هەڵکۆڵینێکـی زانسـتیی شوێنەوارناسـییانە، لەبەرئـەوەی هەڵکۆڵینـی زانسـتیی لـەم قەڵایـەدا نەکـراوە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوە و دەرکەوتنـی بەڵگـەی شـوێنەواریی، بـەڵام لـە روانگـەی زانسـتیی بەراوردکارییـەوە ئەگـەر ئـەم گێڕانەوەیـە بەهەنـد وەربگیرێـت، ئـەو بۆچونـوە زانسـتییە دێتـە کایـەوە؛ ئـەم قەڵایـە وەك کێڵگەیەکـی بەخێوکـردنی ئەسـپەکانی سـوپای حوسـنەویی بووبێـت، لەبەرئـەوەی ناوچەکـە گونجـاوە و پـووش و پاوانێکـی زۆری هەیـە، بێگومـان ئەمـە تەنهـا بۆچوونێکـی زانسـتییە، بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی پێویسـت بـە ئەنجامدانـی هەڵکۆڵینـی زانسـتیی هەیـە لەسـەر قەڵاکـە، دەکرێـت ئەنجامـی هەڵکۆڵینـەکان پشتڕاسـتی بۆچوونـەکان بکەنـەوە یـان بـە پێچەوانـەوە، بـەڵام هەتـا ئێسـتا پاڵپشـت بـەو زانیارییانـەی لەبەردەسـتن، نزیکتریـن بۆچوونـە، چونکـە زۆر بەدیاریکـراوی سـەرچاوەکان ئاماژەیـان بەوەکـرد، ئـەم قەڵایـە سـودێکی ئابووریـی زۆری بـۆ میـر سـورخاب هەبـووە، و کەرەسـتە و سـەرمایەیەکی زۆری لـەم قەڵایـە دانـاوە، کـە دەکرێـت مەبەسـت لـە سـامانی ئەسـپەکانی بووبێـت.

سـێیەم: پێکهاتـە و ئەنـدازەی قەڵاکـە، لـە تەوەرەیـی دووەمـدا بـاسی لێـوە دەکرێـت، پشـتگیریی ئـەم بۆچوونـە دەکات، هێڵکاریـی قەڵاکـە گۆڕەپانێکـی گـەورە لەخۆدەگرێـت، وەك گۆڕەپانێـکی چاودێریـی یـان حەوشـەیەکی فـراوان وایـە، بـۆ چاودێرییکـردن یـان شـوێنی گرتنەخـۆی ژمارەیەکـی زۆر ئاژەڵـی بـەرزی وەك ئەسـپ.

چـوارەم: سـەرچاوەکان باسـیان لەوەکـرد ئـەم قەڵایـە سـوودێکی ئابووریـی زۆری بـۆ میـر سـورخاب و دەوڵـەتی حوسـنەویی هەبـووە، بۆیـە ئـەوە زانسـتییە کـە بوترێـت هـۆکاری ئـەوەی ئـەم قەڵایـە لـە روانگـەی ئابوورییـەوە سـودێکی زۆری هەبـووە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئـەم قەڵایـە شـوێنی بەخێوکـردن و گەورەکـردن و بەهێزکـردنی ئەسـپەکانی سـوپای میـر بـەدری حوسـنەویی بووبێـت، یـان شـێوە چاودێرییکـردن و سەرپەرشـتییکردنی کاروبـاری ئاژەڵداریـی لـەم ناوچـە دەشـتاییە فراوانـەدا، یـان لەبەرئـەوەی ئـەم قەڵایـە لەسـەر رێگـەی هەولێـر شـارەزوور بـووە بـۆ لایەنـی چاودێریـی و وەرگرتنـی بـاج بەکارهێنرابێـت.

## تەوەری دووەم: پێکهاتەی قەڵاکە.

قەڵاکـە لـە ئێسـتادا لـە رووی پێکهاتنـەوە، پێکدێـت لـە ریـزە دیوارێـکی بەرزیـی بەردییـن، لـە بـەشی خۆرهـەڵاتی قەڵاکـەوە ماونەتـەوە بـە ئەندازەیەکـی زۆربـاش، کـە دەکەوێتـە سـەر بەرزاییـە سرووشـتییەکەی کەنـار رووبارەکـە، وەك لـە وێنـەی ژمـارە(٣) لـە پاشـکۆی وێنـەکان بـە روونیـی دەبینرێـت، بـەشی خۆرئاوایـی قەڵاکـەش کـە رووی لـە رووبـاری زێـی بچووکـە، خەرەندێکـی بـەرزی پانـزە مەترییـە، ئەنـدازەی نێـوان خەرەندەکـە و لێوارەکانـی رووبـاری زێـی بچـووك سێ مەتـر لـە رۆخـی رووبارەکـە دوورە، بەشـەکانی باکـوور و باشـووری قەڵاکـەش دەکەونـە بەرزاییـەکانی تەپـە سرووشـتیەکە و دیوارەکانـی خۆرهـەڵات و باشـوور رووخـاون، لەگـەڵ بەرزایـی رووی تەپەکـە یەکسـان بوونەتـەوە، تەنهـا پاشـماوەی بـەردە بەکارهاتـووەکان بەسـەر بەرزاییەکانـدا بڵاوبونەتـەوە، بڕوانـە پاشـکۆی وێنـەکان وێنــەی ژمارە(٥)؛(توێـژەر).

بـۆ سـاغکردنەوەی تەلارسـازییە جێماوەکانـی قـەڵای کان، ئایـا دەچنـە چوارچێـوەی بیناسـازیی قـەڵا، توێژینەوەکـە

پشتبەستە بە تایبەتمەندییەکانی قەڵا و بەراوردی ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ بەڵگە جێماوەکانی قەڵای «کان».

قەڵا بە تەلارسازییەکی بەهێز دەوترێت لە رووی پارێزگاریی و ئاسایشەوە بەهێزە، دیوارەکانی بەرز و تایبەتن، هونەری بنیاتنانەکەی لەگەڵ بیناسازیی ماڵ یان جێگەی مانەوەی مرۆڤانی ئاسایی جیاوازە(منصوری: ١٣٨٦، ل ٥٢ بۆ ٥٣)، قەڵاکان لە دیواری بەهێز و بەرز دروستدەکرێن، کە بە شێوەیەکی زۆر باش بتوانرێت رووبەڕووی مەترسیی و هێرشی مرۆیی و سرووشتیی ببێتەوە(مەلاحسینی: ١٣٨٩، ل ١٤). بەڵگە جێماوەکانی قەڵای «کان» ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرن، تەلارسازیی قەڵای کان خاوەنی دیواری بەرز و بەهێزە.

قەڵاکان تایبەتمەندیی بیناسازیی سەربازییان هەبووە، دیوارەکانیان بەرز و بەهێز و داخراو بوون، بورج و قوللەی چاودێریی لە دیواری قەڵاکاندا دروستکراوە، زۆربەی کات قەڵاکان خاوەنی حەوشەیەکی فراوان بوون، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەربازییەکانی قەڵا، چونکە گۆڕەپانی «حەوشەی» قەڵاکان سوودی زۆری بۆ دانیشتوانی نێو قەڵاکان هەبووە، لە رووی بەکارهێنانی بۆ لایەنی سەربازیی و مەشقی سەربازیی و دانانی کەرەستەی سەربازیی(اسکندری: ١٣٨٥، ل ٨٣ بۆ ٩٠)، لە شوێنەواریی قەڵای «کان» بورجە سەربازییەکان ماونەتەوە و قەڵاکەش خاوەنی گۆڕەپانێکی فراوانە و دیوارەکانی بەرز و داخراون، بڕواننە پاشکۆیی وێنەکان وێنەی ژمارە(٤) بورجەکانی قەڵای «کان» لە روی دەرەوە.

لە بنیاتنانی قەڵاکاندا، زۆر گرنگیی بە هەڵبژاردنی شوێنی قەڵاکان دراوە، گرنگترین شت لە بنیاتنانی قەڵاکان بریتی بووە لەو شوێنەی کە بۆ قەڵاکە دیاریکراوە بۆ دروستکردنی، چونکە قەڵاکان بە ئامانجی دیاریکراو بۆ مەبەستێک دروستکراون(فەرزین: ١٣٨١، ل ١٥بۆ ٣٦). ئەم تایبەتمەندییەش لەگەڵ بەڵگە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کان» یەکدەگرنەوە، شوێنی قەڵای «کان» لەبەرزترین بەرزایی سرووشتی رۆخی رووبارەکە دروستکراوە، بەمشێوەیە ئەوە روونده‌بێتەوە پاشماوە شوێنەوارییەکانی «کان» قەڵایەکی مێژووییە.

سوود لە بەردی ناوچەکە وەرگیراوە بۆ بنیاتنانی قەڵاکە، بەردەکان نارێکن و بەهۆی بەکارهێنانی ماددەیەکی زۆری چەسپاندنی قصڵ و گەچ بەیەکەوە بەستراونەتەوە، تەواوی قەڵاکە دیوارەکانی لە بەردەکانی دەوروبەری بەرزاییەکە و دەشتاییەکانی دەوروبەری قەڵاکە دروستکراوە، لەبەر ئەوەی بەردەکان لە رووی شێوە و ئەندازەوە زۆر رێك نین، بۆیە لە دیوارەکاندا ماددەیەکی زۆر لە قصڵ بەکارهاتووە، ئەمەش وایکردووە بە درێژاییی چەندین ساڵ بەشی خۆرهەڵاتی قەڵاکە رییزە دیوارەکەی بە باشیی بمێنێتەوە، لە بنیاتنانی قەڵاکە تەنها سوود وەرگیراوە لە بەرد و قصڵ و گەچ. مەبەست ئەوەیە کەرەستە بیناسازییەکان بۆ دروستکردنی قەڵاکە وەك گەچ و قصڵ واتە (النیرە) وەك ماددەی لکاندن بۆ نێوان بەردەکان بەکارهاتووە(خضر: ٢٠١٤،ج١، ل٧٦).

بەهۆی بەرزیی پێگەی جوگرافییایی قەڵاکە لەسەر گردەکە و شووڕای سرووشتیی وەك رووباری زێی بچووك و خەرەندی بەرزاییەکە لە بەشی خۆرئاوا زۆر بەهێزبووە، بەڵام دیوارەکانی خۆرئاوا لە رۆخی رووبارەکەدا بنیاتنراون، بەهۆی ژێرئاوکەوتن و تەوژمی رووبارەکە و بە درێژاییی رۆژگار کەوتوونەتە ژێر ئاوەکە و روخاوون و داخوراون و دارماون.

## تەوەرەی سێیەم: ئەندازەی قەڵای «کان»

قەڵاکە لە رووی ئەندازەییەوە بەشێوەی لاکێشەیەکی نارێك هەڵکەوتووە، بەشی باکووری چل مەتر پانە، بەشی خۆرئاوای کە دەکاتە کەناری رووباری زێی بچووك سەد و بیست و نۆ مەتر درێژە، بەشی باشووری کەمترین

پانیی هەیە و سی مەتر پانە، بەشی خۆرهەڵاتی هاوتەریبی رووبارەکەیە و سەد و نۆزدە مەتر درێژە، پاشماوەی بیناسازیی بەشی خۆرهەڵاتی قەڵاکە ماوەتەوە، بە درێژیی سەد و نۆزدە مەتر، لە بەرزترین شوێنیدا لە ئێستادا دەگاتە پێنج مەتر و دیوارەکانی بە ئەندازەی یەک مەتر و نییو پانن. بڕواننە پاشکۆیی هێڵکاریی ژمارە(١) هێڵکاریی قەڵای کان (توێژەر).

شوێنەواریی حەوت بورجی سەربازیی و چاودێریی شێوە نییوەبازنەیی لە بەشی دیواری خۆرهەڵات دەبینرێن، ئەم بورجانە بە شێوەی زنجیرەیی لە دیواری قەڵاکە درووستکراون، لە نێوان هەر پانزە مەترێك لە دیواری قەڵاکە بورجێکی سەربازیی درووستکراوە، بە ئەندازەی پێنج مەتر پانیی و شەش مەتر درێژیی، بورجەکان لە دیواری قەڵاکەوە پێنج مەتر دەرچوون بۆ رووی دەرەوە، فراوانی بورجەکان شەش مەتر دەبێت.

لە هەریەک لە بورجەکاندا سێ کونە مەتەرێزی گەورە درووستکراون، بەشێوەیەک لەناو هەر بورجێک لە دەستە راست و لە ناوەند و لە دەستە چەپیشدا کونە مەتەرێزێک درووستکراوە، کونە مەتەرێز واتە ئەو شێوە بۆشایی و پەنجەرە بچووکانەی لە دیواری قەڵاکەدا درووستکراون، لە دەرەوە زۆر بچووك دەردەکەون و لە بەشی ناوەوە فراوانترن، بەمەبەستی چاودێریی بەکاردەهێنرێن، بۆ ئەوەی بە تەواویی ئاڕاستەکانی بورجی دیوارەکان کە دەڕوانێتە سەر رێگاکەی کەناریی قەڵاکە توانای چاودێرییکردنیان هەبێت، ئەندازەی بەرزیی کونە مەترێزەکان نەوەد سانتیمەتر دەبێت، لە بەشی ناوەوەی قەڵاکە پانییەکەیان شەست سانتیمەتر دەبێت، بۆ رووی دەرەوەی قەڵاکە کەمدەبێتەوە بۆ بیست سانتیمەتر بە هەمان پێوانەی بەرزیی، ئەمەش وەك تایبەتمەندیی قەڵای سەربازیی و بورجی چاودێریی، بڕوانە پاشکۆی وێنەکان وێنەی ژمارە (٦) دیمەنی بورجەکانی قەڵای کان.

ئەوی جێگەی سەرنجە رێژەیەکی زۆر پاشماوەی بەردیینی بەکارهاتوو لە سەر بەرزایی قەڵاکە بڵاوبوونەتەوە، بەڵام بەهۆی زۆریی پووش و پاوانی سەر قەڵاکە و داڕمانی دیوارەکان، بیناسازیی سەر بەرزاییەکە ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت، ئەوەی ئێستا دەبینرێت وەك کۆگایەك یان شێوە گۆڕەپانێکی گەورە دەردەکەوێت، ئەمەش گونجاوە بوترێت شوێنی بەخێوکردن و پارێزگارییکردنی ئەسپەکانی سوپای حوسنەویی بووبێت.

وردەکاریی دەروازە و بەشەکانی ناوەوەی قەڵاکە، و ژوور و شوێنی مانەوەی سەربازەکان، بەهۆی پووش و پاوانی سەر تەختاییەکە دیارنەماون، لەگەڵ زەویی ناو قەڵاکە رێکبونەتەوە، بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆری مێژووی بەشێکی زۆری هێڵکاریی قەڵاکە تێکچووە، بەهۆی کەناربوون و دوورەدەستییەوە کەمتریین زانیاریی مێژوویی لەسەر ئەم بابەتە باسکراوە، لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵکۆڵینێکی شوێنەواریی لەسەر بەرزاییەکان و کەناریی رۆخی رووبارەکە، بەدڵنیاییەوە بەڵگەی زانستیی و هێڵکاریی وردتری بیناسازییەکە دەردەکەوێت.

## دەرئەنجام و راسپاردەکان

پاش بەکارهێنانی زانیارییەکانی نێو سەرچاوە باوڕپێکراوەکان و بەراوردکردنییان بە بەڵگە و پاشماوە جێماوەکانی قەڵاکە، توێژینەوەکە بەم ئەنجامانە گەیشتووە.

١.پاڵپشت بە تایبەتمەندی بیناسازیی قەڵا، پاشماوە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کان» دەچنە چوارچێوەی بیناسازیی قەڵایەکی مێژوویی.

٢.پاشماوەی ناوی قەڵای خفتیزکان لە سەر پاشماوە شوێنەوارییەکانی قەڵای «کان» ماوەتەوە، بەشێوەیەك وشەی (کان) لە نێوان هەردوو قەڵاکەدا هاوبەشە.

٣.تایبەتمەندییەکانی قەڵای خفتیزکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە سەرچاوە مێژووییەکان کە باسکراون، یەکسانن بە تایبەتمەندییەکانی قەڵای (کان)ی ئێستە کە پاشماوە شوێنەوارییەکانی ماونەتەوە، لە روانگەی شوێنی جوگرافیایی قەڵاکە، هەردوو قەڵاکە لە خۆرئاوای شارەزوورن لەسەر زێی بچووك لە بەری خۆرهەڵات، لەسەر رێگەی هەولێرن.

٤. شوێنی بنیاتنانی قەڵای خفتیزکان لەسەر گردێکی سرووشتیی خەرەنداری کەنار زێیە، کە ئەمەش یەکسانە بە شوێنی بنیاتنانی قەڵای «کان»ی ئێستا لەسەرگردێکی سرووشتی خەرەنداری کەنار زێیە، تەنها پاشماوەی شوێنەواریی ناوچەکەیە ئەم تایبەتمەندییە جوگرافیایەیی هەبێت.

٥. لە سەرچاوەکاندا باس لەوەکراوە، کە قەڵای خفتیزکان بۆ شوێنی پارێزگارییکردن لە ئەسپەکانی سوپای حوسنەوی سوودی لێوەرگیراوە، بێگومان تایبەتمەندییە بیناسازییە جێماوەکانی ئێستای قەڵای «کان» لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم زانیارییانە یەکدەگرێتەوە، چونکە قەڵاکە لە شێوەی گۆرەپانێکی فراوان درووستکراوە، بەڵگە شوێنەوارییەکان بە رێکەوت دۆزراوەکانیش پشتڕاستی ئەو بۆچوونەیان کردووەتەوە.

٦.هەروەها تایبەتمەندیی بیناسازیی قەڵای «کان» تایبەتمەندییەکی بیناسازیی کوردانەیە، سەرچاوەکانیش بنیاتنەری ئەم قەڵایەیان بۆ میرە کوردەکان و میرنشینی حوسنەویی گێڕاوەتەوە، بۆیە لە ئەنجامدا ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە قەڵای خفتیزکان کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئاوەدان بووە، یەکسانە بە قەڵای «کان»ی ئێستا.

٧.لەبەرنەبوونی ئەنجامی هییچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی و هەڵکۆڵینێکی شوێنەوارناسیی کە پێشتر کرابێت، دەکرێت بوترێت زانستییترین و نزیکترین بۆچوونە تا ئێستا، پاڵپشت بە بەڵگە و پاشماوە شوێنەوارییەکان و زانیارییە نووسراوەکان، کە ئەم قەڵایە هەمان قەڵا کۆنەکە بێت، لە ئەگەری ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی زانستیی شوێنەوارناسییانە و دەرکەوتنی بەڵگەی شوێنەواریی زیاتر، کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر پشتڕاستکردنەوەی بۆچونی ئەم توێژینەوەیە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان.

الاصطخري، أبو اسحاق إبراهيم بن محمد الفارسي الاصطخري، المعروف بالكرخي(المتوفى: ٣٤٦هـ)، المسالكوالممالك الناشر: دار صادر، بيروت عام النشر: ٢٠٠٤م.

الحموى، شيخ الامام شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرمى البغدادي، ياقوت حموي، معجم البلدان، لبنان، بيروت.دار  الناشر صدر، ١٩٩٥م.

ابن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبد الرزاق بن أحمد بن محمد الصابوني المعروف بابن الفوطي، الحوادث الجامعةوالتجارب النافعة في المائة السابعة المتوفى: ٧٢٣هـ..

ابن الأثير، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم بن عبد الواحد الشيباني الجزري، عز الدين ابن الأثير (المتوفى: ٦٣٠هـ)،  الكامل في التاريخ، المؤلف: تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، الناشر: دار الكتاب العربي، بيروت - لبنان الطبعة: الأولى، ١٤١٧هـ / ١٩٩٧م.

المقدسي، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم المقدسي الدمشقي المعروف بأبي شامة

(المتوفى: ٦٦٥ﻫ)، الروضتين في أخبار الدولتين النوريةوالصلاحية، عدد الأجزء١، المحقق: إبراهيم الزيبق الناشر: مؤسسة الرسالة - بيروت الطبعة: الأولى، ١٤١٨ هـ/ ١٩٩٧م.

ابنواصل، محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم ابنواصل، أبو عبد الله المازني التميمي الحموي، جمال الدين (المتوفى: ٦٩٧هـ) مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق: جـ ١، جـ ٢، جـ ٣: الدكتور جمال الدين الشيال جـ ٤، جـ ٥: الدكتور حسنين محمد ربيع - الدكتور سعيد عبد الفتاح عاشور الناشر: دار الكتبوالوثائق القومية - المطبعة الأميرية، القاهرة - جمهورية مصر العربية عام النشر: ١٣٧٧ هـ - ١٩٥٧م.

ابن عبد الحق، عبد المؤمن بن عبد الحق، ابن شمائل القطيعي البغدادي، الحنبلي، صفي الدين (المتوفى: ٧٣٩هـ)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنةوالبقاع، الناشر: دار الجيل، بيروت الطبعة: الأولى، ١٤١٢هـ .

ابن المستوفي، المبارك بن أحمد بن المبارك بن موهوب اللخمي الإربلي، المعروف بابن المستوفي (المتوفى: ٦٣٧هـ)، تاريخ إربل المحقق: سامي بن سيد خماس الصقار الناشر:وزارة الثقافةوالإعلام، دار الرشيد للنشر، العراق عام النشر: ١٩٨٠م.

العمري، أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي العدوي العمري، شهاب الدين (المتوفى: ٧٤٩هـ)، مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، الناشر: المجمع الثقافي، أبو ظبي الطبعة: الأولى، ١٤٢٣هـ..

ابن رسته، أحمد بن عمر، أبو علي ابن رسته، توفي٣٠٠ هجري، علاقة النفسية، ، مجلد السابع، متبعة بريا، المدينة ليدن. ١٨٩٢م.

ابن عساكر، أبو القاسم علي بن الحسن بن هبة الله المعروف بابن عساكر (المتوفى: ٥٧١هـ)، تاريخ دمشق، المحقق: عمرو بن غرامة العمروي الناشر: دار الفكر للطباعةوالنشروالتوزيع عام النشر: ١٤١٥ هـ - ١٩٩٥ م.

الدمشقي، محمد بن عبد الله (أبي بكر) بن محمد ابن أحمد بن مجاهد القيسي الدمشقي الشافعي، شمس الدين، الشهير بابن ناصر الدين (المتوفى: ٨٤٢هـ)، توضيح المشتبه في ضبط أسماء الرواة وأنسابهم وألقابهم وكنابهم، المحقق: محمد نعيم العرقسوسي الناشر: مؤسسة الرسالة - بيروت الطبعة: الأولى، ١٩٩٣م.

فرانسيس، بشير يوسف فرانسيس، موسوعة المدنوالمواقع في العراق، الجزء الثاني، ،الطبع الاولي، لندن، ٢٠١٧م.

أحمد رضا، أحمد رضا (عضو المجمع العلمي العربي بدمشق)، معجم متن اللغة (موسوعة لغوية حديثة)، الناشر: دار مكتبة الحياة – بيروت، عام النشر: ١٣٧٧-١٣٨٠هـ..

النقشبندي، حسام الدين غالب النقشبندي، الكرد فى لرستان الصغري (الشمالية) و شهرزور جلال العصر الوسيط، موسسة ژين، سنة ٢٠١١، سليمانية.

الزركلي، خيرالدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الزركلي الدمشقي(ت ١٣٩٦ هـ)، الكتاب الأعلام، الناشر: دار العلم للملايين، الطبعة: الخامسة عشر،٢٠٠٢م.

رئوف، عماد عبدالسلام رئوف، دراسات وثائقية فى تاريح الكردالحديث و الحضارتهم، ، الطبعة الاولى، الناشر دار الزمان، دیمشق،٢٠١٢م.

حسين، محسن محمد حسين، كتاب اربيل فى العهد الاتابكى، الطبعة الاولى، من جامعة بغداد، بغداد، ١٩٧٦م.

قداوى: علاء محمود قداوى، تاريخ العراق فى فى عهدي القره قوينلوو الأققوينلو، الطبعة الاولى، الناشر دار غيداء للنشر و التوزيع، الاردن،٢٠١٢م.

خضر، اراس اسماعيل خضر ، النقوش الزخرفيه والعناصر المعمارية لعمائر العثمانية الباقية فى اقليم كوردستان –

العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة مجلد ١-٢ ، جامعة القاهرة ٢٠١٤م.
عزاويي، عباس عزاوى، شهرزور السلمانية (اللواء والمدينة)، راجعه و تعليق عليه وقدم له، محمد علي القرداغي، الطبعة الاولي، بغداد، ٢٠٠٠م.

## دووەم: سەرچاوە فارسییەکان.

ابو زيد بلخى: احمد بن سهل ابوزيد بلخى، (٢٣٥-٣٢٢هـ)، نسخه خطى كتاب صوره اقاليم، كتابخانه مجلس شوراى ملى، شماره كتاب ٧٤٦٨٦، سال بارديد ١٣٨٤شمسى.
ابودلف، مسعر بن مهلهل الخزرجى، سفر نامه ى ابودلف در ايران، در سال ٣٤١، با تعليقات و تحقيقات ولاديمر مينورسكى، ترجمه سيد ابو فزل طباطبايي، چاپ دوم، تهران، سال ١٣٥٦شمسى.
بدليسى، شرف الدين بن الشمس الدين بتلسى، كتاب شرف نامه، به اهتمام ولاديمر ولييامينو فزرنوف، چاپ اول، نشر انتشارات ديبا، تهران، سال ١٣٧٧شمسى.
مجيد، حبيبى، انورى: فاطمه فريدى مجيد، حسين حبيبى، هوشنگ انورى، وصف ايران مناطق آن در برخى از نقشه هاى دوره اسلامى، ناشر بنياد ايران شناسى وابسته به نهاد رياست جمهورى، نوبت چاپ يكم، تهران،١٣٩٢شمسى.
آرتور، پوپ آرتور، معمارى ايران، ترجمه غلامحسين صورى افشارو احمد ايرانى، گروه فرهنگى خوارزمى، تهران، ١٣٤٦شمسى.
پرادا، ايدت پرادا، هنر ايران باستان، ترجمه: يوسف مجيدزاده، ناشر انتشارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨٣شمسى.
گدار، آندره گدار، هنر ايران، ترجمه: بهروز حبيبى، ناشر دانشگاه شهيد بهشتى، چاپ يكم، تهران، ١٣٥٨،شمسى.
منصورى، سيد امير منصورى، دو دوره سازمان فضايى در شهرايرانى قبلو بعد از اسلام، با استعانت از شواهد تحولات شهر كرمان، انتشارات باغ نظر، تهران،١٣٨٦شمسى.
فرزين: افشين فرزين، پروژه مستندسازى قلعه ايرجو رامين، ناشر آرشيو سازمان ميراث فرهنگى كشور، چاپ يكم، سال ١٣٨١شمسى.
اسكندرى، سيامک اسكندرى، بازشناسى كالبدى قلعه ايرجورامين، سومين كنگره تاريخ معماريو شهر سازى ايران، پژوهشگاه ميراث فرهنگيو گردشگرى، ارك بم، ١٣٨٥شمسى.
ملاحسينى، محمد ملا حسينى، روزنامه همشهرى، جمعه دوازده شهريور، تهران،١٣٨٩شمسى.
حناچى- آرمان، پيروز حناچى و فهيمه آرمان، مطالعات معمارى ايران، شماره چهار، سال ١٣٩٢شمسى.
انصارى، مجتبى انصارى، باغ قلعه، محل انتشار: دومين كنفرانس بين المللى معمارى، عمران كشاورزى و محيط زيست، كرجستان، سال ١٣٩٨شمسى.
زراعى، محمد ابراهيم زراعى، برسى ساختار معمارى دژ شهر يا قلعه حسن اباد، مطالعات باستان شناسى دانشكده ادبيات و علوم انسانى دانشگاه تهران، دوره(٥)، شمار(١)، بهار و تابستان ١٣٩٢شمسى.

## سێیەم: سەرچاوە کوردییەکان.


زریـان حاجـی، زریـان سـالار حاجـی، رۆڵ و کاریگەریـی ئێرانیـەکان لـە گەشەسـەندنی بـوارە کۆمەڵایەتییـەکان لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی چوارچـرا، سـلێمانی، سـاڵی چـاپ ٢٠١٧م.

لازاریـف، مـس لازاریـف، مێـژووی کوردسـتان، وەرگێڕانـی وشـیار عبداللـە سـەنگاوی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠٠٨م.

ئەحمـەد، سـۆران بەهـا ئەحمـەد، کوشـتوکاڵ و خـۆراک لـە هەرێمـی چیـا لـە سـەدەی (چوارەمـی کۆچـی و دەیەمـی میلادیـدا)، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ناوەنـدی سـارا، سـلێمانی، ٢٠١٩م.

لەیلان، لەیلان، قەڵا دێرینەکانی کوردستان، ، بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون سلێمانی، ٢٠١٠م.

ئەنـوەر، کەیـوان ئـازاد ئەنـوەر، کوردسـتان و کـورد لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی پەنجـەرە، تـاران، سـاڵی ٢٠١٥م.

دان نـاردۆن، دان نـاردۆن، ئیمپراتۆریەتـی ئێـران، وەرگێڕانـی فەرهـاد عەزیـز خۆشـناو، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر،٢٠٠٨م.

مەردۆخـی، شـێخ محمـد ئایەتوڵـڵا مەردۆخـی کوردسـتانی، مێـژووی کـورد و کوردسـتان، وەرگێڕانـی زانـەر محمـەد، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١م.

ئەمیـن زەکـی، محمـد ئەمیـن زەکـی، تەئریخـی سـلێمانی و وڵاتـی لـە دەوری زۆر قەدیمـەوە تـا ئەوەڵـی ئیحتیـلال ١٩١٨میـلادی، چاپخانـەی النجـاح، چـاپ یەکـەم، شـوێن بەغـداد، سـاڵ ١٩٣٩.

برادۆسـتی، زیـدان رشـید خـان ئـەودال برادۆسـتی، پڕۆسـیدینگی دووەمیـن کۆنفرانسـی زانسـتی نێودەوڵەتـی شـوێنەوار و کەلەپـوری هەولێـر، ٨-٩ی ئایـار، هەولێـر، ٢٠١٨م.

قەرەداغی، فازڵ قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤م.

دەرگەڵەیـی، یوسـف ئەحمـەد دەرگەڵەیـی، مێـژوووی شـاری هەولێـر لـە کۆنـەوە تـا سـاڵانی شەسـت، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی،٢٠٠٢م.

کەریـم، سـەروەر ئەحمـەد کەریـم، چەمچەمـاڵ بـەر لـە مەملەکەتـی ئاشـوور تـا حکومەتـی هەرێـم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، سـلێمانی،٢٠٠٣م.

غفـور، سـەلام غفـور، خورمـاڵ لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای هەرێمی(سروشتی-دانیشـتوان-ئابوری)، چاپـی یەکـەم، ٢٠١٦م.

پاشکۆ

یەکەم: پاشکۆی نەخشە.



نەخشەی ژمارە (١) هەرێمی چیاکان، وەرگیراوە لە کتێبی صورت اقالم ابوزیدی بلخی (مجید، حبیبی، انوری: ١٣٩٢، ل٢٧٥)؛ (ابوزید بلخي: نسخه خطي صورة لااقالم، کتابات ١٣٦٢هجری، کتابخانه ایت الله حکیم، شهر نجف، شماره ارشیو٦٣٢).



نەخشەی ژمارە (٢) هەرێمی چییاکان لە کتێبی صورت ئەرضی ابن حوقل چاپی لیدن (ابن حولق: ١٩٣٨، ل٣٥٦).




نەخشەی ژمارە(٣) شوێنی شارەزوور لە هەرێمی چیاکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (اصتخری: ل٧٥).




نەخشەی ژمارە (٤) شوێنی جوگرافییایی و پاشماوە شوێنەوارییەكانی قەڵای «كان» (توێژەر).

دووەم:پاشكۆی هێڵكاریی.




هێڵكاریی ژمارە (١) هێڵكاریی و شوێنی جوگرافییایی قەڵای كان (توێژەر).

سێیەم: پاشكۆی وێنە.



وێنەی ژمارە (١) دیمەنی قەڵای كان لە بەرزایی گردە سرووشتیەكەی كەنار رووباری زێی بچوك (توێژەر).



وێنەی ژمارە (٢) دیمەنی رووباری زێی بچوك لە بەرزایی قەڵای کانەوە رووەو خۆرئاوا (توێژەر).



وێنـەی ژمـارە (٣) دیمەنـی باشـووری دیـواری قـەڵای کان، لـە بەرزایـی گردەکـەوە دەڕوانێتـە سـەر رێگـەی کەنـاری قەڵاکـە و دەشـتاییەکانی باشـوور (توێـژەر).



وێنەی ژمارە (٤) دیمەنی رووی دەرەوەی بورجێکی قەڵای کان (توێژەر).



وێنـەی ژمـارەی (٥) دیمەنـی بەشـی باشـووری دیـواری قـەڵای کان لـە بـەرزی قەڵاکـەوە بـە ئاڕاسـتەی خۆرئـاوا (توێـژەر).



وێنـەی ژمـارە (٦ و ٧) دیمەنـی بورجەکانـی قـەڵای کان لـە بەشـی نـاوەوەی قەڵاکـە و شـوێنی کونەمەتەرێـزەکان (توێژەر).

# Castle (Kan-Khftiz) in Sharazoor in the Middle Ages

**Summary:**

This research was written under the title (Castle of Cannes - Khaftizkan - in Shahrzor in the middle Ages). It aims to clarify the history of the castle and determine its geographical location. The importance of the research lies in shedding light on an archaeological fortress, in an important historical stage and in a historical area, which is the Shahrzur area located in the Kurdistan Region. In addition, he did not write any academic research on the Khfetiz Citadel before. In early sources, this fortress was mentioned by several different names, such as “Kheftizkan”, “Agendakan” and “Kheftian” castles. Based on the information in written sources about the name, geographical location, history and composition of the castle, then compare the information with the existing architectural remains of Cannes Castle. Part of the research is a field visit to the archaeological remains of the castle, with the aim of verifying their architectural characteristics, geographical location, architectural maps and materials used in the castle. Compare the information contained in the historical sources with the remains and historical evidence left in the castle. In conclusion, the research reached several results, including: The archaeological and engineering remains of the Kan castle within the limits of the (Chamchamal) administration near the village of (Kopteba) belong to the (Khaftizkan) castle mentioned in the historical sources that the castle was located in Shahrazur in the Middle Ages, during the reign of (Prince Surkhaby, son of Prince Badri Al-Hasnawi).

**Keywords: Castle kan , Khaftizkan , Shahrzor, Prince Surkhab, middle Ages**

# قلعة (كان خفتيز) في شارزور في العصور الوسطى

الملخص

كتب هذا البحث بعنوان (قلعة كان- خفتيزكان- في شهرزور في العصور الوسطى). وهو يهدف إلى توضيح تاريخ القلعة وتحديد موقعها الجغرافي. تكمن أهمية البحث في تسليط الضوء على قلعة أثرية، في مرحلة تاريخية مهمة وفي منطقة تاريخية وهي منطقة شهرزور الواقعة في إقليم كوردستان. هذا فضلا عنه أنه لم يكتب عن قلعة خفتيزكان أي بحث أكاديمي من قبل. في المصادر المبكرة ، ورد ذكر هذه القلعة بعدة أسماء مختلفة ، مثل قلعة «خفتيزكان» وقلعة «أجندكان» وقلعة «خفتيان». بناء على المعلومات الواردة في المصادر المكتوبة حول الاسم والموقع الجغرافي وتاريخ القلعة وتكوينها ، ثم قارن المعلومات مع البقايا المعمارية الحالية لقلعة كان. جزء من البحث هو زيارة الميدانيه البقايا الأثرية للقلعة، بهدف التحقق من خصائصها المعمارية وموقعها الجغرافي والخرائط المعمارية والمواد المستخدمة في القلعة، مقارنة المعلومات الواردة في المصادر التاريخية مع بقايا والأدلة التاريخية المتروكة في القلعة. وفي الختام ، توصل البحث إلى نتائج عدة، منها: أن البقايا الأثرية والهندسية لقلعة (كان) في حدود إدارة (جمجمال) قرب قرية (كوبتبة)، تعود لقلعة (خفتيزكان) المذكورة في المصادر التاريخية التي تفيد بأن القلعة كانت تقع في شهرزور في العصور الوسطي، في عهد (الأمير سورخابي ابن الأمير بدري الحسنوي).

https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.158

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سرووشتی هونەری نووسین لە دارشتنی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیی دا (Pukmedia_Speda) بە نموونە

نەجات مستەفا خدر(نەجات روستی)

Najatrosty7272@gmail.com

پ.ی.د. یەحیا عومەر رێشاوی

Yahya.fatah@spu.edu.iq

بەشی میدیا- کۆلیژی کارگێڕیی کار-زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی

## پوختە

ئـەم توێژینەوەیـە، هەوڵـی هەڵسـەنگاندن و دۆزیینـەوەی کاریگەرییەکانـی هونـەری نووسـین دەدات بۆسـەر میدیـای ئەلیکترۆنیـی کوردیـی لـە ڕێـی داتـا بەردەسـتەکانی هـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی speda – pukmediaەوە، بەرتوێژانـی ئـەو دەسـتگایە کـراون بـە ئامانـج و، نموونـە پشـکنینی (سـامپڵ)ی هەڕەمەکیـی بەکارهێنـاوە و لـە میتۆدێکـی وەسـفیی رووپێویـی شـیکارییدا ئەنجامـەکان لـە شرۆڤەیەکـی شـیکارییانەدا بەردەسـتکراون. ڕەهەنـدە سـەرکییەکەی توێژیینەوەکـە لـە ڕێـی ڕاپرسـیییەکەوە، کـە سرووشـتی هونـەری نووسـین لـە دارشـتنی پەیامـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی دادەڕێژێـت، کـە دە پرسـیار لەخۆدەگرێـت بـۆ هەڵگرتنـی شـەقڵی هونەریـی نووسـین لـەو کارە میدیاییانـەدا، وەک: گەشـەی زمـان، ڕێنـووس و خاڵبەندیـی، ڕێنمایـی نووسـین بـە میدیـاکاران، سـتانداردێتیی زمانێکـی یەکگرتـوو، زارەکانـی زمانـی کوردیـی یـان زمانـی ناوچە و دەڤـەر، دەسـتەواژە و زاراوەی جگـە کوردیـی، بێلایەنیـی فەلسـەفییانەی سـایتی میدیایـی. لـە گرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی توێژینەوەکـەش، سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان نەبـوون بـە هۆی گەشـەدان بـە زمانی کوردیـن و ڕێنـووس و خاڵبەندییەکەی و هـەردوو پرسـەکە بـە ئەنجامـی (لەگەڵیدانیـم) ڕێـژەی (٥١.٢٢٪) بۆچوونکـراوە، ئـەوە سـاغنەبۆتەوە ئایـا زمانـی ئەدەبیـی زاڵـە یـان نـا و هـەردوو بۆچوونەکـە (دڵنیانیـم) ی لـێ کەوتۆتـەوە بـە ڕێـژەی ٤٠.٢٥٪ و ٤١.٤٧٪ ، سـەرەڕای ئـەوەی ٤٢.١٢٪ رای وایـە کـە ڕێنمایـی پێویسـت دەدرێتـە میدیـاکاران بـۆ نووسـین کـە زیاتریشـە لـە ٣٠.٤٩٪ کـە پێـی وایـە ڕێنمایـی نادرێـت پێیـان. زۆرینـەی خەڵکـی لـەوەدا کۆکـن بـە ئەنجامـی (لەگەڵیـدام) کـە پێویسـتە هـەردوو زاری کرمانجیـی باکـوور و باشـوور بەکاربهێنرێـن لـە میدیـادا. نزیکـەی ٧٣.٤٪ ی بەرتوێـژان پێیـان وایـە زمانـی یەگگرتـوو نییـە لـە میدیـادا و بـەم پێیـەش ٨١.٦٪ ی دەنگدانـەکان، پێیانوایـە یەکخسـتنی زمانـی نووسـین و دارشـتنی پەیامـە میدیاییـەکان لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا بەیـەك شـێواز کارێکـی زۆر پێویسـتە. دەسـتەواژەی نامـۆ مایـەی پێشـوازییکردن نییـە لای بەرتوێـژەکان و پێیـان وایـە نابـن بەهـۆی دەوڵەمەندکردنـی زمانـی کوردیـی. ڕێـژەی دەنگـدان بـە دڵنیانەبـوون زۆرتـرە لـە ئـەرێ و نەرێـی (ئـەم دووانـە نزیکـترن لـە یەکترییـەوە) بـۆ ڕەنـگ نەدانـەوەی فەلسـەفەی سیاسـیی سـایتەکان لـە پەیامـە میدیاییـەکان دا، کـە زیاتـر ئـەوە دەگەیەنێـت کـە میدیـای کـوردی لەژێـر کاریگەرییەکـی بەرچـاوی سیاسـییدایە.

**کلییلە وشەکان: هونەری نووسین، نووسینی میدیایی، زمانی میدیایی، دەستەواژەی نامۆ، زمانی جگەکوردیی لە میدیا.**

Recieved: 2/8/2022
Accepted: 1/9/2022

# پێشەکیی

پێشکەوتن و گەشەی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و ئاوێتەبوونی کەلتوور و زمانی هاوبەشی گەلان، هۆکارێکی سەرەکیی خێرابوونی پەیوەندییکردنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکاندا، لە رێگای ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی پەیوەندییکردن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینترنێتەوە. میدیا وەک ئامرازێکی پێوەندیی جەماوەریی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کۆمەڵگەی نوێدا، بە بەردەوامیی شرۆڤە و باس و خواس دەگوێزێتەوە لە رێی وشە، وێنە، رەنگ، جووڵە و دەنگییەوە. ئەم ئامرازانە وەک یەک دەستەوارەی میدیای بەدیهێنەری نامەی میدیایان لە کۆمەڵگەیەکدا بە تایبەتیی و کۆی کۆمەڵگەکانیش بە گشتیی، لە رێی ئەو مانا هاوبەشانەی دەیگۆڕنەوە و دەیگوێزنەوە لەبارەی ژیانی مادیی و مەعنەویی کۆمەڵگەکانەوە. (مسارع الرواي، ١٩٨٤).

یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی پیوەندیی میدیا و خەڵک، بریتییە لە کارتێکردن و کاریگەربوون کە لە زۆر لە لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆجییە میدیاییەکاندا پێیانوایە کە زمانی میدیایی بە نووسین و ئاخاوتن هێزە زیندووە کارییگەرەکەیەتی، کە بەهۆیەوە هزر و مەبەست و داخوازییەکان دەگوێزرێتەوە و، هەر ئەمیشە دەبێت بە رێگریی لە بەرهەمهێنانی ئەو پێوەندییەدا (نصر الدين لعياضي ١٩٨٧، ل٨ )

هەروەها، لای فیلیپ گایار، سیمای بنەڕەتیی نووسینیی پەیامی میدیایی و رۆژنامەگەریی بریتییە لە سەلامەتیی زمان بە شێوەیەکی روون و بێ گرێ و گۆساڵ. گایار ئەم سەلامەتییە روونەکەتەوە لە رێزمانزانیی، هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان، خاڵبەندیی درووست. پێیوایە، کە نووسینی رێنووسی هەڵە زۆرجار دەبێت بە مایەی گوێزانەی مانا و بەهەڵدابردنی خوێنەر یان بیسەر کە زۆرجاریش خراپ دەشکێتەوە.

بێگومان، زمان لەو دەقە مێژووییەدا چەقنابەستێت، بەڵکو شارەزایانی بواری نووسینی میدیایی ئەو جیاوازییە ئاشکرایەی نێوان زمانی ستاندەرد -کە زمانێکە بە ئەدەبیی ناسراوە- و زمانی میدیایی روونەکەنەوە، کە پێیان وایە زمانی میدیایی زمانێکی نوێیە و لەگەڵ پەرەسەندنی میدیادا ئەویش هەتا بێت برەودەسێنێت و سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە. بۆیە، زمانێکە لە سەرانسەری کۆمەڵگەدا لە نێو خەڵکەکەیدا بڵاوبۆتەوە بە هەموو دەستەواژە و زاراوەکانییەوە، کە بەرپەرچ و شکانەوەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتوورییەکانیەتی. (سامی الشريف،٢٠٠٤ ،ل٣٣ ). لێرەوە، ئەم زمانە کارتێکراوە بووە، بە تێپەڕبوونی کات و برەو و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، کە زۆر خێرایانە دەستی تێوەرداوەتە ناو وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانە و کەلتوور و سیاسەت و بازرگانییەوە و، بەجۆرێکی وەهایە کە دەسەڵاتێکی گەورەی رادەستی میدیا کردووە، کە بتوانێت لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆجیاییدا ئەویش لەڕێی زمانێکی شایستە و هاوتایی و هەژموونەوە، ئەمیش ئامادەییەکی بارتەقای هەبێت. بۆیە، نووسین بۆ خۆی لەو بوارانەدا کە تەکنۆلۆجیا دەیانهێنێت، رۆڵی خۆی هەیە بۆ سەپاندنی ئەو هەژموونە بە هەر بارێکی ئەرێنیی و نەرێنیی دا، بۆیە پرۆسەی راگەیاندن لە زنجیرەیەکی پێوەستدایە، هەرکات لە ئەڵقەیەکیدا شلبوونەوەیەک رووبدات هەموو زنجیرەکە پێوەی شلوشۆڵ دەبێت، نووسەر، خوێنەر، گوێگر، نامە، ئامرازی گەیاندنەکە، هەموویان ئەو زنجیرە بەردەوامە پێکدەهێنن. ئەمەیە کە بووە بە ئەرکی راگەیاندکار یان دەستگای راگەیاندنی پێشکەوتوو و کاریگەر بۆ کێبڕکێی میدیایی و بۆ زاڵبوونی بەسەر کۆمەڵگە و کەناڵەکانی تریدا. (راضية قراد، ٢٠١٧،ل٩٤)

لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی کە میدیای کوردیی نزیکەی سیی ساڵە لەکاردایە، پەرتەوازەییەک بەدییدەکرێت لە ئەدا و لە رەنگدانەوەکانییا لە ژیانی کۆمەڵگە و حوکومڕانیشدا، یەکەم بەهۆی نەبوونی زمانی ستاندەردی

کوردیـی یـان یەکگرتـوو ودووەمیـش دواکەوتنـی سـەرهەڵدان و جێخۆشـکردنی زمانـی میدیاییـەوە. بۆیـە بـە بەشـداریی هـەردوو رەگـەزی نێـر و مـێ، بـەڵام بـە تێکەڵییـەک لە ئاسـتەکانی خوێنـدن ( رشـتەکان بە گشـتیی و رشـتەی راگەیاندن بـە تایبەتیـی) و، گۆڕانـی بەردەوامـی خوێنـەر و بیسـەری ئـەم میدیایـە لـە کوردسـتان دا، پێداویسـتییەکی گرنـگ لـە ئارادایـە بـۆ جێبەجێکردنـی توێژینەوەیەکـی بابەتییانـە بـۆ هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی کاریگەریـی هونـەری نووسـینی کوردیـی راگەیانـدن دا لەسـەر ئـەدای راگەیانـدن خـۆی و کۆمەڵگـەی کوردیـی. بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی کورتکـراوە بـە (Pukmedia–Speda) بـە نموونـە پشـکنیین (سـامپڵ) بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە، بـەو پێیـەی کـە کاریگـەرن لـە نێوەندیـی میدیـای کاریگـەر لـە کوردسـتان دا.

توێژینەوەکـە لەجـۆری وەسـفیی و بەپشـت بەسـتن بـە میتـۆدی شـیکاریی نـاوەڕۆك، رووپێـوی جێبەجێکـراوە، لەپێنـاوی گەیشـتن بـە چارەسـەری ئامانجـی توێژینەوەکـە، لـە بەرجەسـتەکردنی شـەقڵ و ئـەدای نووسـینی پەیامـی میدیـای ئەلیکترونیـی کوردیـی، پاشـان تیشـك خستنەسـەر شـێوازەکانی نووسـین و هەڵسـەنگاندنی پەیامەکانـی میدیـای کوردیـی بەشـێوەی پراکتیکیـی.

توێژینەوەکـە لـە چـوار بەشـی سـەرەکیی پێکهاتـووە، بەشـی یەکـەم :چوارچێـوەی توێژینەوەکـە، بەشـی دووەم: هونـەری نووسـینی میدیایی،چەمـك وپێناسـە، مێـژووی هونـەری نووسـین، چەمکـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی، فاکتەرەکانـی گەشـەکردنی میدیـای ئەلیکترۆنـی. بەشـی سـێیەم لایەنـی کرداریـی و مەیدانـی توێژینـەوە. لـە بـاسی پراکتیکیـی دا شـیکردنەوە بـۆ داتـاکان و وەڵامـێ ڕاپرسـییەکانی ئـەو ڕەهەندانـە کـراوە کـە لـە مـاوەی توێژینەوەکـەدا وەک پرسـیاری ڕاسـتیینەیی وەرگیـراون، لەگـەڵ خسـتنەڕووی دەرئەنجـام و راسـپاردە و پێشـنیار بـۆ بەرچاوڕوونـی و زانیاریـی زیاتـر دەربـارەی راوبۆچوونـە جیـاوازەکان و داڕشـتن و نووسـینی پەیـام لـە میدیـای ئەلیکترۆنیـی کـوردی.

# بەشی یەکەم : چوارچێوەی توێژینەوەکە

## ١.تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەکە

دیاریکردنـی کێشـەی توێژینـەوە، بەیەکێـك لـە گرنگتریـن ئـەو هەنگاوانـە دەژمێریدرێـت کـە رووبـەڕووی توێـژەر دەبێتـەوە، بەوپێیـەی ئـەم هەنـگاوە پێویسـتی بەگـەڕان و بەدواداچـوون و هەڵبژاردنێکـی درووسـتە (عبیـدات والسـید، ٢٠٠٢، ل٢٩) هـەر توێژینەویـەك، کـە بەجێدەهێنرێـت بەهـۆی بوونـی گرفـت و کێشـەیەکەوەیە کـە توێـژەر لـە یەکێـك لـە بـوارەکان دیاریـدەکات، بـۆ ئـەوەی توێژینـەوەی لەسـەربکات بـۆ خسـتنەڕوو و چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتـەکان، هـەر بۆیـە گرفتـی ئـەم توێژینەوەیـە قسـەکردنە لەسـەر( شـێواز و سرووشـتی هونـەری نووسـین لەمیدیـای ئەلیکترۆنیی کوردیـی دا)، لێـرەوە توێـژەر دەیەوێـت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە سـەرەکییانە بەدەسـتبهێنێت: ئایـا ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان چ قالبێکـی نووسـین بەکاردێنـن؟ بـە چ شـێوازێك پەیامـە میدیاییەکانیـان دادەڕێـژن؟ چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بابـەت و ژانـرە رۆژنامەوانییانـە دەکـەن کـە لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـەکان بڵاودەکرێنـەوە؟

ئـەم توێژینەوەیـە کۆمەڵـێ ئامانجـی سـەرەکیی لەخۆدەگرێـت؛ گرنگترینیان پێوەسـتن بە خسـتنەڕووی شـێوازی نووسـین لـە ماڵپەڕەکانـی ئینتەرنێـت و ئاشـناکردنی خوێنـەران بەگشـتیی بە نووسـین لە میدیـای ئەلیکترۆنیی دا و، دەسـتگیرۆیی لایەنـە پێوەندییـدارەکان و ئەکادیمیاییـەکان بـۆ تێگەیشـتن و بەکارهێنانـی پیشـەیی بابەتـە رۆژنامەوانیـەکان، لـەرووی رێنـووس و قاڵبـی هونـەری نووسـین بـە زۆرێـک لـە تەرزەکانـی داڕشـتنی هـەواڵ و ریپۆرتـاج و شرۆڤـە مەیدانییـەکان. ئەمانـە هەمـووی لـە رێـی بەهەندوەرگرتنـی بابەتیـی و پیشـەیی لەسـەر هـەردوو ماڵپـەڕی (Pukmedia–Speda)

کـە نموونـەی سـامپڵی توێژینەوەکـەن. لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە ئـەم توێژینەوەیـە ببێـت بـە سـەرچاوەی سـوود و بایەخـی دەسـتگا حوکومیـی و تایبەتـەکان بـە هەمـوو تایبەتمەندیـی پیشـەیی و کارگێڕییەکانیـەوە، پێداگیرییکـراوە کـە ئەنجامەکانـی بـبن بـە سـەرچاوەیەکی زانسـتیی گرنـگ بـۆ ئـەو توێژینەوانـەی لـە بـواری هونـەری نووسـین و تایبەتمەندییەکانـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی کوردیـی بەجێدەهێنرێـن و ،ڕێخۆشـکردنێکی گشـتگیر بـۆ یەکخسـتنی شـێوازی نووسـینی ژانرەکانـی ڕۆژنامەوانیـی و بـە سـتاندەردکردنی زمانـی نووسـین لـە ماڵپـەڕە کوردییـەکان دا .

دواجـار، گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ کۆمەڵگـەش، ئاشـناکردنی چیـن و توێـژە خوێندەوارەکانـی نێـو کۆمەڵگـە، بـە دیـرۆك و قۆناغەکانـی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی میدیـای ئەلیکترۆنیـی و، بوونـی بـە هاندەرێـک بـۆ تاکەکانـی کۆمەڵگـە، هەتـا توێژینـەوەی زیاتـر لەبـارەی میدیـای نـوێ بکرێـت، بـۆ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەشـێوەیەکی تەندرووسـت و کەمکردنـەوەی کێشـە و گرفتـە کۆمەڵایەتییـە سـەردەمییەکانی کۆمەڵگـە.

## ٢- میکانیزمی توێژینەوە:

لـەم توێژینەوەیـەدا، توێـژەر میتـۆدی وەسـفیی و شـیکاریی بەکارهێنـاوە. ئامرازەکانـی کۆکردنـەوەی زانیاریـی بریتـی بـوون لـە ڕاپرسـیی و شـیکاری نـاوەڕۆك، بـۆ گەیشـتن بـە کۆتـا ئەنجامـی توێژینـەوە. ئـەم میتـۆدە تایبەتـە، بـە بـواری توێژینـەوە بـۆ شـەن و کەوکردنـی ناوەڕۆکـی بابەتـی توێژینەوەکـە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، کۆمەڵگـەی توێژینـەوەش وەرگرتنـی بەشـێکە لـە کۆمەڵگـەی سـنووری توێژینەوەکـە بەپێـی بنەمـا و شـێوازی زانسـتییانە، کـە دەکرێـت بـە نموونـە پشـکنینی (سـامپڵ) ی ڕاسـتەقینەی چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە لـە هـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی (Pukmedia – Speda) لـە هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و هەولێـر لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە مـاوەی هـەردوو سـاڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ دا. هەروەهـا، سـامپڵی مرۆیـی بـۆ توێژینەوەکـەش، وەرگرتنـی بەشـێکە لـە کۆمەڵگـەی سـنووری توێژینەوەکـە، هەتـا بەپێـی ڕێسـا و شـێوازی زانسـتییانە بکرێـت بـە سـامپڵێکی ڕاسـتەقینەی چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە کـە خـۆی لـە ڕاپرسـیی دەبینێتـەوە بـۆ دەسـتەبژێرێک لـە ڕۆژنامەنووسـانی میدیـای ئەلیکترونیـی کوردیـی بەشـێوەیەکی دیاریکراو و، شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی سـامپڵی وەرگیـراوەی توێژینەوەکـە لەهـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی (Pukmedia –Speda). بـۆ ئـەم مەبەسـتە، فۆرمـی ڕاپرسـیی و چاوپێکەوتنـی زانسـتیی و تێبینیکردنـی پیشـەیی و هونەریـی و زانسـتیی لـە هەمـوو ڕەهەندەکانـی نووسـینی میدیایـی و پاشـان شـیکردنەوەکان لـە خشـتەی پێویسـت و ناونیشـانداردا داڕێـژراون. ئـەم توێژینەویـە پرسـیارگەلێکی گرنـگ و ئامانجـدار لەخۆدەگرێـت، کـە پێوەسـتن بـە دیارییکردنـی شـێواز و جۆرەکانـی نووسـین و قاڵبەکانـی نووسـین بەتایبەتیـی بـۆ کەناڵەکانـی میدیـای ئەلیکترۆنیی و، دەستنیشـانکردنی کێشـە و گرفتەکان و ئەگـەر و گونجانی چارەسـەرکردنیان.

بـە مەبەسـتی درووسـتیی داتـا و شـیتەڵکارییەکان، داتـاکان خراوەنەتـە بـەردەم پسـپۆڕانی ئـەم بـوارە (١) و هـەردوو هاوکۆلکـەی ڕواڵەتیـی و جێگیریـی، بـە بەکارهێنانـی هاوکێشەی(هۆلسـتی) دۆزراونەتـەوە، کـە هاوکۆلکـەی درووسـتیی بریتییـە لـە(٠,٨٠٣ ) و، لـەڕووی زانسـتییەوە بـە ڕێژەیەکـی پەسـندکراو دادەنرێـت لـە لایـەن پسـپۆڕەکانەوە. بڕوانـە خشـتەی (١)

## ٣-توێژینەوە پێشووەکان

لـەدوای گەڕانـی توێـژەر بـەدوای توێژینـەوە زانسـتییەکان لـە ناوخـۆ و دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، دەرکـەوت ژمارەیـەك توێژینـەوە بـە زمانیـی کـوردی، لەگۆشـەنیگایی جیـاوازەوە لە بـواری هونەری نووسـینیی میدیـای ئەلیکترۆنیی

ئامادەکـراون، توێــژەر ژمارەیــەك لــەو توێژینەوانــە دەخاتــەڕوو کــە لــە ڕووی تیۆریــی و ئامانجــەوە نزیکایەتیــی و پەیوەندییـان لەگـەڵ توێژینــەوەی ئێسـتادا هەیـە و بەپێـی ڕێزبەندیـی باشـترین و نوێترینـان دەخەینـەڕوو.

یەکـەم: د.ئاریانـا ئیبراهیـم محەمـەد (٢٠٢١)، کاریگـەری شـێوازەکانی نووسـینی هـەواڵ لـە ویبسـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان لەسـەر تێگەیشـتنی خوێنـەر. زانکـۆی سـەلاحەدین،هەولێر.

ئـەم توێژینەوەیـە بەمیتـۆدی ڕووپێویـی شـیکاریی بەجێهێـنراوە، وەك توێـژەر نووسـیویەتی هەوڵێکـی زانسـتییە بـۆ خسـتنەڕووی شـێوازەکانی نووسـینی هـەواڵ لـە وێبسـایتە ئەلیکترۆنییـەکان دا (ڕووداونێـت) وەك نموونـە و، کاریگەریـی لەسـەر تێگەیشـتنی خوێنـەر، وەك پێوسـتییەکی پیشـەیی کاری ڕۆژنامەوانیـی بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و ئامرازەکانـی گەیانـدن، شـێوازەکانی بڵاوکردنـەوە و نووسـینی لەخۆگرتـووە، لەڕێگـەی ئاسـتی کاریگەربوونـی وەرگـر، سەرنجراکێشـانی بابەتەکانـی خسـتۆتەڕوو. لـە چوارچێـوەی کارکـردن و یاساورێسـای تایبـەت بەداڕشـتنی هەواڵـەکان و ئاشـناکردنیی خوێنـەرە بـە شـێوازی خسـتنەڕوو. لـەم توێژینەوەیـەدا ئامانجـی سـەرەکیی شـێوازی نووسـینی هـەواڵ، لـە پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان و کاریگەرییـان لەسـەرخوێنەر، کـە لـە چوارچێـوەی میتـۆدی توێژینەوەکـە دەیانخاتـەڕوو: ئایـا شـێوازەکانی نووسـین و قاڵبـی هونەریـی هـەواڵ لـە پێگـە ئەلیکترونییـەکان دا چیـن؟

-جیاوازی هەواڵی ئۆنلاین لەگەڵ هاوشێوەکانی لە ئامرازەکانی تری میدیادا کامانەن؟

دواتـر شـیکردنەوە بـۆ شـێوازەکانیی هـەواڵ لـە پێگـە ئەلیکترونییـەکان و کاریگەریـی لەسـەر خوێنـەر بـە پێـی ڕێبـازی ڕووپێویـی شـیکاریی، لـە ڕێگـەی دابەشـکردنی فۆرمـی ڕاپرسـیی بەسـەر سـامپڵی توێژینەوەکـە، کـە خوێندکارانـی زانکۆیـە خراوەتـەڕوو. ئـەم توێژینەوەیـە بەپێـی ئەنجامەکانـی توێـژەر پێـی گەیشـتووە، دەرکەوتـووە شـێوازی نووسـینی هـەواڵ لـە پێگـە ئەلیکترونییـەکان دا، شـێوازێکی تایبەتیـان هەیـە، ڕاسـتەوخۆ کاریگەریـی هەیـە لەسەرتێگەیشـتنی خوێنـەر، چەنـد نووسـین کـورت و پوخـت بێـت و بـەش بـەش بێـت لـە دیزایـندا ئاسـانکاریی زیاتـر بـۆ خوێنـەر دەکات.

دووەم: توێژینـەوەی عەبدولخالـق ئیبراهیـم مسـتەفا (٢٠٢٠) بـە ناونیشـانی(ڕۆلی پێگـەی ئەلیکترۆنیـی کوردیـی لـە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەر بـە ئاسایشـی نەتەوەیـی لەجەنگـی دژی داعـش لەهەرێمـی کوردسـتان دا، تێـزی دکتـۆرا، بەشـی ڕاگەیانـدن، کولێـژی ئاداب-زانکـۆی صەلاحەدین-هەولێـر.

ئامانجـی ئـەم توێژینەویـە بریتیـە لەدەستنیشـانکردنی ئـەو ڕۆڵـەی پێگـەی ئەلیکترۆنیـی هەواڵیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دا، بینویانـە لـە پاراسـتن و بەهێزکردنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی لـە کاتـی ڕۆماڵکردنـی جەنگـی دژی داعـش. ئامانجێکـی تـری ئـەم توێژینەوەیـە ڕادەی بەکارهێنـان و پشتبەسـتنی نموونـەی توێژینەوەیـە بـە ئامرازەکانـی میدیـای نـوێ و ئاسـتی متمانـە و تێربوونـی نموونـەی توێژینەوەکەیـە. ئـەم توێژینەوەیـە، توێژینەوەیەکـی وەسـفییە و میتـۆدی ڕووپێویـی میدیایـی وەرگرتـووە، کـە هـەردوو لایەنـی شـیکاریی، میدیایـی لـە خۆگرتـووە. لـە لایەنـی شـیکاریی دا شـیکردنەوەی نـاوەڕۆك بـۆ هەواڵـی دوو پێگـەی ئەلیکترۆنیـی کـراوە( خەنـدان، وK٢٤ )، لەچوارچیـوەی روماڵیکردنیـان بـۆ جەنگـی دژی داعـش، لـە مـاوەی ١-٧-٢٠١٦ تاکـو ٣١-١٢-٢٠١٦. لایەنـی مەیدانیـی، بریتیـە لـە فۆرمـی ڕاپرسـیی، نموونـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە مامۆسـتایانی زانکـۆ، نووسـەر، ڕۆژنامەنووسـان. لەپـاڵ بەکارهێنانـی ئـەم دوو ئامـرازە سـەرەکییەی کۆکردنـەوەی زانیاریـی، توێـژەر ئامـرازی چاوپێکەوتنـی بەکارهێنـاوە بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتی کارای ئامرازەکانـی میدیـای نـوێ، ئامانـج و گریمانـەی ئـەم توێژینەویـە لـە چوارچێـوەی تیـۆری پشتبەسـتن بـە ئامرازەکانـی میدیـا داڕێـژراون و سـوود و گرنگتریـن گۆڕاوەکانـی تیۆرەکـە و گریمانەکـە وەرگیـراون. لەگـەڵ بەهەنـد وەرگرتنـی ئـەو گـۆڕڕو لایەنـە نوێیانـەی ئامـرازە نوێیەکانـی میدیـا لەگـەڵ خـۆی هێناونـی. ئامانجەکانـی توێـژەر هۆشـیارکردنەوەی

خوێنـەرە لـە رێـگای شـێوازی داڕشـتنی هـەواڵ و گەیاندنـی زانیارییـە لـە پێگـە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا.

سـێیەم: توێژینـەوەی هاوبەشـی (کاوە عزالدیـن عەبدلرحـمان وبەرهـەم خالیـد ئەحمـەدو یۆهـان عوسـمان حمـە حسـین) (٢٠١٦)بـە ناونیشانی(شـێواز و داڕشـتنی هـەواڵ لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییەکانـدا -ماڵپـەڕی تـۆڕی میدیایـی رووداو بـە نموونـە لـە مـاوەی (٢٠-٤-٢٠١٤ تـا ١٥-٦-٢٠١٥) ئـەم توێژینەوەیـە لە گۆڤـاری زانکۆی هەڵەبجـە بڵاوبۆتەوە. توێـژەران میتـۆدی شـیکاریی پێوانەییـان بەکارهێنـاوە بـۆ گەیشـتن بـە ئەنجامـی گونجـاو، لەهەمـان کاتـدا زانیاریـی و داتـای خشـتەکان دەکاتـەوە بـە لێـدوان و هۆکارەکانیـان خسـتۆتەڕوو. ئـەم توێژینەوەیـە فۆرمـی شـیکاریی بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی بەکارهێنـاوە، ئامانجـی ئـەم توێژینـەوە وەك توێـژەران ئاماژەیـان پێکردوە، راسـتیی و درووسـتیی لـە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ بـە تایبـەت لـە سـەردەمی ئێسـتای میدیـای ئەلیکترۆنیـی دا، کـە راسـتیی لـە بڵاوکراودنـەوەی هـەواڵ کەمـتر بەدیدەکـرێ، توێـژەران دەیانەوەێـت ئـەو گرفتـە بخەنـەڕوو لـە هەمـان کاتـدا شـێوازی درووسـت لـە شـێوازی داڕشـتنی هـەواڵ بـە ماڵپـەڕە ئەلیکترونیـەکان بخەنـەڕوو. ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە، ماڵپـەڕی رووداوە کـە هەتـا چەنـد گرنگیـی بـە هـەواڵ و زانیاریـی دەدات، ماڵپـەڕی سـامپڵ گرنگیـی بـە هەواڵـە ناوخۆییـەکان دەدات، یـان هـەواڵ بـە گشـتیی هەتـا چەنـد ماڵپـەڕی رووداو پشـت بـە وێنـەی هەواڵیـی دەبەسـتێ، ماڵپـەڕی رووداو کام شـێواز بەکاردێنێـت لەداڕشـتنی هـەواڵ، کام لـە رەگەزەکانـی هـەواڵ زیاترپشـتی پێدەبەسـترێ. لەکۆتایـی توێژینەوەکـە توێـژەران گەیشـتوون بـەم ئەنجامـە. کـە ماڵپـەڕی رووداو زیاتـر گرنگیـی بـە هەواڵـی سیاسـیی دەدات، کەمـتر گرنگـی بـە هەواڵەکانـی تـر بەتایبـەت هەواڵـی کارەسـاتی سرووشـتیی دەدات، ماڵپـەڕی رووداو زیاتـر گرنگیـی بـە میتـۆدی هەرەمیـی هەڵگـەڕاوە دەدات بـۆ نووسـین بـە بـەراورد لەگـەڵ شـێوازەکانی تـری داڕشـتن. ماڵپـەڕی رووداو هەوڵیـداوە زیاتـر نێوەنـد وەربگرێـت لـە بەکارهێنانـی وشـە لـە هەواڵەکانـدا لـە نێـوان (٥٠-٩٠) بەکاریهێنـاوە بـەراورد بـە ژمارەکانـی تـر، بـۆ دەسـتکەوتنی سـەرچاوەکانی هـەواڵ زیاتـر پشـت بـە پەیامنێرەکانـی دەبەسـتێت لـە ناوخـۆ و دەرەوەی وڵات، ماڵپـەڕی رووداو هاوسـەنگی راگرتـووە واتـە رای جیـاوازی تێدایـە.

## ٤-روونکردنەوەی چەمکەکانی توێژیینەوەکە

١-هونـەری نووسـین: ئـەو پڕۆسـەیەیە کـە نووسـەر و رۆژنامەنـووس هەڵدەسـتێت بـە داڕشـتن و نووسـینی میدیایـی، واتـە چارەسـەرکردنی دەق لـە شـێوە و قاڵبـی هـزر بـۆ زمـانی نـووسراو و بیسـتراو و بیـنراو، بـە جۆرێـك لـەلای بینـەر و خوێنـەر و گوێگـر لێـی تێبگـەن.

٢-.پەیـام: پەیـام واتاییـە یـان بیرۆکەییـە، یـان ناوەڕۆکـە، کـە سـەرچاوەکانی میدیـا دەیگوازنـەوە بـۆ وەرگـر و، ئـەو واتـا و بیروڕایانـە لـە خۆدەگرێـت کـە پەیوەسـتە بـە بابەتگەلێکـی دیاریکـراو.

٣-میدیـای ئەلیکترۆنیـی: بـە یەکێـك لەهۆیەکانـی پەیوەندیـی جەماوەریـی دادەنرێـت لـەرووی هەمەجۆریـەوە، چونکە ژمارەیەکـی زۆری پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان لەخۆدەگرێـت لەبوارە جیـاوازەکان.

٤- شێوازەکانی نووسین: ئەوشێوازەیە، کە نووسەر هەڵیدەبژێرێت بۆگەیاندنی بابەتەکەی بە خوێنەرانی.

## بەشی دووەم: تیۆریینامەی توێژیینەوەکە

١- هونەری نووسینی میدیایی: (چەمك و پێناسە)

نووسـین لـە ژێرکاریگەریـی ئاخاوتنـەوە پەیدابـووە، هەروەهـا لەرێگـەی هێماکانـەوە بیرۆکـەکان دەخرێنـەڕوو، کـە

چەندین تایبەتمەندیی لەخۆدەگرێت وەك (نووسین دوای ئاخاوتن پەیدابووە، لەنووسین دا پێویستمان بە خوێنەر هەیە، نووسین لە پیت و هێما پێکدێت، نووسین تاڕادەیەکی زۆر هەڕەمەکی نییە، لەنووسین دا زمانی ستاندارد هەیە، لەنووسین دا لایەنی خاڵبەندیی لەخۆدەگرێت، نووسین بەهۆی چاوەوە زانیارییەکان دەگوازێتەوە، نووسین لەڕووی کاتەوە زیاتر دەمێنیتەوە) بێگومان لەو کاتەی نووسین پەیدابووە بە چەند قۆناغیکی جیاجیا تێپەڕیووە، لە یەك قۆناغ دا نەوەستاوە، بەردەوام بەرەو پێشەوە چووە، چەندین ئاستەنگی هاتۆتە پێش، چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە تا گەیشتۆتە قوناغی ئیستا. (ئیبراهیم، ٢٠٢١، ل١٣(

نووسین پرۆسەیەکی تێکەڵ و ئاوێزانە، ئەگەرچیی بەشێوەیەکی سەرەکیی کردەیەکی (عەقڵی، هزرییە)، لەهەمان کاتدا جۆرێك لەجوڵەی میکانیکی و داهێنانی زمانەوانیی لەخۆدەگرێت، تێکستی سەرنجڕاکێش و وردەکاریی، دوو مەرجی سەرەکیین کە پێویستە لە بابەتی رۆژنامەوانیی دا بوونیان هەبێت. (ئیبراهیم ورحمان، ٢٠١٥، ل١٠(

هونەری نووسین گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، سەرەڕای ئەوەی هونەری نووسین بەتەنیا بریتیی نییە لە رێکخستن و باشترکردنی شێوازی نووسین، بەڵکو مەرجە لەم پرۆسەیە دا رەچاوی هەریەکێك لە شێواز و زمان و سیاسەتی کەناڵەکە بکرێت. لەم بارەیەوە (لیوناردراتێل و روون تیلر) لە پێناسەی هونەری نووسین دا دەڵێن: «پرۆسەیەکە لەرێگەیەوە بابەتەکە پووخت دەبێتەوە، هەرچی هەڵەی نووسین و رێزمانیی هەیە راستیدەکاتەوە، کەم و کورتیی بوارەکانی تریش کەمدەبێتەوە و بونیادی بابەتە لاوازەکانیش بەهێزدەکاتەوە»، (الیاسری، ٢٠٠٣، ل٣٢) هونەری نووسین، لەبنەڕەتدا پشت بە رێکخستنی زمانەوانیی و لۆژیکیی بابەتەکە دەبەستێت، جگە لەمانە لە هونەری نووسین دا شتێکی تر نییە، هەر شێوازی گێڕانەوەی چیرۆك و رۆمانە، هییچ سەرچاوەیەك، یان پێوەرێك نییە ئەمە روونبکاتەوە، تەنها جیاوازییەکە لە رکخستنی وشە و شێواز دایە. (خزر، ٢٠١٧، ل ١٨)

هونەری نووسین، هونەرێکی داهێنەرانەیە، هۆیەکە بۆگەیاندنی زانیاریی و بیروڕا بە خوێنەران بەڕێگەیەکی روون و ئاشکرا، ئەم هونەرە لە رووی بابەتەوە جۆراوجۆرن، لەوانەیە هەواڵی رامیاریی، یان ئابووریی، یان هونەریی، یان رۆشنبیریی، یاخود کۆمەڵایەتیی بێت، هەروەها راپۆرت و چاوپێکەوتن و راپرسیی و ستوونیی بەهەمان شێوە، ئەم هونەرانە هەر یەکە و فرمانێك جێبەجێدەکەن بۆ نموونە فرمانی هەواڵ، باسکردنی رووداوێکە کە روویداوە، یان روودەدات، یان گواستنەوەی لێدوانێکە، بەڵام راپۆرت لە هەواڵ دەچێت تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە، کە راپۆرت بە درێژیی باسی رووداوەکە و دۆخی دەورووبەر دەکات، یان پێشکەشکردنی زانیارییە لەسەر کەسێك بە مەبەستی ناساندنی بە خوێنەر (کرکوکی، ٢٠٠٨، ل٤) هونەری نووسین بەرهەمی چالاکیی ئەقڵ و هزرە، بەڵام هاوکات وەڵامدانەوەی جۆرە بزاوتێکی میکانیکیی و راهێنانی زمانەوانییە کە دەقی نووسراو زیاتر پێی سەرنجڕاکێش دەبێت. گرنگترین مەرج و خەسڵەتی هەر بابەتێکی رۆژنامەنووسیی هەر سەرنجڕاکێشان و وردەکاریی بێت، لێرەدا مەبەست ژانرە رۆژنامەوانییەکانە، دەکرێ راهێنان و مەشقی میدیای بەرهەمێکی هەبێ ئەگەر پەیڕەوی شێوازەکانی نووسین بکات کە لە جیهاندا ناسراون. (عومەر، ٢٠٠٥، ل٩)

هەردوو نووسەری گەورەی بواری شانۆنامە (کۆرنیلی - Corneille) و (راسین – Racine) : باسی سێ بنەما دەکەن لەکاری نووسیندا ئەوانیش بریتین لە: (سادە نووسین، راستیی و زیندووبوون)، بە واتایەکی تر سادە نووسین تایبەتمەندیی بنچینەیی شێوازی میدیاییە، دەبێت تەواوی بابەتەکان بە شێوەیەك بنووسرێت، خوێنەرێك کە ئاستی خوێندەواریی زۆر نزم بێت لێی تێبگات، هەروەها تەنانەت ئەگەر خوێنەرانی رۆژنامەکە کۆمەڵە کەسانێك بن کە ئاستی فەرهەنگییان لە ئاستی مامناوەندیی و سەروو تر بێت، هەر بۆیە نابێت خوێندنەوە بۆ

ئەوانیش دژوار بێت، ئەگەر وشەیەك بۆ خوێنەر بێگانە و نامۆ بێت، یان بە باشیی لە وشەکە نەگات دەتوانێت لەڕێگەی بەکاربردنی جۆراوجۆر لەگەڵ روونکردنەوەی پێویستدا بیخوێنێتەوە و باشتر لەناوەڕۆکەکەی تێبگات، رچاوکردنی سادەیی نووسین لەیاسای خاڵبەندیی و چۆنیەتیی دارِشتنی رستە دا. (گایار، ٢٠٠٥، ل ١١)

نووسین ئامرازیکی رۆژنامەنووسییە لەجێبەجێکردنی کرداری پەیوەندیی لەڕێگەی ئەو هونەرەوە پێگەیشتووە، هەوڵی ئەوە دەدات ئەو وشانەی دەنووسرێت کاریگەرییان بەسەر دەروونی خوێنەردا هەبێت و هەست بزوێن بن، هەتاکو ئێستاش نووسینی وشە بەهێزترین و کاریگەرترین کەرەستەی راگەیاندنە، چونکە لەهزری مرۆڤدا جێگیردەبێت و لەگەڵ هۆشیدا ئاوێتەدەبێت .(همام، ١٩٨٥، ل٦) نووسین گوزارشتێکی کۆمەڵایەتیی سەراپاییە و زمانەکەش تێکەڵاو و ئاڵۆزە، ملکەچی هەموو چالاکییە رۆشنبیرییەکانە لە زانست، هونەر، موزیك، هونەری شێوەکاریی و... هتد، هەروەها لایەنی رامیاریی، بازرگانیی، ئابووریی و بابەتە گشتییەکانە، لەمەدا دەردەکەوێ کە هونەری نووسین بە شێوەیەکی گشتیی هونەرێکی کردارییە و ئامانجی پەیوەندییکردن و گواستنەوەی بیروڕایە بۆ خەڵك، (شرف، ١٩٩١، ل٨٤) سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، دوای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانە و خستنەڕووی ئاکامەکانی لەلایەن نووسەرەوە، یان دەرخستن و پێشکەشکردنی بیروڕایەکی نوێ بە گۆشەنیگایەکی نوێوە. بەجۆرێك شتێکی نوێ بخاتە بەردەم خوێنەر و هانی بدات قوڵ بیربکاتەوە. (کرکوکی، ٢٠٠٨، ل٤)

هونەری نووسین دیدگای مرۆڤ خۆیەتی، بە شَیوەیەکی دارِێژراو وەك فاکتەری گواستنەوەی رووداو و پێشهاتەکانی دەوربەری مرۆڤ و جیهان بە گشتیی، بە مەبەستی گەیاندن و ئاشنابوونی خوێنەر بەو زانیارابیانەی کە پێشتر نەیبستووە یان نەیزانیووە.

٢- مێژووی هونەری نووسین:

نیگارەکانی ئەشکەوتی (چۆڤییت) لە فەرەنسا دۆزرانەوە، تەمەنی ئەو نیگارانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر. بەڵام تەمەنی نیگارەکانی (لاسکۆکس و ئەڵنامیرا نیوەی تەمەنی نیگارەکانی چۆڤیت دەبن، بەڵام دەبێ تەماشای ناوچەی بەپیتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکەین، بە تایبەتی ناوچەی میزۆپۆتامیا بۆ گەشتێکی درێژ و هەڵگرتنی زمانی قسەکردن، کە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین لەلایەن سۆمەریەکانەوە داهێنراوە، تابلۆی قوڕی بچوکی سێگۆشەیی، بازنەیی، خڕ و هێماکانی تر دروستکراون بۆ گەیاندنی (پێوەرەکانی دانەوێڵە و عەمباری نەوت و کاڵا بازرگانییەکانی تر). ئەو هێمایانە وەك چەند ناوەندێکی پاراستنی رێژەی کاڵاکان کە خزمەتی کۆمەڵگاکەیان کرد. بەمەبەستی گلدانەوەی سەرچاوەکان و دابەشکردنەوەیان بە سەر خەڵکدا وەك چەند هێمایەکی پلەدار و باڵای ئەندامە بژاردەکانی نێو کۆمەڵگە. سۆمەرییەکان لەسەر بەرد و پارچە ئاسن شتیان دەنووسی و تۆماریان دەکرد، وەکو مۆرێك بەکاریاندەهێنا و بە تابلۆ قوڕیینەکانیان دا دەدا، بۆ نموونە بە سووراحییەکی شەرابیانەوە دەنووساند، بەواتای خاوەنداریەتیی ئەم شێوە مۆرە بوو بە هۆی دروستکردنی مۆری لوولەیی، کە بەسەر تابلۆ قوڕیینە تەڕەکانیاندا دەدا بەدرێژایی تابلۆکە دەنووسا و، شێوازێکی تایبەتی وەردەگرت، وەك ئامێری چاپەمەنیی ئەو سەردەمە وا بوو. بە نزیکی ٣١٠٠ پ. ز. سۆمەرییەکان ژمارەیان داهێنا، هەندێ لە توێژەران پێیانوایە هەردوو نووسین و زانستی بیرکاریی بەیەکەوە سەریانهەڵداوە. ئێسك و پێستی ئاژەڵ، گەڵای دارخورما و پەلکی داربەڕوو، دار و شەمی بەرد و ئاسن، لوولپێچ، گوێچکەی ماسیی، مەڕ، ئاوریشم و لۆکە، بەردەسپیی و کڵپەی فیل. ئەمانە هەمووی بەکارهێنراون بۆ هەڵگرتن و پاراستنی یادگارییەکانی مرۆڤ.

(فانـگ، ٢٠٠٩، ل ١٨)

نووسـینی تـری میدیایـی لەسـەر تابلـۆی مسـی زەرد و کاغـەزی لەپێسـتە دروسـتکراو دەنووسرانـەوە (ئیلیـاد (IIiad) ی بـاس لـە پەیامـی نـووسراو لەسـەر دار دەکات، لـە سـەردەمی رۆمانـەکان دا، (شـەمی دار) بـۆ نووسـین بەکارهاتـووە. لەبەرئـەوەی شـەم گەرمدەکرێـت و دووبـارە خۆشـدەکرێتەوە، جارێکـی تـر بەکاریـان دەهێنایـەوە. مەرەکـەب و ئامێرەکانـی نووسـین زۆر پێـش سـەدەکانی مێـژوو هاتوونەتـە کایـەوە، خۆڵەمێشـی بـەر ئاگـردان کۆدەکرایـەوە، لەگـەڵ ئـاو هەنـدێ بنێشـتی سرووشـتیی لێنجـاوی رووەك تێکەڵدەکـران بـۆ بەرهەمهێنانـی مەرەکەبێکـی چـاك و پارچـە قامیشـێك، یـان کـەزی قـژی ئاژەڵێـك وەك پێنـووس بەکاردەهـات. زمانـی نووسـینی سیسـتەماتیك لەسـەردەمی سـۆمەرییەکان دەسـتیپێکرد کەقامیشـیان بەکاردەهێنـا بـۆ دروسـتکردنی هێـماکان لـە سـەر تابلـۆ قوڕیینـەکان. میسرییـە کۆنـەکان قامیشـێکیان لـە (دەلتا-چیـغ) ی رووبـاری نیـل دۆزیـەوە کـە پێیـان دەوت (پاپیـرۆس ). هەرئـەوە نەبـوو میسرییـەکان درکیـان بەسـوودی( پاپیـرۆس) کـرد، زۆربوونـی نووسـین لـە دوای بـە زانسـتیبوونی نووسـینەوە لەوێـوە دەسـتیپێکرد. (فانـگ، ٢٠٠٩، ل ٢٤) بناغـەی نووسـین دەگەرێتـەوە بـۆ پێـش مێـژوو، واتـە بـۆ ئـەو کاتـەی شـمەکە ئاڵوگۆڕکراوەکانیـان دەخسـتە نـاو قـوڕەوە بـە هەنـدێ هێـما نیشـانیان دەکرد.ئـەو هێمایانـە نیشـانەیەك بـوون بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو کاڵایـە بەهـای هەبێـت و لەبەرامبەریـدا شـتێك بدرێـت. بـۆ نموونـە برێـك گەنـم یـان هەرشـتێکی تـر، ئـەم کارانـە لـە راسـتییدا گرفتیـك بـوون بـۆ خسـتنەرووی کاڵاکـە بـەو رەمـزەی خاوەنەکـەی لەسـەری داینـاوە، ئـەو هێمایـە جـێ پەنچـە نەبـوون، بەڵکـو شـێوەیەك بـوو نکـە خاوەنەکـەی دەیناسـیینەوە. بەمجـۆرە یەکەمیـن نووسـین، یـان یەکەمیـن ئیمـزا هاتـە ئـاراوە، هەرچەنـدە لەوانەیـە هێنـدە گرنـگ نەبووبێـت، بـەڵام ئـەوە بە دەسـتپێکی نووسـین هەژماردەکـرێ. (پریرمـۆر، ٢٠٠٨، ل ٢٧)

مارشـاڵ ماکلۆهـان (Marshall mMcLuhan) پێیوایـە پەیوەندییکـردن بەچەنـد قۆناغێکـی مێژوویـی تێپەڕیـووە و، تەکنەلۆژیـای پەیوەندییکـردن فاکتەرێکـی سـەرەکیی بـووە لـە گۆڕانکاریـی لـە قوناغێکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر، لێـرەدا تیـۆری (ناچارێتیـی -حەتمەیەتـی- میدیایـی (Media Determinism) ناونـرا، واتـە ئـەو فاکتـەری میدیـای تەقەنییـە کـە بـە پلـەی یەکـەم وەرچەرخانـە مێژووییـەکان لێکدەداتـەوە و شـیاندەکاتەوە لـەڕووی پەیوەندیـی و بوارەکانـی تـری کارلێکـراوە. لـە زمانـی بێـژراوە دەسـت پێـدەکات، تاکـو دۆزینـەوەی نووسـین لـە ٣٠٠٠ سـاڵ پ ز، هەروهـا پەیوەندیکردنـی زارەکیـی لـەو قۆناغـەوە باوبـووە لەڕوانگـەی ماکلۆهـان دۆزینـەوەی نووسـین یەکەمیـن شۆڕشـی پەیوەندیکـردن بـووە. ئـەو شۆڕشـە توانـی زمانـی دووەم بدۆزێتـەوە، زمانـی هێـما و نووسـین، ئـەوە بـووە هـۆکاری ئـەوەی رێخۆشـکەر بێـت بـۆ تۆمارکردنـی شـارەزایی و ئەزمـوون و پشتبەسـتن بەپرنسـیپی کەڵەکەبـوون، لـە گەشـەی شارسـتانیی مرۆڤایەتیـی و ئـەو شۆڕشـە، لـە رووی کارکردنـە سـەر کۆمەڵـگا و گەشـەکردنی مێـژووی سـنووردارکرد. لەبەرئـەوەی تەنیـا کەمینەیەکـی خەڵـك ئـەو زمانەیـان دەزانیـی، ئامرازەکانـی گوێزانـەوە لەشـوێنك بـۆ شـوینێکی تـر سـنووردار بـوو، تەنهـا نووسـین و نەقـش هەڵکۆڵیـن لەسـەر بـەرد بـوو، بـەر لـەوەی ئامـڕازی وەك پشتبەسـتن بـە پێسـت و دار یـان گـەلای دار و دواتـر کاغـەز (Papyrus)پەیدابـوون. (عـزی، ٢٠١٢، ل ٢٠)

لـە کۆنـدا، سـوود لـە دوو شـێوەی چـاپ وەردەگیـرا، یەکێکیـان مـۆر بـوو کـە نووسـینەکەی بـەرز بـوو، ئەویتریـان بەنـاوی (پەتـرۆن) کـە نووسـینەکانی قەڵەیـی دەکـران. میسرییـە کۆنـەکان سـودیان لەپەتـرۆن وەردەگـرت بـۆ نووسـینی سـەر قەبـر و کێلـەکان. قەیسـەرەکان لەجیاتـی مـۆری خۆیـان پەترۆنیـان بەکاردەهێنـا. مـۆر لەسـەردەمی بابلییەکانـەوە بەکارهاتـووە، رۆمانـەکان وشـەیان بەپێچەوانـەوە دەنووسـیی لەکاتی چاپ دا و بە راسـتیی دەردەکـەوت و دەخوێنرایەوە

بـەم کارەشـیان دەوت «تێسـێرای سـیگناتۆریا (Tesseray Signatoria). هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی هونـەری چـاپ لـە مـاوەی شـەو و رۆژێـك نەبـووە، بەڵکـو پرۆسـەیەکی زۆر دوور و درێـژ بـووە. (سـەپان، ٢٠٠٨، ل١٦٧)

لـە بەرەبەیانـی مێـژوودا زمانـی نووسـین بـە یەکـەم هێـمای لەیەکگەیشـتن و پەیوەندیـی نێـوان مرۆڤـەکان دادەنرێـت، کـە بـووە بـە هـۆکاری گەشەسـەندنی کۆمەڵـگا لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان وئاڵوگـۆڕی دیـد و بۆچوونـەکان لـە پێنـاوی لەیەکترگەیشـتن و پـەرەدان بـە کاییەکانـی ژیـان.

٣- میدیای نوێ وەک میدیای سەردەم و هەژموondar (چەمک و پێناسە)

میدیـای نـوێ بریتییـە لـەو تـۆڕە بەرفراوانـەی لـە دەرئەنجامـی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا، بـە تایبەتیـی تەکنەلۆژیـای ئینتەرنێـت سـەریهەڵداوە. ئـەم تـۆڕە بەرفراوانـە لەیـەك کات دا توانیوویەتـی جۆرێکـی نـوێ لەمیدیـا بێنێتـە ئـاراوە، دەتوانیـن بڵێیـن نێوەندێکـە لەنێـوان کۆمیونیکەیشـنی سۆشـیاڵ و مـاس کۆمیونیکەیشـن دا. سـەبارەت بـە هاتنـە ئـارای میدیـای نـوێ لەگـەڵ هـەر جـۆرە پێشـکەوتنێکی تەکنەلۆژیـا، میدیـاش گۆڕانکاریـی بەسـەرداهاتووە، جـۆری مامەڵـەی خەڵکیـش لەگـەڵ میدیـا، گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، ئـەو پێشـکەوتنانەی لەگـەڵ تەکنەلۆژیـای کۆمونیکەیشـن دا بەتایبەتـی دوای سـاڵەکانی (٢٠٠٠) هاتنـە ئـاراوە، بـە تایبەتیـی ئـەو تـاك جەمسـەرییەی لـەدوای نەمانـی شـەڕی سـارد و جێگیربوونـی بنەماکانـی بەجیهانیبـوون هاتەئـاراوە، مامەڵەیەکـی تـری خەڵـك لەگـەڵ میدیاکانـدا بەئاڕاسـتەیەکی تـردا رۆیشـت. (عبدلفتـاح، ٢٠١٦، ل١٨). میدیـای نـوێ ئـەو تـۆڕە فراوانـەی تەکنەلۆجیـای ئینتەرنێتـە، کـە هەمـوو کۆمونیکەیشـنە ئۆنلایینـەکان کۆدەکاتـەوە کـە لـە دنیـای ئەمڕۆمـان دا، گەیشـتوونەتە هەمـوو شـوێن و ماڵێـك و بـوون بـە هـۆی پەیوەنـدی بەسـتن و وەرگرتنـی زانسـت و زانیاریـی و پردێکـن بـۆ رێـکلام و بازرگانییکـردن، میدیـای نـوێ (فەیسـبووك ، تویتـەر، ئینسـتاگرام، سـناپچات، سـکایپ، یوتـوب، یاهـۆ، لایـڤ چـات، گـوگڵ پلـەس و هتد..دەگرێتـەوە. ئـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـە پەیوەندیـی تاکـەکان و گەیشـتنیان بـە یەکـتر لەرێـی ئۆنلاینـەوە درووسـتدەکات) (الحمامـی، ٢٠٠٦، ل٤) .

٤- بنەماکانی میدیایی نوێ

میدیـای نـوێ بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە سـەرتا سـەری جیهـان بەکاردەهێنرێـت، بەردەوامیـش بەکارهێنەرانـی لـە هەڵکشـان دایـە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکارییـە خێرایانـەی بەسـەر شـێوازی بەکارهێنـان وکارئاسـانیی لـە کۆمپانیـا تایبەتمەندییەکانـی ئـەم بـووارە دەکرێـن. میدیـای نـوێ چەنـد بنەمایەکـی هەیـە کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:

١. میدیـای نـوێ هاوشـێوەبوون لەگـەڵ میدیـای کلاسـیك: لـە هەنـدێ رووەوە هاوشـێوەن و لـە هەندێکـی تـرەوە جیـاوازن، هەرچەنـدە جۆرەکانـی میدیـای نـوێ بـە هـۆی گەشـەی تەکنەلۆژیـا و سـەرهەڵدانی جـۆری نوێـوە، هەنـدێ لـە رەگـەز و پێکهینـەری لـە جۆریکـەوە بـۆ جۆرێکـی تـر جیـاواز بـن، بـەڵام بەگشـتییی کۆمەڵێـك بنەمـا هـەن، کـە لـە زۆربـەی جۆرەکانـی میدیـای نـوێ هاوشـێوەن.

٢.خێرایـی لـە گواسـتنەوەی زانیاریـی: بـە واتـای ئەبدەیـت و تازەکردنـەوەی بەردەوامـی زانیارییـەکان سـات بەسـات و دوای سـاتی رومالّـی میدیایـی، بـە جۆرێـك بتوانێـت لـە گـەڵ گوڕانکارییـە نـوێ و خێـراکان خـۆی بگونجێنێـت.

٣.رێزگرتـن لەخاوەندارێتیـی هزریـی: بەجۆرێـك کەناڵـە میدیـا نوێیـەکان ناتوانن پەیامـی میدیایی هییـچ دامەزراوەیەکی تـر بـە بـێ ئامـاژەدان بـە سـەرچاوەی زانیارییـەکان و راسـتگۆیی لە گـەڵ وەرگـر، بەکاربهێنن.

٤.دووبـارە ئاڵوگـۆڕی زانیاریـی: یەکێـك لـە خەسـڵەتەکانی میدیـای نـوێ ئاڵوگـۆڕی هـەواڵ و زانیاریـی و رووداو و بابەتـی جۆراوجـۆرە، لەنێـوان دەسـتگا میدیایـەکان و وەرگـر، لـە لایەکـی تـرەوە بـە مەبەسـتی بەردەوامیـی کاری

میدیایـی.

٥.جـۆر و جۆرایەتـی لـە ناوەڕۆكـی كەناڵەكـە: پەیـام لـە میدیاكانـی گشـتیی و تایبـەت و ئەلیكترۆنیـی و ئاسـمانیی (كـراوە، لوكاڵـی و جیهانـی) دابەشـدەكات.

٦.بەكارهێنانـی هەمـوو ئامرازێكـی گواسـتنەوەی زانیاریـی: ئـەم میدیایـە نوێیـە پشـت بـە كۆمپیوتـەر وماڵتـی میدیـا و مانگـی دەسـتكرد و ئینتەرنیـت دەبەسـتێت. (تالەبانـی، ریشـاوی و ، ٢٠٢٠، ل ٤٤)

٥- چەمكی میدیای ئەلیكترۆنیی:

میدیـای ئەلیكترۆنیـی ژمارەیەكـی زۆری پێگـە ئەلیكترۆنییـەكان لـە بـوارە جیاوازەكانـدا لـە خۆدەگرێـت، دەتوانێـت ناوەڕۆكـی پەیامەكانـی بگەیەنێتـە بەشـداربووانی ئینتەرنێـت لـە هـەركات و شـوێنێك دا بـن، چونكـە ئینتەرنێـت هۆیەكـی ئاسـانە بـۆ نووسـین كـە هـەر بەشـداربوویەك دەتوانێـت بـە ئاسـانیی بەشـدارییبكات لـە ڕێگـەی پرۆسـەی نووسـینەوە. (الشـعراوی: ٢٠٢٠، ل٥٣) میدیـای ئەلكترۆنیـی لـە ژیانـی ڕۆژانـەی تـاك و كۆمـەڵ دا گرنگیـی و تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە، چونكـە هەمـوو سـات و كاتێـك مـروڤ لـە كەمتریـن مـاوەدا ئـاگاداری پێشـهات و ڕووداوەكانـی ناوخـۆو جیهـان دەبێـت. بەهـۆی ئامێرەكانـی پەیوەندییكـردن و گەشـەكردنی تەكنەلۆژیـاوە بـە تایبـەت ئامێـری مۆبایلـی زیـرەك، لـەو ڕێگایـەوە هـەواڵ و زانیاریـی وەردەگـرێ و، لەهەمـان كات دا زەمینـەی ڕەخسـاندووە كـە هەركەسـێك بیـەوێ بیروبۆچوونـی خـۆی لـە بـارەی ڕووداوەكانـەوە بخاتـەڕوو و، دەتوانێـت لـە ڕێـگای كۆمێنـت نووسـینەوە بەشـدارییبكات.

دكتـۆر عیـماد بەشـیر سـەبارەت بـە میدیـای ئەلیكترۆنیـی دەڵێـت: «ئـەو ڕۆژنامەیـەی كـە سـیفاتەكانی ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی كاغـەزی لـێ بەدیدەكرێـت لـە ڕووی كاتـی دەرچـوون و هەمەڕەنگـی بابەتـەكان و بەكارهێنانـی هونەرەكانـی ڕۆژنامەوانیـی و، بوونـی بابەتـە ڕۆژنامەوانییـەكان لـە شـێوەی تێكسـتێكی ئەلیكترۆنیـی وەك ئـەوەی لـە ڕۆژنامـە كاغەزییـەكان دا هەیـە، لـە ئینتەرنێـت بەئاسـانیی دەسـت دەكەوێـت دوای ئـەوەی دەسـتكاری دەكـرێ و دووبـارە دابڕێژرێتـەوە. هەروهـا داواكـردن و گەنجیینەكردنـی (سـەیڤكردنی) وەك بابەتێكـی میدیـای نـوێ، یەكێكـی تـرە لـە جیاوازییـەكان و، هەروەهـا خێرایـی گەیشـتن بـە بابەتـە ڕۆژنامەوانییـەكان». (ئیبراهیـم و ڕەحـمان، ٢٠١٠، ل ٢٥-٢٩)

٦- فاكتەرەكانی گەشەكردنی میدیایی ئەلیكترۆنیی

میدیـای ئەلیكترۆنیـی لـە مـاوی تەمەنێكـی كورتیـدا، بەشـێوەیەكی زۆر خێـرا و بەرچـاو، گەشـەی زۆری بـە خۆیـەوە بینیـوە، ئـەو گەشـەكردنەش چەنـد فاكتـەری گرنـگ و سـەرەكیی هەیـە، كـە بـووە هـۆی ئـەوەی خێـرا لـە نێـو خەڵكـدا بڵاوبێتـەوە، گرنگترینیـان ئەمانـەن:

١- ئینتەرنێـت توانایەكـی زۆرتـری خستەبەردەسـت ڕۆژنامەوانـان، بەتایبەتیـش لـە پێشكەشـكردنی تێكسـت، وێنـە، دەنـگ، دەنـگ و ڕەنـگ، لـە یـەك كات دا

٢- درووسـتكردنی بەسـتەر لەسـەر دەق (تێكسـت) : ئـەو وشـانەی كـە پێویسـتییان بـە ڕوونكردنـەوەی زیاتـر هەیـە، ڕەنگـە لـەلای خوێنەرانـەوە ڕوون نەبـن .

٣- زۆر جار لەگەڵ هەواڵەكاندا، هەندێك هەواڵی پەیوەندییدار وگرنگ لەگەڵیدا دادەنرێت.

٤- ڕاگەیاندنی ئەلیكترۆنیی، سنووردار نییە و دەگاتە هەموو شوێنێك. (تالەبانی و ڕێشاوی، ٢٠٢٠، ل٩٤ )

٥- كەمی تێچووی دارایی لە كڕین و بەشدارییكردن لە بەرامبەر دەستخستنی ڕۆژنامە ئەلیكترۆنییەكان دا.

٦- بەهـۆی بڵاوکردنـەوەی بەردەوامیـی رووداو و نوێکردنـەوەی زانیارییـەکان لەسـەر ئینتەرنێـت بەدرێژایـی (٢٤) کاتژمێـر، وایکـردووە خوێنـەر نەتوانێـت چاوەڕێـی ڕۆژنامەیـەك بـكات، کـە ڕۆژانـە یـەك جـار دەردەچێـت.

٧- ئاسانکاریی لە راستکردنەوەی هەڵەکان و، دووبارە بڵاوکردنەوەی.

٨- ئاسـانیی لـە گەیاندنـی زانیارییـەکان بەشـێوەیەکی خێـرا، واتـا ڕۆژنامەگەریـی چاپکـراو بـەوە رانـاگات هەواڵەکـە بڵاوبکاتـەوە و بەهـای کات لەدەسـت دەدات.

٩- هەڵگرتـن و گەڕاندنـەوە (خـزن واسـترجاع)ی زانیارییـەکان، هەڵگرتنـی زۆرتریـن زانیاریـی و بوونـی ئەرشـیفخانە و کتێبخانـەی ئەلیکترۆنیـی گـەورە. (مسـعودی، ٢٠٠٥، ل١١٣)

بەشی سێیەم: بەشی کرداریی و مەیدانیی

توێـژەر دوای راوێـژ لەگـەڵ سەرپەرشـتیاری توێژینەوەکـە و دانـان و فۆڕمەڵەکردنـی پرسـیارەکانی نـاو خشـتەکانی ئـەم توێژینەوەیـە و پوختکردنەوەیـان بەپێـی ئـەو زانیاریيانـەی کـە پێویسـت بـوو لـەم توێژینەوەیـە، توێـژەر بـگات بـە وەڵامـە راسـتەکان و دەرخسـتنی ئەنجامـەکان. دوای وەرگرتنـی بۆچـوون و هەڵسـەنگاندنی هـەردوو فۆڕمـی ئامادەکـراوی (راپرسـیی و شـیکاریی نـاوەڕۆك) فۆرمـی راپرسـیی لەلایـەن پسـپۆڕان و شـارەزایان و بەهەنـد وەرگرتنـی تێبینیەکانیـان و دەسـتکاریکردنی زانیاریـی نـاو هـەردوو فۆڕمەکـە. فۆڕمـی یەکـەم کـە تایبـەت بـوو بـە راپرسـیی بـۆ ئـەو میدیاکارانـەی کـە کاری نووسـین و دارشـتن دەکـەن لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان، بەتایبەتـی هـەردوو ماڵپـەڕی (Pukmedia-Speda) .

دابەشـکردنی(١٠١)فۆڕم بەسـەر میدیاکارانـی سـامپڵ لـە هـەردوو پاریزگای سـلێمانی و هەولێـر (٩٤) فـۆڕم وەرگیراییەوە (٨٢) فـۆڕم بـێ کـەم و کـووڕی و بوون.(فۆڕمـی شـیکاری ناوەڕۆك)کـە بنەمـای سـەرەکیی بـوو بـۆ کۆکردنـەوەی ئـەو زانیاریيانـەی لەفۆڕمەکـەدا هاتـووە، وەرگرتنـی داتـاکان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەمـاوەی وەڕگیـراو لـە( ١-١٠-٢٠٢١- تـا٣١-١٢-٢٠٢١) شـیکردنەوەی تـەواوی ئـەو پرسـیار و داتایانـەی کـە مەبەسـت بـوون کۆکرایـەوە و، لـە خشـتەکانی شـیکاری نـاوەڕۆك و راپرسـیی خراونەتـەڕوو.

خشـتەی ژمـارە (١) : راسـتی جێگیـری (مقیـاس کرونبـاخ ئەلفـا) بـۆ هەریـەك لەپێـوەرەکان بەشـێوەیەکی گشـتیی، دەردەکەوێـت بەهـای جێگیریـی بـە شـێوەیەکی گشـتیی بـۆ هەمـوو پێـوەرەکان بـە رێگـەی (مقیـاس کرونبـاخ ئەلفـا) دەکاتـە (٠,٨٠٣) کـە بـە بەهایەکـی بـاش دادەنێرێـت، ئاماژەیـە بـۆ جێگیـری پێـوەرەکان .

خشتەی (١) :

راستیی جێگیریی (مقیاس کرونباخ ئەلفا)

| تەوەرەکان | ژمارەی پرسیارەکان | ئەنجام |
|---|---|---|
| بەهای جێگیریی (مقیاس کرونباخ ئەلفا) | 10 | 0.803 |

داتـاکان، لـە رێـی پرسـیار و وەڵامەکانـی راپرسـییەکەوە، پۆلێنێکـی بابەتیـی کـراون ،کـە بتوانـن رەهەندەکانـی ئـەم توێژیینەوەیـە دیاریبکـەن. ئـەو پۆلێنانـەش لـە خشـتەی تایبەتـدا ناونیشـانکراون و بەهـا ئامارییەکانـی ئـەو شـیکارکردنە خراونەتـەڕوو و، لـە هەمـان کاتـدا، دەرئەنجامەکانـی لێکدراونەتـەوە. پۆلێنکردنـەکان بەمجـۆرەن:

١.ڕەگەزە بەشداربووەکانی ڕاپرسییەکە، وەک نموونە پشکنینی توێژینەوەکە

خشـتە (٢) کـە تایبەتـە بـە (ڕەگـەز) ی بەشـداربووانی ئـەم توێژینەوەیـە نیشـاندەدات، کـە تێیـدا ئـەوە ڕوونکراوەتـەوە کـە (٨٢) نووسـەر و هەواڵسـاز لـە هـەر دوو ڕەگـەز بەشـداربوون لـەم توێژینەوەیـەدا، کـە ڕێـژەی ڕەگـەزی (نێـر) تێیـدا زۆرتـرە و بـە پلـەی یەکـەم هاتـووە کـە بریتیـن لـە (٤٨) کـەس بـە ڕێـژەی (٥٨,٥٣٪)، پاشـان ڕەگـەزی مـێ بـە پلـەی دووەم هاتـووە کـە بریتیـن لـە (٣٤) کـەس بـە ڕێـژەی (٤١,٤٦ ٪). سـەرئەنجام بـە پـێ ئـەم خشـتەی سـەرەوە دەرکەوتـووە کـە ڕەگـەزی نێـر زۆرتـرن لـە ڕەگـەزی مـێ لـە میدیـادا، ئەمـەش ئـەوە ڕووندەکاتـەوە، کـە ڕێـژەی ڕەگەزی نێـر زیاتـر لـە ڕەگـەزی مێینـە لـە کاری نووسـین لەمیدیـای ئەلیکترۆنیـی دا کاردەکـەن.

خشتەی (٢) : ڕەگەز سامپڵی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | دووبارەبووەکان | ڕیژەی سەدیی |
|---|---|---|
| نێر | 48 | ٪58.53 |
| مێ | 34 | ٪41.46 |
| کۆی گشتییی | 82 | ٪100 |

٢.شوێنی کارکردنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

خشـتە (٣) کـە تایبەتـە بـە شـوێنی کارکردنـی بەرتوێـژەران کـە تێیـدا دەردەکەوێـت زۆرینـەی بەرتوێـژەران ئەوانـەن لـە (دەسـتگای میدیـای حـزب دا کاردەکـەن، کـە بریتییـن لـە (٤٦) بەرتوێـژەر بـە ڕێـژەی (٥٦,٠٩٪) کـە بـە پلـەی یەکـەم هاتـووە، پاشـان (دەسـتگا میدیـای ئەهلیـی) بـە پلـەی دوووەم دێـت، کـە بریتیـن لـە (١٧) بەرتوێـژەر بـە ڕێـژەی (٢٠,٧٣٪)، دواتر(میدیـاکاری ئـازاد) کـە بریتیـن لـەو میدیاکارانـەی کـە بەشـێوەیەکی فەرمیـی سـەر بـە هییـچ دەسـتگایەکی میدیـا نییـن، بەڵکـو کاری ئـازاد دەکـەن، لـەم ڕاپرسـییەدا بەشـداربوون بـە پلـەی سـێیەم دێـن کـە بریتیـن لـە (١٦) بەرتوێـژەر بـە ڕێـژەی (١٩,٥١٪) پاشـان (دەسـتگای میدیایـی حوکومیـی) هاتـووە کـە بریتیـن لـە (٣) بەرتوێـژ بـە پلـەی چـوارەم و کۆتایـی بـە ڕێـژەی (٣,٦٥٪) .بـە پێـی ئـەم خشـتەی سـەرەوە دەرکەوتـووە کـە بەرتوێـژەران زۆرینەیـان لـە (دەسـتگای میدیـای حزبـی) کاردەکـەن وەك نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس.

خشتەی (٣) : شوێنی کارکردن سامپڵی توێژینەوەکە

| شوینی کارکردن | دووبارەبوونەوەکان | ڕیژەی سەدیی |
|---|---|---|
| دەستگای میدیای حزبیی | 46 | ٪56.09 |
| دەستگای میدیای حوکومیی | 3 | ٪3.65 |
| دەستگای میدیای ئەهلیی | 17 | ٪20.73 |
| میدیا کاری ئازاد | 16 | ٪19.51 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٤-ساڵی خزمەت و کارکردنی بەشداربووان لە بواری رۆژنامەنووسیی میدیایی

خشتە (٤) کە تایبەتە بە ساڵەکانی کارکردنی میدیایی کە تێیدا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی ساڵەکانی کارکردنی میدیایی بریتییە لە (٦ تا ١٠ ساڵ) کە بریتین لە (٤٨) بەرتوێژ بە رێژەی (٥٨,٥٣٪) بە پلەی یەکەم دێت، پاشان (١ تا ٥ ساڵ) بە پلەی دووەم دێت کە بریتیین لە (٢٧) بەرتوێژ بە رێژەی (٣٢,٩٢٪) هەروەها (١١ ساڵ و زیاتر) بە پلەی سێیەم و کۆتایی دێت کە بریتین لە (٧) بەرتوێژ بە رێژەی (٨,٥٤)، بە پێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت ساڵەکانی کارکردنی نووسەران و هەواڵسازانی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە زۆربەیان ساڵی خزمەتیان بریتییە لە (٦ تا ١٠ ساڵ)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرتوێژەران خاوەنی خزمەت و ئەزموونی کارکردنن.

خشتەی ژمارە (٤) : ساڵەکانی کارکردن سامپڵی توێژینەوەکە

| ساڵەکانی کارکردنی میدیایی | دووبارە بوونەوەکان | رێژەی سەدیی |
| --- | --- | --- |
| ١ تا ٥ ساڵ | 27 | ٪32.92 |
| ٦ تا ١٠ ساڵ | 48 | ٪58.53 |
| ١١ ساڵ و زیاتر | 7 | ٪8.53 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٥-بڕوانامەی بەشداربووانی راپرسییەکە

خشتە (٥) کە تایبەتە بە بڕوانامەی بەرتوێژەران تێیدا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی بڕوانامە بریتییە لە (دیپلۆم یا بەکالۆریۆس) کە بریتین لە (٤٧) بەرتوێژ بە ڕێژەی (٥٧,٣١٪) بە پلەی یەکەم دێت، پاشان هەڵگرانی بڕوانامەی (خوێندنی باڵا) دێن کە بریتین لە (٢٩) بەرتوێژ بە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (٣٥,٣٦٪)، دواتر هەڵگرانی خاوەن بڕوانامەی (ناوەندیی یا دواناوەندیی) بە پلەی سێیەم دێن کە بریتین لە (٦) بەرتوێژ بە رێژەی(٧,٣١٪)، پاشان هەڵگرانی خاوەن بڕوانامەی (سەرەتایی) بە پلەی چوارەم و کۆتایی دێن. بەپێ ئەم ئەنجامانەش بێت زۆرینەی بەرتوێژەران هەڵگری بڕوانامەی (خوێندنی باڵا)ن کە بریتییە لە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، بەم پێیەش بێت زۆرینەی نووسەران و هەواڵسازانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە شارەازا و پیسۆڕن لە بوارە جیاجیاکان دا.

خشتەی (٥) : بڕوانامە سامپڵی توێژینەوەکە

| بڕوانامە | دووبارە بوونەوەکان | رێژەی سەدیی |
| --- | --- | --- |
| سەرەتایی | 0 | ٪0.00 |
| ناوەندیی یان دواناوەندیی | 6 | ٪7.31 |
| دیپلۆم و بەکالۆریۆس | 47 | ٪57.31 |
| خویندنی باڵا | 29 | ٪35.36 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٦-شوێن یان کەناڵەکانی کارکردنی بەشداربووانی راپرسییەکە

خشــتە (٦) کــە تایبەتــە بــە کەناڵــی کارکــردن کــە تێیــدا دەردەکەوێــت بەرزتریــن ئاســتی کەناڵــی کارکــردن بریتییــە لە(ســایت) کــە بریتیــن لــە (٤٧) بەرتوێــژ کــە تێیــدا پلــەی یەکەمــی بەدەســتهێناوە بــە رێــژەی (٥٧,٣١٪)، پاشــان کەناڵــی (تەلەفزیــۆن) وەك شــوێنی کارکردنــی بەرتوێــژەران دێــت کــە بریتیــن لــە (١١) بەرتوێــژ کــە پلــەی دووەمیــان بەدەســتهێناوە بــە رێــژەی (١٣,٤١٪)، دواتــر کەناڵــی کارکردنــی (رۆژنامــە یــا گۆڤــار) بــە پلــەی ســێیەم دێــت کــە بریتیــن لــە (٩) بەرتوێــژ بــە رێــژەی (١٠,٩٧٪)، ئینجــا ئیزگــەی (رادیــۆ) بــە پلــەی چــوارەم دێــت کــە بریتیــن لــە (٨) بەرتوێــژ بــە رێــژەی (٩,٧٨٪)، دواتــر (میدیــاکاری ســەربەخۆ) دێــت بــە پلــەی پێنجــەم و کۆتایــی دێــن کــە بریتیــن لــە (٧) بەرتوێــژ بــە رێــژەی (٨,٥٣٪)، هەروەهــا لــە لــە کاتێکــدا بەپێــی رێــژەی کارکردنــی نووســەران و هەواڵســازان لــە کەناڵەکانــی راگەیانــدن (ســایتی ئەلیکترۆنییەکان)لــە پلــەی یەکەمــە، بــەڵام کەناڵەکانــی تریــش هەریەکیــان ماڵپەڕیــان هەیــە بەشــێك لــە بابــەت و نووســینە گرنگــەکان لــە ماڵپەڕەکانیــان بڵاودەکەنــەوە، لــەم توێژینەوەیــەدا تەنیــا بیروبۆچوونــی ئــەو میدیاکارانــە وەرگیــراوە کــە لــە ماڵپــەڕە ئەلیکترۆنییــەکان کاری نووســین و داڕشــتن دەکــەن.

خشتەی (٦) : کەناڵی کارکردن سامپڵی توێژینەوەکە

| کەناڵی کارکردن | دووبارە بوونەوەکان | رێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| سایت | 47 | ٪57.31 |
| تەلەفزیۆن | 11 | ٪13.41 |
| رادیۆ | 8 | ٪9.78 |
| گۆڤار و رۆژنامە | 9 | ٪10.97 |
| میدیاکاری سەربەخۆ | 7 | ٪8.53 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٧- سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیایی ئەلیکترۆنیی کوردیی دا

خشــتە ژمــارە (٧) روونیدەکاتــەوە شــیکردنەوەی (سروشــتی هونــەری نووســین لــە داڕشــتنی پەیامــی میدیایــی ئەلیکترۆنیــی کوردیــی دا)، دەریدەخــات هەریەکــە لــە (دووبارەبوونــەوەکان و رێــژەی ســەدیی و ناوەنــدی ژمارەیــی و لادانــی پیێوانەیــی و گرنگیــی رێژەیــی بــۆ هــەر پرســیارێك کــە تایبەتــە بــە توێژینەوەکــە) بــۆ پێــوەری (زۆر لەگەڵیــدام، لەگەڵیــدام، دڵنیانیــم، لەگەڵیــدا نیــم، زۆر لەگەڵیــدا نیــم) کــە (١٠) پرســیار لــە خــۆی دەگرێــت، دەردەکەوێــت رێــژەی (زۆر لەگەڵیــدام) بریتییــە (٢١,٣٤٪) هەروەهــا رٍێــژەی (لەگەڵیــدام) بریتیــە لــە (٢٦,٧١٪) هەروەهــا رٍێــژەی (دڵنیانیــم) بریتیــە لــە (١٧,٤٤٪) لــە کاتێکــدا رێــژەی (لەگەڵیــا نیــم) دەکاتــە (٢٠,١٢٪) هەروەهــا رێژەی(زۆرلەگەڵیــا نیــم) دەکاتــە (١٤,٣٩٪). کــۆی راپرســییەکە بــە ناوەنــدە ژمێــرەی ( ٣,٢٠٪) و لادانــی پێوانەیــی (١,٣٦٪) و بــە رێــژەی (٦٤٪) و ئەنجــامی راپرســییەکەش بــە ( دڵنیانیــم) کەوتوۆتــەوە.

بەگوێــرەی ئەنجامــی یەکــە بــە یەکــەی پرســیارەکانی راپرســییەکەوە، ئەنجامــەکان جیــاواز کەوتوونەتــەوە وەک لــە خشــتەکەدا دیــارن. پرســیاری (یەکخســتنی زمانــی نووســین و داڕشــتنی پەیامــە میدیاییــەکان لــە ســایتە ئەلیکترۆنییــە کوردییەکانــدا، بــە یــەك شــێواز، کارێکــی زۆر پێویســتە) لــە پلــەی یەکــەم دێــت بــە  نێوەنــدی ژمێرەیــی (٤,٠٨) کــە

گرنگیـی ژمێرەییەکـەی (٨١,٦٪) و بەرزترینـە لەنـاو هەمـوو پرسـیارەکانی تـردا و رییزبەندیـی یەکەمـی وەرگرتـووە و، ئەنجامـی راپرسـییەکەش بـە (لەگەڵیـدام) کەوتۆتـەوە، وادەردەکەوێـت، کـە وەرگـری پەیامـەکان هەسـت بـە پـەرت و بـڵاوی لەزمانـی نووسـین دا دەکـەن، بـەم ئەنجامـەش بەرتویـژان بـە پێویسـتیی دەزانـن یەکخسـتنی زمـان پێویسـتە. بـەڵام پرسـیارەکانی:

(لــە ســایتە ئەلیکترۆنییــە کوردییەکانــدا، پێویســتە هــەردوو شــێوەزاری کرمانجــی باشــوور و کرمانجــی باکــوور بەکاربهێنرێـت) و (لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا زمانێکـی نووسـینی یەکگرتـوو نیـە) و (بەکارهێنانـی هەندێك دەسـتەواژەی نامـۆ لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، بووەتـە هـۆی پەرتکردنـی زمانـی کـوردی و تۆخکردنـەوەی ناوچەگەرێـت). کـە ناوەنـدە ژمێرەییەکانیـان (٣,٦٢,٣,٦٧,٣٨٥) یـەک لـە دوای یـەک و راپرسـییەکانی ئـەم سـێ پرسـیارە لـە رییزبەندیـی (٤,٣,٢)دا دێـن، هەرسـێکیان هەمـان ئەنجامـی رییزبەندییـە یەکەمەکەیـان بەدەسـتهێناوە و (لەگەڵیـدام). ئـەم چـوار پرسـیارەی یەکـەم یـەک بابەتییـان هەیـە کـە نیگەرانیـی و پەرۆشـییە لـە هەمـان کاتـدا، بـۆ بەکارهێنانـی زمانێکـی نووسـینی یەکگرتـوو و، بەکارهێنانـی هـەردوو کرامنجیـی باکـوور و باشـوور لـە سـایت و میدیـای کوردیـی دا.

پرسـیارەکانی (لەسـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، رێنمایـی پێویسـت دەدەرێتـە نووسـەر و هەواڵسـازەکان، بـۆ شـێوازی دارشـتنی پەیامەکانیـان)،( لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، زمانـی ئەدەبیـی زاڵـە بەسـەر نووسـین، زیاتـر لـە زمانـی میدیایـی)، (لـە شـێوازی دارشـتنی پەیامـە میدیاییـەکان لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، ئایدیـا و فەلسـەفەی سیاسـی سـایتەکە رەنـگ ناداتـەوە) ، ( سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان بوونەتـە هـۆی گەشـەدان بـە زمانـی کـوردی) کـە گرووپـی چـوار پرسـیاری تـرن کـە ناوەنـدە ژمێرەییەکانیـان (٢,٦٢,٢,٨٥,٢,٩٨,٣,٢٣) ن و وەک رییزبەندیـی (٨,٧,٦,٥) دان بـەڵام ئەنجامـی راپرسـییەکەیان (دڵنیانیـم)، ئەگەرچیـی سـێ پرسـیاری یەکەمیـان بـاس لـە زاڵێتیـی سیاسـەتی میدیـا ئـەکات بەسـەر نووسـەر و میدیاکارەکانـی دا، هـەر لـە زمانـی نوسوسـین هەتـا فەلسـەفەی نووسـین بـە پێـی رێنمایـی سـایتەکە دادەرێژرێـت، لەمـەدا ئەنجامـەکان گونجـاون کاتێـک بەرتوێـژ ئـاگای لـەوە نییـە چـۆن ئـەو سـایتە بەڕیوەدەچێـت و سیاسـەتی چۆنـە. هەرچـی چوارەمیشـە لـەم گرووپـە، کـە پێوەسـتە بە گەشـەکردنی زمانـی کوردییـەوە، دیسـانەوە بەرتوێـژەکان لایـان ئاسـان نییـە ئـەو جووڵـە زمانەوانییـە بەدیبکـەن لـە سـایتێکەوە بـۆ سـایتێکی تـر، دیسـانەوە ئەنجامەکـە زۆر گونجـاوە کـە ئـارای سـەرنج و تێگەیشـتنی درووسـت پیشـاندەدات کـە نازانـن و دڵنیانییـن.

دەمێنێتــەوە، دوو پرســیاری کۆتایــی (بەکارهێنانــی دەســتەواژەی عەرەبــی و ئینگلیــزی لــە ســایتە ئەلیکترۆنییــە کوردییەکانـدا، دەبێتـە هـۆی دەوڵەمەندکردنـی زمانـی کـورد.) بـە ناوەندەژمێرەیـی (٢,٥٨) و (لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا رەچـاوی رێنـووس و خاڵبەندیـی دەکرێـت)، بـە ناوەندەژمێرەیـی (٢,٥٣) کـە هەردووکیـان ئەنجامەکانـی (لەگەڵیدانیـم) و لـە رییزبەندیـی (١٠,٩)دان یـەک لـەدوای یـەک. بەرتوێـژان زاییـنـن کـە نووسـینی سـایتەکان پڕبکرێـن بـە دەسـتەواژە و زاراوەی زمانـی تـری وەک ئینگلییزیـی و عەرەبیـی لەپـای ئـەوە کـە ئاسـتی تێگەیشـتن و شـلێتیی هـەواڵ و باسـەکان کەمدەکاتـەوە بـۆ خوێنـەر یـان بیسـەر. لـە دووایـن پرسـیاردا، بەرتوێـژەکان بـە وردییـەوە وەڵام دەدەنـەوە کـە خاڵبەندییـو رێنـووس کێشـەیەکی گەورەیـە لـە میدیـای کوردیـی دا و پێیـان وا نییـە کـە بایـەخ بـەو لایەنـە گرنگـەی نووسـین درابێـت.

خشتەی (٧) : ئەنجامە ئامارییەکانی ڕاپرسییەکان سەبارەت بە سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیی دا

| پرسیارەکان | زۆر لەگەڵیدام Fr. % | لەگەڵیدام Fr. % | دڵنیا نیم Fr. % | لەگەڵیدا نیم Fr. % | زۆر لەگەڵیدا نیم Fr. % | ناوەندە ژمارەیی Mean | لادانی پیوانەیی S.D | ڕێژەی گرنگی | ئەنجامەکان | ڕیزبەندیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکخستنی زمانی نووسین و داڕشتنی پەیامە میدیاییەکان لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە یەك شێواز، کارێکی زۆر پێویستە. | 43<br>52.44 | 18<br>21.95 | 11<br>13.41 | 5<br>6.10 | 5<br>6.10 | 4.08 | 1.21 | 81.6 | لەگەڵیدام | 1 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، پێویستە هەردوو شێوەزاری کرمانجی باشوور و کرمانجی باکوور بەکاربهێنرێت. | 30<br>36.59 | 30<br>36.59 | 8<br>9.76 | 8<br>9.76 | 6<br>7.32 | 3.85 | 1.23 | 77 | لەگەڵیدام | 2 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا زمانێکی نووسینی یەکگرتوو نیە. | 35<br>42.68 | 17<br>20.73 | 4<br>4.88 | 20<br>24.39 | 6<br>7.32 | 3.67 | 1.42 | 73.4 | لەگەڵیدام | 3 |
| بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەی نامۆ لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بووەتە هۆی پەرتکردنی زمانی کوردی و تۆخکردنەوەی ناوچەگەرێتی. | 29<br>35.37 | 23<br>28.05 | 9<br>10.98 | 12<br>14.63 | 9<br>10.98 | 3.62 | 1.38 | 72.4 | لەگەڵیدام | 4 |
| لەسایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ڕێنمایی پێویست دەدەرێتە نووسەر و هەواڵسازەکان، بۆ شێوازی دارشتنی پەیامەکانیان. | 12<br>14.63 | 25<br>30.49 | 20<br>24.39 | 20<br>24.39 | 5<br>6.10 | 3.23 | 1.16 | 64.6 | دڵنیا نیم | 5 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، زمانی ئەدەبی زاڵە بەسەر نووسین، زیاتر لە زمانی میدیایی. | 5<br>6.10 | 28<br>34.15 | 15<br>18.29 | 29<br>35.37 | 5<br>6.10 | 2.98 | 1.09 | 59.6 | دڵنیا نیم | 6 |
| :لەشێوازی دارشتنی پەیامە میدیاییەکان لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ئایدیا و فەلسەفەی سیاسی سایتەکە ڕەنگ ناداتەوە. | 5<br>6.10 | 21<br>25.61 | 29<br>35.37 | 11<br>13.41 | 16<br>19.51 | 2.85 | 1.19 | 57.0 | دڵنیا نیم | 7 |
| سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بوونەتە هۆی گەشەدان بە زمانی کوردی. | 4<br>4.88 | 26<br>31.71 | 10<br>12.20 | 19<br>23.17 | 23<br>28.05 | 2.62 | 1.32 | 52.4 | دڵنیا نیم | 8 |
| بەکارهێنانی دەستەواژەی عەرەبی و ئینگلیزی لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی. | 9<br>10.98 | 12<br>14.63 | 19<br>23.17 | 20<br>24.39 | 22<br>26.83 | 2.58 | 1.32 | 51.6 | لەگەڵیدا نیم | 9 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ڕەچاوی ڕێنووس و خاڵبەندیی دەکرێت. | 3<br>3.66 | 19<br>23.17 | 18<br>21.95 | 21<br>25.61 | 21<br>25.61 | 2.53 | 1.21 | 50.6 | لەگەڵیدا نیم | 10 |
| کۆی گشتیی | **175<br>21.34** | **219<br>26.71** | **143<br>17.44** | **165<br>20.12** | **118<br>14.39** | **3.20** | **1.36** | **64.10** | دڵنیا نیم | **١-١٠** |

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەی خشتەی (٧)، بەپێی ئەم مەودایانەی لە خشتەی (٨) دایە پێوانەیان بۆکراوە:

خشتەی (٩) ئەنجامی ڕاپرسییەکان

| ئەنجام | کێش | پێوەر |
|---|---|---|
| زۆر لەگەڵیدام | 5 | 5.00-4.30 |
| لەگەڵیدام | 4 | 4.20-3.50 |
| دڵنیا نیم | 3 | 3.40-2.70 |
| لەگەڵیدا نیم | 2 | 2.60-1.90 |
| زۆر لەگەڵیدا نیم | 1 | 1.80-1.00 |

٨-ژانرەکانی هونەری نووسین، سامپڵی هونەریی توێژیینەوەکە

لەخشتەی (٨)کە سەبارەت بە ژانرەکانی هونەری نووسینە، تێیدا (هەواڵ) لەماڵپەڕی (Pukmedia)، بە ڕێژەی (٩٦,٠١٪)، بە پلەی یەکەم دێت لە رووی گرنگییدانی ماڵپەڕەکە بە ژانری هەواڵ، لەبەرئەوەی خودی ماڵپەڕەکە هەواڵییە، دووبارەبوونەوەی هەواڵ لەم خشتەیە (٣٥٩١) پاشان ژانری (وتاری رۆژنامەنووسیی) پلەی دووەمە بە ڕێژەی (١,٩٥٪) دێت، کە دووبارەکەی (٧٣) وتارە لەماوەی وەرگیراوی سامپڵی توێژینەوەکە، دواتر (راپۆرتی رۆژنامەوانیی) بە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (١,٤٧٪) دێت، کە دووبارەبوونەکەی راپۆرت (٥٥)، پاشان (چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیی) بە پلەی چوارەم و بە ڕێژەی (٠,٥٦٪) دێت، کە دووبارەبوونەکەی (٢١) چاوپێکەوتنە. کۆتا ژانری رۆژنامەوانیی بریتییە لە (بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی) کە بە پلەی (٥) دێت بە ڕێژەی (٠,٠٠)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ماڵپەری ناوبراو بەهیچ جۆرێك لە ماوەی سامپڵی وەرگیراو ژانری (بەدواداچونی رۆژنامەنووسیی) جێبەجێنەکراوە. وەك لە خشتەکە دەردەکەوێ، کۆی گشتیی ژانرەکانی رۆژنامەوانیی لە ماوەی سامپڵی وەرگیراو بریتیە لە (٣٧٤٠) ژانری هونەری نووسین.

لە خشتەی ژمارە (٩) لە خشتەکەدا تایبەت بە ماڵپەری بە ماڵپەڕی (Speda TV)، کە تێیدا ژانرەکانی هونەری نووسین جیاکراونەتەوە بەم شێوەیە: ژانری (هەواڵ) بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٩٦,٥٨ ٪) دێت، لە رووی گرنگییپێدانی ماڵپەڕەکە بە هەواڵ کە تێیدا هەواڵ (٩٦١) دووبارەبوونەوەی تێدایە، دواتر ژانری (وتاری رۆژنامەنووسیی) بە پلەی دووەم هاتووە بە ڕێژەی (٣,٤١٪) کەتێیدا وتارەکان (٢١) جار دووبارەبوونەتەوە. پاشان هەر یەك لەژانرەکانی (راپۆرت، بەدواداچوون، چاوپێکەوتن) دێن بە ڕێژەی (٠,٠٠) کە ئەمەش دەرخەری ئەو ئەوەیە کە ماڵپەڕی ناوبراو هییچ یەکێك لەو ژانرانەی بەکارنەهێناوە، لە بەرئەوەی ماالپەڕکە تایبەتە بە تەلەفزیونیی (Speda TV)، گرنگیی بە بابەتی ژانرەکانی هونەری نووسین نەداوە، تەنها (راپۆرت، چاوپێکەوتن، بەدواداچوون) بەشێوەی ڤیدیۆی لەماڵپەڕەکە بوونیان هەیە، وە کۆی گشتیی ژانرەکانی هونەری نووسین لە ماڵپەری (Speda TV)، بریتییە لە (٩٩٥) ژانری هونەری نووسین.

خشتەی (٩) ژانرەکانی هونەری نووسین، سامپڵی توێژینەوەکە

| سایتی ئەلیکترۆنیی / ژانرەکانی هونەری نووسین | Pukmedia | | | Speda TV | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی | دووبارە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
| هەواڵ | 3591 | 96.01 | 1 | 961 | 96.58 | 1 |
| وتاری رۆژنامەوانیی | 73 | 1.95 | 2 | 34 | 3.41 | 2 |
| راپۆرتی رۆژنامەوانیی | 55 | 1.47 | 3 | 0 | 0.00 | ---- |
| بەدواداچوون | 0 | 0.00 | ---- | 0 | 0.00 | ---- |
| چاوپێکەوتن | 21 | 0.56 | 4 | 0 | 0.00 | ---- |
| کۆی گشتیی | 3740 | 100 | | 995 | 100 | |

٩-جۆرەکانی هەواڵی میدیایی

لـە خشـتەی ژمـارە (١٠) کـە تایبەتـە بـە جـۆری هەواڵـەکان، لەماڵپـەڕی (Pukmedia)، هەواڵـی سیاسـیی بـە پلـەی یەکـەم دێـت بـە ڕێـژەی (٤٢,٦٠ ٪) بـە دووباربوونـەوە (١٥٣٠) هـەواڵ لـە مـاوەی وەرگیرانـی سـامپڵی توێژینەوەکـە، دواتـر هەواڵـی ئابووریـی بـە پلـەی دووەم بـە ڕێـژەی (١٣,٢٨٪) دێـت و بـە دووبارەبوونـەوەی (٤٧٧)،پاشـان هەواڵـی تەندرووسـتیی بـە پلـەی سـێیەم و بـە ڕێـژەی (١٠,١٠٪) هاتـووە و، بـە دووبارەبوونـەوەی (٣٦٣) هـەواڵ لـە مـاوەی وەرگیـراوی سـامپڵی تویژنەوەکـە کـە لەمـاوەی دیاریکـراودا، نەخوشـی کرۆنـا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەربڵاوبـوو، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە ماڵپـەڕی (Pukmedia) گرنگیـی بـە هەواڵـی تەندرووسـتی داوە سـەرەڕای هەواڵەکانـی تـر، ئینجـا هـەر یـەك لـە هەواڵـی ئەدەبیـی و هونـەری بـە پلـەی چـوارەم و بـە ڕێـژەی (٥,٠١٪) هاتـوون بـە دووبارەبوونـەی (١٨٠) هـەواڵ، دواتـر بـە پلـەی پێنجـەم هەواڵـی کۆمەڵایەتیـی بـە ڕێـژەی (٤,٨٤ ٪) هاتـووە بـە دووبارەبوونـەوەی (١٤٧) هـەواڵ و بـە پلـەی شەشـەم هەواڵـی ڕۆشـنبیریی بـە ڕێـژەی (٤,٦٨ ٪) بـە دووبـارە بوونـەوەی (١٦٨) هـەواڵ  و، بـە پلـەی حەوتـەم هەواڵـی زانسـتیی بـە ڕێـژەی (٣,٧٥ ٪) دێـت بـە دووبارەبوونـەوەی (١٣٥) هـەواڵ و بـە پلـەی هەشـتەم هەواڵـی وەرزشـیی دێـت بـە ڕێـژەی (٢,٣٣ ٪) بـە دووبـارەی (٢٦) هاتـووە، کۆتـا پلـە بریتییـە لـە هەواڵـی ئایینیـی و بـە ڕێـژەی (٠,٢٥ ٪) هاتـووە و بەدووبـارەی (٩) هـەواڵ بـە پلـەی (٩)، کـۆی گشـتیی جـۆری هەواڵـەکان بریتییـە لـە (٣٥٩١) هـەواڵ لـە مـاوەی وەرگیـراوی سـامپڵی توێژینەوەکـە.

لـە خشـتەی ژمـارە (١٠) کـە بەشـێکی تایبەتـە بـە جـۆری هەواڵـەکان لـە ماڵپـەڕی (Speda TV) کـە تێیداهاتـووە، هەواڵـی سیاسـیی بـە پلـەی یەکـەم دێـت بـە ڕێـژەی (٥٢,٣٤ ٪)، بـە دووبارەبوونـەوەی (٥٠٣) هـەواڵ . هەواڵـی تـر بـە پلـەی دووەم دێـت بـە ڕێـژەی (١٥,٥٠) بـە دووبارەبوونـەوەی (١٤٩) هـەواڵ. دواتـر بـە پلـەی سـێیەم هەواڵـی ئابووریـی دێـت بـە ڕێـژەی (١٠,٣٠ ٪)، بـە دووبـارەی (٧٨) هـەواڵ. بـە پلـەی چـوارەم هەواڵـی زانسـتیی دێـت بـە ڕێـژەی (٨,١١ ٪) بـە دووبـارەی (٩٩) هـەواڵ. بـە پلـەی پێنجـەم هەواڵـی ئایینیـی هاتـووە بـە ڕێـژەی (٧,٤٩ ٪) و بـە دووبـارەی (٧٢)، هەواڵـی وەرزشـیی بـە پلـەی شەشـەم دێـت بـە ڕێـژەی (٢,٧٠ ٪) بـە دووبـارەی (٢٦) هـەواڵ، پاشـان هەواڵـی تەندروسـتیی بـە پلـەی حەوتـەم دێـت بـە ڕێـژەی (١,٧٦ ٪)، بـە دووبـارەی (١٧) هـەواڵ، ئینجـا هەریـەك لـە هەواڵـی ئەدەبیـی و هونەریـی بـە پلـەی هەشـتەم دێـت بـە ڕێـژەی (٠,٤١ ٪) وبـە دووبـارەی (٤) هـەوال، کۆتـا پلـە هەواڵـی کۆمەڵایەتیـی دێـت بـە ڕێـژەی (٠,٣١٪) بـە دووبـارەی (٤) هـەواڵ. کـۆی گشـتیی جـۆری هەواڵـەکان لـە مـاوەی سـامپڵی وەرگیـراو لـە ماڵپـەڕی ناوبـراو بریتیـە لـە (٩٦١) هـەواڵ .

خشتەی (١٠) تایبەت بە جۆری هەواڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| سایتی ئەلیکترۆنیی / جۆری هەواڵ | Pukmedia | | | Speda TV | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی | دووبارە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
| سیاسی | 1530 | 42.60 | 1 | 503 | 52.34 | 1 |
| ئایینی | 9 | 0.25 | 9 | 72 | 7.49 | 5 |
| ئابوریی | 477 | 13.28 | 2 | 99 | 10.30 | 3 |
| زانستیی | 135 | 3.75 | 7 | 78 | 8.11 | 4 |
| وەرزشیی | 84 | 2.33 | 8 | 26 | 2.70 | 6 |
| ڕۆشنبیریی | 168 | 4.67 | 6 | 10 | 1.04 | 9 |
| تەندروستیی | 363 | 10.10 | 3 | 17 | 1.76 | 7 |
| ئەدەبیی وهونەریی | 180 | 5.01 | 4 | 4 | 0.41 | 8 |
| کۆمەڵایەتیی | 174 | 4.84 | 5 | 3 | 0.31 | 9 |
| هی تر | 471 | 13.11 | 3 | 149 | 15.50 | 2 |
| کۆی گشتیی | 3591 | 100 | | 961 | 100 | |

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

لـەدوای شـیکردنەوەی داتـا و زانیارییەکانـی توێژینەوەکـە و خسـتەڕوویان، بەبەکارهێنانـی چەندیـن ڕێـگا و شـێوازی شـیتەڵکاریی و ئاماریـی.

١- زۆرینـەی سـامپڵی توێژینەوەکـە لـە فۆڕمـی ڕاپرسـیی دایـە، کـە تایبـەت بـوو بـەو میدیاکارانـەی لەبـواری نووسـین و داڕشـتن لەمیدیـا ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا کاردەکـەن، پێیانوایـە یەکخسـتنی زمانـی نووسـین وداڕشـتنی پەیامـە میدیاییـەکان لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان بەیـەك شـێواز، کارێکـی زۆر پێویسـتە بـۆ بەسـتاندارکردنی زمانـی نووسـین و یەکخسـتنی شـێوازەکان لـە فۆڕمێکـی نووسـین دا.

٢-لەماڵپـەڕە کوردییەکانـدا وەك پێویسـت ڕەچـاوی ڕێنـووس وخاڵبەندیـی ناکرێـت، ئەمـەش بـووە بـە هـۆکاری ئـەوەی کـە خوێنـەر، لەکاتـی خوێندنـەوەی بابەتـە ڕۆژنامەوانییـەکان دا هەسـت بـە لەیەکچـوون و تێکەڵیـی لـە پەیـام و وشـەکان دا بـکات، ئەمـەش لـە ماڵپەڕێـك بـۆ یەکێکـی تـر جیـاوازە. ئـەوەش دەردەکـەوێ کـە کەسـی شـارەزا و پسـپۆڕی تایبـەت لـە بـواری زمـان دا لـە ماڵپـەڕەکان دا کـەم بێـت.

٣- بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی بیانیـی بـە تایبەتیـی دەسـتەواژەی عەرەبیـی وئینگلیزیـی وهتـد.. دەسـتەواژەی نامـۆ نەبـووە بـە هـۆکاری دەوڵەمەندکـردن، بەڵکـو بـووە بـە هـۆکاری پەرتکردنـی زمانـی کوردیـی و تۆخکردنـەوەی شـێوەزاری ناوچەیـی لـە داڕشـتنی نووسـینی پەیـام لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا.

٤- پێویسـتە نووسـینی پەیـام لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا بـە هـەردوو شـێوازی کرمانجیـی خـواروو و سـەروو بنووسرێـت، لەبەرئـەوەی یـەك شـێوە ڕێنـووس لـە زمانـی کوردیـی دا نییـە، زمانـی ناوچـە زاڵـە بەسـەر کەناڵەکانـی میدیـادا بەهـۆی ئـەوەی لـە هـەر ناوچەیەکـی کوردسـتان کەناڵـی ناوچەیـی هەیە، ئـەوەش بووەتـە هـۆکاری پەرتبوونی شـێوازی نووسـین لـە میدیـا. بـە گشـتیی

٥- ئـەوە دەردەکەوێـت ڕێنمایـی پێویسـت نـادرێ بـەو ڕۆژنامەنووسـانەی لەماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا کاردەکـەن. بەڵکـو هەریەکەیـان بـە پێـی بۆچـوون و ئاسـتی ڕۆشـنبیریی و شـارەزایی خۆیـان و بەپێـی سیاسـەتی کەناڵەکـە کاری هەواڵسـازیی و داڕشـتن بـۆ پەیامەکانیـان دەکـەن .

٦-زمانـی نووسـین لەماڵپـەڕە کوردییـەکان دا بـە شـێوەیەکی سـادە پەیامەکانیـان دادەڕێـژن و ئاراسـتەی دەکـەن بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی سـاناو سـاکار بـگات بـە خوێنـەر و وەرگـر، ئەمـەش بەپێـی ژانـرە ڕۆژنامەوانییەکانـە، کـە ژانـری نووسـینی هـەواڵ زۆر بـە شـێوەیەکی سـادەتر دادەڕێژرێـت.

٧-زۆرینـەی بەرتوێـژان، ئـەو میدیاکارانـەی کاری هەواڵسـازیی و داڕشـتن لـە ماڵپـەڕە کوردییـەکان دەکـەن، هەڵگـری بڕوانامـەی (دیپلـۆم و بەکالۆریـوس) ن، پلـەی یەکەمـی بەشـداربوونیان لـەم تویژینەوەیـەدا وەرگرتـووە.

٨- زۆرینـەی بەرتویژانـی توێژینەوەکـە لـە توخمـی (نێـر) لـە پلەیـی یەکەمـدان، ئـەوە دەریدەخـات کـە زۆرینـەی ئـەو میدیاکارانـەی لـە میدیایـی ئەلیکترۆنیـی کوردیـی دا کاردەکـەن ڕەگـەزی نێرینـەن.

٩-بەپێـی ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە زۆربـەی ماڵپـەڕە ئەلیکترونییەکوردییـەکان لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکانەوە خاوەندارێتیـی دەکرێـن و زۆرینـەی پەیامـەکان لـە شـێوەی داڕشـتنی مەبەسـتداردا ئاراسـتە دەکرێـن. میدیـای حوکومیی و ئەهلیـی پەیامەکانیـان زیاتـر گەیاندنـی زانیارییـە بـە وەرگـر.

## راسپاردەکانی تویژینەوە :

١- سـەنتەرەکانی زمـان لـە زانکۆکانـی کوردسـتان گرنگییەکـی زۆر بـە زمـان و شـیوازی نووسـینی کوردیـی بـدەن، ساڵانە فەرهەنگێکـی زمـان و پەرەپێدانـی شـێوازەکانی نووسـین بەچـاپ بگەیەنـێ بـۆ ئـەوەی لە ناوەنـدە ئەکادیمییـەکان کاری لـە سـەربکرێ و، ببێـت بـە بنەمایـەك بـۆ بەسـتاندارکردنی زمانـی کـوردی بـە تایبەتیـی لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن و کەناڵـە ئەلیکترۆنییـەکان.

٢-سـازدانی کـۆڕ و کۆنفراسـی زانسـتیی لەلایـەن دامـەزراوە ئەکادیمییەکانـی بـواری میدیـا، بـۆ پەرەپێدانـی زمانـی راگەیانـدن بـە هـاوکاری کۆلێژەکانـی زمـان و کەسـانی شـارەزا و پسـپۆڕی میدیایـی، بـۆ خسـتنەڕووی لایەنـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانـی زمانـی نووسـین و ئاخاوتنـی میدیایـی لـە کەناڵـە جیاجیـاکان دا.

٣-هەموارکردنـەوەی یاسـایی کاری رۆژنامەگەریـی ژمـارە (٣٥) ی سـاڵی (٢٠٠٧)، دانانـی بڕگـە و مـادەی تایبـەت بـە میدیـای (ئەلیکترۆنیـی) و زیادکردنـی برگـەی پێویسـت کـە لەگـەڵ سـەردەمی ئەمـڕۆی کاری رۆژنامەنووسـیی بگونجـێ .

٤- دەرکردنـی یاسـایەکی تایبـەت بـە کاری میدیـای ئەلیکترۆنیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی ئازادیـی زیاتـری کاری میدیایـی فەراهـەم بکـرێ، بـەو یاسـایە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ رۆژنامەنـووس و بەکارهێنەرانـی میدیـای نـوێ بکـرێ.

کردنـەوەی سـەنتەری لێکۆڵینـەوە لەزانکۆکانیکوردسـتان، بـۆ گرنگییـدان بـە زمانـی نووسـین و کەلتـوری کوردیـی و کردنـەوەی بەشـەکانی دیجتـاڵ میدیـا لـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان.

(١) ئەندامانی  هەڵسەنگاندنی  هەر دوو فۆرمی شیکاری ناوەڕۆك و راپرسیی:

١-پ هێـرش رەسـوڵ مـراد، بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان و بازارگـەری، کۆلێـژی تەکنیکـی کارگێـڕی، زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی سـلێمانی.

٢-پ ی د مەغدید خدر سەپان، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین

٣- پ ی د فواد عەلی، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

٤- پ ی د عومەر ئەحمەد رەمەزان، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

٥- پ ی د کاوە عبدولڕەزا، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.٥

٦- پ ی د پاڤی جەمیل ئەحمەد،بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

٧- پ ی د شێرکۆ جەبار، بەشی تەکنیکی میدیای کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

٨- پ ی د سامان جەلال مەولود، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب،  زانکۆی سەلاحەدین

٩-پ ی کاروان عەلـی قـادر، بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان وبازارگـەری کۆلێـژی تەکنیکـی کارگێـڕی، زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی سـلێمانی.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان

یەکەم: کتێب بە زمانی کوردیی

کرکوکـی، حەبیـب (٢٠٠٨) هونـەری رۆژنامەنووسـی، وەرگێڕانـی سـەمیرە ئەحمـەد، دەسـتگای توێژینەوەوبـڵاو

کردنەوەیموکریـــان، هەولێــر.

خزر، سەعد ئەسوە (٢٠١٧)، هونەری نووسین، وەرگێڕانی دڵشاد مەلا عوڵا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ریمـۆر، جـف (٢٠٠٨)، ئەلفبَـی کارکـردن لەکەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن، وەرگێڕانـی مەجیـد صالـح، خانـەی وەرگێـڕان کلتـوری هەرێمـی کوردستان-سـلێمانی.

سەپان، مغدید (٢٠٠٧)، ئەگەر رۆژنامە نووس هات، دەستگای چاپ و پەخش سەردەم سلێمانی.

فانگ،ئیرڤینـگ (٢٠٠٩)، مێـژووی هۆیەلـی گەیانـدن شـەش شۆرشـی زانیـاری ،وەرگیرانـی گـۆران سـەباح، دەسـتگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر.

تاڵەبانـی و رێشـاوی، رێبـەر گـۆران و یەحیـا عومـەر (٢٠٢٠)، میدیـای نـوێ لەسـایەی شۆرشـی زانیارییەکانـدا، لەبڵاوکراوەکانـی تـۆڕی ئەکادیمیـاو دیالۆگـی میدیـا، سـلێمانی.

عومـەر، فـاروق عەلـی (٢٠٠٥)، کلیلـی دەسـەڵاتی چـوارەم، وەرگێرانـی هیـوا سـاڵح ئەحمـەد، بەڕێوبەرایەتـی خانـەی وەرگێـراِن، سـلێمانی.

کرکوکـی، حبیـب (٢٠٠٨) پێشـەکییەك بـۆ زانسـتی ڕاگەیـادن، وەرگێڕانـی ڕابـەر رەشـید، دەسـتگای توێژینـەوەی و بڵاوکردنـوەی موکریـان، هەولیـر .

الیـاسری، قەیـس (٢٠٠٣.)، روژنامەنووسـی، وەرگێرانـی سـەلام کەریـم، لـە بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵـەی بانگـەوازو روناکبیـری ئیسـلامیی کوردسـتان، سـلێمانی.

گابـار، فلیـپ (٢٠٠٥) بنەماکانـی نووسـین لـە راگەیانـدا، وەرگیرانـی جوامێـر مارابـی، بنکـوی ئەدەبـی و روناکبیـری گەلاوێـژ، سـلیمانی.

-القضاة، علی منعم (٢٠١١): هەواڵ و راپۆرتی رۆژنامەنووسی، وەرگێرانی (دڵشاد مستەفا وەسانی)،

سـەپان، مەغدیـد (٢٠٠٨)، ژانرەکانـی ڕۆژنامەوانـی و مێـژووی چاپخانـە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خانـی دهۆك.

١٣-ئیبراهیم، ئاریانا (٢٠٢١)، نووسین لەمیدیای ئەلیکترۆنیی دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٤ – عـزی، عەبدولرحـمان (٢٠١٢)، دەسـتەواژە نوییەکانی میدیاوپەیوەندیپێکردن،وەرگیڕانـی بەهزاد حەوێزی،چاپخانەی رۆشـنبیری هەولێر.

١٥-ئیبراهیـم ،ئەرسـەلان (٢٠١٠)، کارامیەکانـی نووسـین لەرۆژنامەگـەری چاپکـراو و ئەلیکترۆنیـی دا، هەولێـر، چاپخانەی حاجی هاشـم.

١٦- سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بانگەوازو روناکبیری ئیسلامیی کوردستان.

١٧-مەسعودی، ئومید (٢٠٠٢)، بنەماکانی دارشتن لە میدیاکاندا،وەرگێڕانی (مجید صالح)،سلێمانی، خانەی وەرگێڕان.

## دووەم : تویژینەوە

١٨-یـادگار علـی محمـد (٢٠١٨)، رۆلـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی لـە دروسـتکردنی وێنـای (حەشـدی شـەعبی) لای خوێَندکارانـی زانکـۆ، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، ژمـارە٤،

١٩-کاوە عزالدیـن عەبدولرحـمان، بەرهـەم خالیـد ئەحمـەد، یوهـان عوسـمان حەمەحسـین، (٢٠٠٦) (شیوازودارشـتنی هـەواڵ لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییەکانـدا ماڵپـەڕی تـۆڕی میدیایـی رووداو بەنمونـە، گۆڤـاری زانکـۆی هەڵەبجـە، خولـی

یەکـەم ژمـارە ٣.

عەبدولخالـق ئیبراهیـم مسـتەفا (٢٠٢٠)( بـە ناونیشـانی( رۆلـی پێگـەی ئەلیکترۆنـی کـوردی لـە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەر بـە ئاسایشـی نەتەوەیـی لـە جەنگـی دژی داعـش لـە هەرێمـی کوردسـتاندا تێـزی دکتـۆرا، بەشـی راگەیانـدن، کولێـژی ئاداب-زانکـۆی صەلاحەدین-هەولێـر

بەزمانی عەرەبی:

٢٠- الـراوي، مسـارع (١٩٨٤)، مقالـة: وسـائل الاتصـال الجماهيـري و دورهـا في نـشر لغـة عربيـة صحيـة، «اللغـة العربيـة و الوعـي القومـي»- مجموعـة مـن الكتـاب، منشـورات مركـز درسـات الوحـدة العربيـة، الطبعـة الاولـى، ١٩٨٤.بيـروت.

-٢١ العيـاضي، نـصر الديـن ( ١٩٨٧)، البحـث العلمـي في علـوم الاعـلام والاتصـال في المنطقـة العربيـة وغيـاب الافـق النظـري ، مجلـة المسـتقبل العـربي ،

-٢-بلخيـرى، رظـوان (٢٠١٣)، اشـكاليات تطبيـق منهـج التحليـل السـيمولوجي، مجلـة العلـوم الاجتماعيـة و الانسـانية، العـدد الثالـث عـشر، ديسـمبر ٢٠١٣

٢٣- حمداوي، جميل(٢٠٠٧)، سيميولوجيا التواصل وسيميولوجيا الدلالة؛ ديوان العرب، فبراير

٢٤- الشريـف، سـامي و نـدا، أيمـن منصـور، (٢٠٠٤) "اللغـة الإعلاميـة، المفاهيـم الأسـس والتطبيقـات"، مركـز جامعـة القاهـرة،

٢٥. قـراد، راضيـة ( ٢٠١٧)، «اللغـة الاعلاميـة المسـتخدمة في التلفزيـون»، مجلـة الرسـالة للدراسـات و البحـوث الانسـانية، مـج ١ العـدد ١.

٢٦-عبيـدات و السـيد، ذوقـان ، د.سـهيلة ابـو السـيد (٢٠٠٢)، البحـث العلمـي البحـث النوعـي والبحـث الكمـي، دارالفكـر، عـمان.

٢٧-عبدالفتاح و الزهرا. فاطمة ، (٢٠١٦) الاندماج الاعلامي وصناعة الاخبار، العربي للنشروالتوزيع، القاهيرة-مصر..

٢٨-الحمامـي، الصـادق (٢٠٠٦)، لاعـلام الجديـد مقاربـة تواصيليـة، مجلـة الاذاعـات العربيـة، عـدد، ٤، يصدرهـا اتحـاد اذاعـات الـدول العربيـة.

٢٩-.همام، طللعت (١٩٨٥)، مائة سووال عن الصحافة، دار الفرقات للنشر والتوزيع، الطبفةالثانية الاردن.

٣٠-الشعراوى، أحمد(٢٠٢٠)، مدخل إلى التحرير الإعلامى، دمشق، جامعه الافتراچيه السوريه.

سێیەم: تویژینەوەکانی ماستەر و دکتۆرا:

بەزمانی عەرەبی:

٣٢.عمراحمـد رمضـان (٢٠١٢) دور الصحافـة الالكترونيـة الكورديـة في تشـكيل الاتجاهـات السياسـية لَاسـاتذة جامعـة السـليماني دراسـة ميدانيـة، رسالةماجسـتير غـير منشـورة.

٣٣-.هونـەر رسـول (٢٠٠٩ (الصحافـة الالكترونيـة - موقـع سـبي انموذجـا) جامعـة السـليمانيم، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة.

٣٤-صـادق حمـە غريـب حمەصالـح (٢٠٠٨) (الصحافـة الالكترونيـة الكرديـە- دراسـە مسـحيە للصحـف الالكترونيـە الكرديـە (کلاو روژنـە، دەنگـەکان، کوردسـتان نێـت) جامعـة بغـداد، كليـة الاعـلام، رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة.

## ملخص الدراسة:


جاءت هذه الدراسة تحت عنوان (طبيعة فن الكتابة في صياغة الرسالة الإعلامية الألكترونية الكوردية - (speda –pukmedia) أنموذجا)، وقد حاول الباحث الوصول الى نتائج علمية وذلك من خلال الاطارين النظري و التطبيقي، حاولت الدارسة من الناحية التحليلية أن تعرف الصيغة التي تتبعها الصحافة الالكترونية الكوردية لصياغة الرسائل الإعلامية و كذلك قالب الكتابة وطبيعة فن الكتابة في الاعلام الالكتروني الكوردي، و كذلك عرض الكتابات التي تنشرها المواقع الالكترونية الكوردية حسب طبيعة الكتابة الصحفية.

ومن أهم الاستنتاجات التي توصل اليها الباحث: أن معظم المبحوثين الذين يعملون في مجال الكتابة الصحفية يؤكدون على ضرورة توحيد لغة الكتابة والصياغة الفنية في المواقع الالكترونية الكورية بصيغة واحدة. وأن المواقع الألكترونية الكوردية لا تراعي شروط الكتابة والتنقيط، الأمر الذي أحدث حالة من الاربكاك لدى متلقي الرسالة الإعلامية، ويتضح من كل ذلك عدم وجود أشخاص ذوي خبرة وكفاءة من مجال اللغة والكتابة الصحفية في المواقع الألكترونية الكوردية. ومن النتائج التي توصلت اليها الدراسة ضرورة الكتابة باللهجتين الكرمانجية الشمالية والجنوبي وذلك لعدم وجود لغة موحدة في الكتابة وغلبة لهجة محلية على طبيعة الكتابة في المواقع الألكترونية الكوردية.

من النتائج التحليل المضمون الأخرى التي توصل اليها الباحث، بانه الاعلام الكردي سياسية اكثر مما هو مهتم بجوانب اخرى. ذلک من خلال المواضيع والكتابة الاعلامية التى استنتجها الباحث يظهرنماذج عدة من موقعين المذكورين من البحث، بانه سياسي بحت، تكتب وترسل الرسائل بايدلوجية خاصة لذلك لم ولن يكون سببا كي يتمكن الاعلام اللكتروني الكردي الى ايجاد لغة كردية مشتركة ما يسمى باللغة الموحدة.



الكلمات المفتاحية : الرسالة، الموقع الألكتروني، فن الكتابة، الاعلام المعاصر


**“The Nature of the Art of Writing in the Writing of Kurdish Wlectronic Media Messages”**

**(Speda – Pukmedia as A Samples)**

## Summary


This research which is entitled “The nature of the art of writing in the writing of Kurdish electronic media messages” (speda – pukmedia as samples), has tried to achieve a set of goals, in the context of both theoretical and theoretical aspects. Practically classified, in terms of analysis, the research aims to determine how it is written in Kurdish electronic media. It also presents articles that are published daily on the Kurdish website according to the nature of their writing.

This study goes into the context of described research and the method of survey ingenuity, based on the method of analyzing content and choosing the genres of journalism that are in both the speda-pukmedia website has been written and published, through the purposeful Infamous sample by receiving and analyzing items taken as samples. One of the most important results of the research: shows that most of the researchers in the survey form that specific to the journalists in the field of writing and writing

in Kurdish electronic media. They believe that unifying the language of writing and writing media messages on Kurdish websites in one way is very necessary to standardize the language of writing and merge the style into a writing form.

The result of the research analysis shows that Kurdish media is mostly political. the writings and objects received from the sample pages are more political. the messages are written according to the special ideas which are why media became the factor for uniforming the writings.

Keywords: messages, electronic pages, writing styles, new media

https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.159

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پاڵنەر و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووک

## (خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگەکان بە نموونە)

**م.ی. فاروق جمیل کریم**

بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی هەڵەبجە

Farooq.kareem@uoh.edu.iq

**پوختە**

ئـەم توێژینەوەیـە، توژینەوەیەکـی وەسـفییە و بـە ڕێـکاری ڕاپێویـی لـە دیاردەیەکـی بەربـڵاوی نێـو جیهانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دەکۆڵێتـەوە، کـە بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراوە. ئامانجیشـی ئاشـکراکردنی پاڵنـەر و لێکەوتەکانـی ئـەم دیاردەیەیـە لەسـەر خوێندکارانی زانکـۆ و پەیمانگەکانـی کوردسـتان. توێـژەر بـۆ کۆکردنـەوەی داتـاکان، پشـتی بـە گـووگڵ فـۆرم بەسـتووە، کـە مـاوەی (٤٨) کاتژمێـر بەردەسـت بـووە بـۆ مشـتەیەکی هەڕەمەکیـی خوێنـدکاران لـە زانکـۆ و پەیمانگـە حکومـی و تایبەتەکانـی هەرێمـی کوردسـتان. لـەو ماوەیـەدا (٦٩٩) بەرتوێـژ وەڵامـی پرسـیارەکانیان داوەتـەوە. دوای کۆکردنـەوە و شـیکاریی داتـاکان، توێـژەر بـە کۆمەڵێـك ئەنجـام گەیشـتووە، لەوانـە: فەیسـبووک سـەکۆیەکی کاریگـەرە بـۆ خوێنـدکاران کـە بەهۆیـەوە دەتوانـن بەهـەر جۆرێـک بیانەوێـت خۆیانـی تێـدا نمایـش بکـەن. پەنابـردن بـۆ نـاوی خـوازراو، ئـەو گریمانەیـەی (هۆفـمان) دەسـەلمێنیت کـە تاکـەکان خوازیـارن لەپشـتی پـەردەوە چالاکیـی و کەسـایەتیی خۆیـان بنوێنـن. هەروەهـا ئەوانـەی نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن (١٣,٣٠٪)ی کـۆی بەرتوێژەکانـن و زۆربەیـان تەنهـا ناوەکەیـان خـوازراوە، بـەڵام وێنـە و زانیاریـی پرۆفایلەکانیـان ڕاسـتەقینەیە. هیچـکام لـە بەرتوێژەکانیـش نـاوە خوازراوەکەیـان گوزارشـت لـە بیـروڕای سیاسـییان نـاکات، کەمترینیشـیان بـە ڕێـژەی (٥,٣٧٪) هەڵگـری واتایەکـی ئایینییـە. پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لای خویندکارانـی کـورد هەمەجـۆرو جیـاوازن، زۆربەیـان بـە ڕێـژەی (٣٥,٤٨٪) بەپێویسـتی نازانـن نـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان دابنێـن. جگـە لـەوە، سـەرباری بەربڵاویـی دیـاردەی خـراپ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، ڕێژەیەکـی کەمـی خوێنـدکاران (٧,٥٢٪) پشـت بـە نـاوی خـوازراو دەبەسـتن بـۆ مەبەسـتە نەرێنییەکانـی وەك گاڵتەپێکـردن یـان لەکەدارکردنـی نـاوی کەسـایەتی و نـاوداران لەڕێـی دانانـی نـاوی ئـەوان بـۆ ئەکاونتەکانیـان. سـەبارەت بـە دیارتریـن لێکەوتەکانیـش، نـاوی خـوازراو بووەتـە جێگـرەوەی نـاوی ڕاسـتەقینەی (٣٧,٦٣٪)ی بەرتوێـژان، لەکاتێکـدا (٣٤,٤٠٪)یان بەهـۆی بەکارهێنانـی ئـەو جـۆرە ناوانـەوە لـە هـاوڕێ ڕاسـتەقینەکانی خۆیـان ونبـوون.

**کلیلە وشەکان: پاڵنەر- لێکەوتە- ناوی خوازراو- فەیسبووک- خوێندکار**

Recieved: 24/6/2022
Accepted: 16/8/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

ئەگەرچـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو، یاخـود شـاردنەوەی نـاوی راسـتەقینە مێژوویەکـی دێرینـی هەیـە، بـەڵام لەئێسـتادا بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـا و سـەرهەڵدانی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، ئـەم دیاردەیـە زیاتـر تەشـەنەی کـردووە. فەیسـبووك-یش وەك یەکێـك لـە دیارتریـن سـەکۆکانی نێـو تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، زەمینەیەکـی لەبـاری رەخسـاندووە بـۆ بەکارهێنەرانـی کـە بەئاسـانی لەڕێـی نـاوی خـوازراوەوە گوزارشـت لـە بۆچـوون، ویسـت، خـەم و خۆشـییەکانی خۆیـان بکـەن. ئـەوەش پاڵنـەر و هـۆکاری جیـاوازی هەیـە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکـە، لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی دیکـە. هەروەهـا وەکچـۆن پاڵنـەرەکان ئەرێنیـی و نەرێنیـی و هەندێکجاریـش ناڕوونـن، بەهەمـان شـێوەش بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لێکەوتـەی ئەرێنیـی و نەرێنیـی هەیـە لەسـەر بیرکردنـەوە و رەفتـار و کـرداری تـاك. بەلەبەرچاوگرتنـی رادەدەی بـەرزی هۆگربوونـی تاکەکانیـش بـە تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووك لەنێـو کۆمەڵگـەی کوردەواریـی و بەتایبەتیـش لەنێـو توێـژی خوێندکارانـدا، زانینـی ڕادەی بەربڵاویـی و پاڵنـەر و لێکەوتەکانـی ئـەم دیاردەیـە گرنگـە، چونکـە ئـەو کارلێکـە بەردەوامـەی بەکارهێنەرانـی فەیسـبوك هەیانـە لەنێـو ئـەم سـەکۆیەدا، بەهـەر چەشـنێك بێـت نیشـانەی یارمەتیـدەرن هـەم بـۆ ناسـینەوەی کەسـایەتیی راسـتەقینە و شـاراوەی بەکارهێنەرانی، هـەم بـۆ ئاشـنابوون بـە کاریگەریـی خێـرا و ڕەنگدانـەوەی هەمەلایەنـی ئـەم تـۆڕە وەك یەکێـك لـە ئامرازەکانـی میدیای نـوێ لەسـەر تـاک. لـەو سـۆنگەیەوە ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵێکـە بـۆ بەدەسـتهێنانی دەرەنجامـی قـووڵ و درووسـت لەبـارەی پاڵنـەر و کاریگەرییـە ئەرێنیـی و نەرێنییـە کۆمەڵگەیـی، تەکنیکیـی، دەروونیـی و میدیاییەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێندکارانـی زانکـۆ و پەیمانگـە حکومیـی و تایبەتـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتانی عیـراق.

### تیۆریی نمایشکردنی خود (ئیرڤاینگ گۆفمان ١٩٥٩):

کۆمەڵناسـی ئەمریکایـی، ئیرڤینـگ گۆفـمان (Eriving Goffman) لـە سـاڵی ١٩٥٩دا تیۆریـی نمایشـکردنی خـود (The presentation of self)ی داهێنـاوە. ئـەو پێـی وایـە کـە هەموومـان وەکـو ئەکتـەر رۆڵ دەگێڕیـن لـە بەرامبـەر جەمـاوەردا، لەکاتێکـدا ئـەوەی دەیکەیـن نواندنـی سـەر تەختـەی شـانۆ نییـە (الکعبـی، ٢٠١٩، ٥٤٢). بـە ڕوانینـی گۆفـمان، جیاوازییەکـی ئەوتـۆ نییـە لەنێـوان نواندنـی سـەر تەختـەی شـانۆ و وردەکاریـی رەفتارەکانـی ژیانـی ڕۆژانەمانـدا (Goffman, ١٩٥٩, ٢٥١).

کرۆکـی تیۆرییەکـە پێداگرییـە لەسـەر ئـەوەی، کـە پاڵنـەری سـەرەکیی (نمایشـکردنی خـود) بریتییە لـە رۆڵگێـڕان، یاخود خۆدەرخسـتن بـۆ جەمـاوەر. ئەگەرچـی ئـەم تیۆرییـە داهێـنراوی سـەردەمێکە کـە ئامرازەکانـی میدیـا بـەم چەشـنەی ئێسـتا نەبـوون، بـەڵام ئێسـتاش یەکێکـە لـەو تیۆرییانـەی کـە بەسـەر هەندێـک لـە توێژینەوەکانـی تایبـەت بـە میدیـای نـوێ و رەفتـاری بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا جێبەجـێ دەکرێـت. وردبوونـەوە لـەم تیۆرییـە دەمانباتـە ئـەو بـارەی، زیاتـر لـە (٧٠) سـاڵ لەمەوبـەر (هۆفـمان) درکـی بەوەکـردووە، کـە هەمیشـە تاکـەکان گۆڕانکاریـی لـە سـتراتیژی نمایشـکردنی خـوددا دەکـەن بەپێـی بـارودۆخ و ژینگـە و جەمـاوەر و ئامرازەکانـی بەردەسـتیان. هەڵبەتـە هەمـوو ئـەو گۆڕانکارییانـەش لەپێنـاوی نیشـاندانی وێنایەکـی ئەوتۆدایـە کـە خۆیـان مەبەسـتیانە.

ئـەوەی ئـەم تیۆرییـە نزیکـتر دەکاتـەوە لـە هەمـان رەفتـاری ئـەم سـەردەمەی بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، گریمانەکانیەتـی. هۆفـمان ئامـاژە بـەوەدەکات کـە «تـاک لەپشـت پـەردەوە رۆڵ دەگێڕێـت. بـە واتایەکـی تـر دوور لـە چـاوی جەمـاوەر کەسـایەتیی راسـتەقینەی خـۆی نمایـش دەکات، چونکـە سروشـتی مـرۆڤ وایـە، کـە بەوپـەڕی وریاییـەوە، بەشـێوەی ئاشـکرا رۆڵ دەگێڕێـت». (الطیبـی، ٢٠٢١، ٥٢).

لەڕوانگەی تێگەیشتن لە کرۆک و گریمانەکانی هۆفمانەوە، ئەم تیۆرییەمان بەپێویست و گونجاو زانی بۆ ئەم توێژینەوەیە، چونکە پەنابردن بۆ ناوی خوازراو لەلایەن بەکارهێنەرانی فەیسبووکەوە، دیاردەیەکی بەربڵاوە و گومان هەڵناگرێت. هەروەها پاڵنەر و ئامانجەکان هەرچییەک بن، لە بنەڕەتدا هەڵگری ئەو واتایەن کە بەکارهێنەران لەپشتی پەردەوە چالاکییەکانیان ئەنجامدەدەن. ئەوەش تەواو یەکانگیرە لەگەڵ گریمانەکانی تیۆریی (نمایشکردنی خود)ی هۆفمان دا.

لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییەکەی (هوفمان)دا، پرسیارەکانی توێژینەوەکە داڕێژراون. پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە کە ئایا پاڵنەرو لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو چین لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا؟

پاشان توێژەر بۆ دەستکەوتنی وەڵامی وردتر، چەند پرسیارێکی دیکە دەوروژێنێت:

-ئایا خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان بە چ ناوێکەوە خۆیان دەناسێنن لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکدا؟

-پاڵنەرەکانی شێوازی خۆناساندن و پشتبەستنی بەرتوێژان چین بۆ بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا؟

-دەرهاویشتە ئەرێنیی و نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا چیین لەسەر خوێندکار؟

-جیاوازیی چییە لەنێوان شێوازی خۆنمایشکردنی خوێندکاری کورد و خوێندکاری بیانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؟

## یەکەم/ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### ١.توێژینەوەکانی پێشوو

**-توێژینەوەی (أبو زید: ٢٠٢٠):**

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی هەڵە ئاکارییەکانی گەنجانی میسرە لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکەوە. توێژەر پشتی بە فۆرمی ڕاپێویی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لەسەر سامپڵەکەی کە پێکهاتووە لە (٥٠٠) خوێندکاری کوڕ و کچ لە زانکۆ حکومیی و تایبەتەکانی میسر کە فەیسبووك بەکاردەهێنن. لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە زۆربەی بەرتوێژەکان دووچاری هەڵەی ئاکاریی دەبن لەکاتی بەکارهێنانی فەیسبووکدا، چونکە لەیەککاتدا ئەکاونتێکی ڕاستەقینە و یەکێکی دیکەیان هەیە بەناوی خوازراوەوە، هەروەها ئەوە بە باش دەزانن کە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە.

**-توێژینەوەی (Muslim: ٢٠٢٠):**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، ئاشکراکردن و لێکدانەوەی هۆکارەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. سامپڵەکەی پێکهاتووە لە خوێندکارانی چوار ناوەندی خوێندنی باڵا لە شاری مالانگ-ی ئیندۆنیزیا، ئەوانیش: (زانکۆکانی محەمەدییە، براوگایا، نیگری، پەیمانگەی تەکنۆلۆجیی نیشتمانیی مالانگ). توێژەر گەیشتووە بە کۆمەڵێك ئەنجام، لەوانە: هۆکارەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن خوێندکارانی شاری مالانگ، بریتیین لە: پاراستنی تایبەتمەندێتیی کەسیی، ئاسوودەیی و ئازادیی و خۆپاراستن لە تاوان. هەروەها شاردنەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان لەپێناو پاراستنی نهێنیی هەست و سۆز و بۆچوونەکانیان لە خەڵکانی ناسراو. پاشانیش سەلماندنی دەسەڵاتی خۆیان لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا.

**-توێژینەوەی (بوخبزە و بوروبی: ٢٠٢٠):**

توێژینەوەیەکی ناوەڕۆك شیکارییە بەمەبەستی ئاشنابوون بە شوناسی بەکارهێنەرانی فەیسبووك و شێوازی کارلێککردنیان لەگەڵ هەواڵ و زانیارییەکانی کەیسی (زهیە بن قارە)ی سەرۆکی نوێی شارەوانیی شیقارە لە

ویلایەتـی میلـە لەسـەر پـەڕەی (هنـا الجزائـر). هـەردوو توێـژەر شـیکارییان کـردووە بـۆ کارلێکـی (١٢٠) کـەس لەگـەڵ ئـەو بابەتـەدا. سـەرەنجام گەیشـتوون بـەو ئەنجامـەی کـە ناسـینەوەی شوناسـی بەکارهێنـەکان کارێکی سـەختە، چونکە بۆیـان دەرنەکەوتـووە کـە کـێ لەپشـتی نـاوە خوازراوەکانەوەیـە (پیـاو، یـان ژن). ئەوەشـیان بـۆ دەرکەوتـووە کـە (٧٥) نـاوی خـوازراو بەرامبـەر (٤٥) نـاوی راسـتەقینە لەخۆدەگرێـت. نـاوە خوازراوەکانیـش هەڵگـری واتـای هەمەجـۆرن (وەرزشـیی، پیشـەیی، جوگرافیـی، سیاسـیی، ئایینیـی).

**-توێژینەوەی (عبد المقصود: ٢٠١٩):**

ئامانجـی توێژینەوەکـە زانینـی ڕادەی هوشـیاریی خوێندکارانـی بەشـی راگەیاندنـە دەربـارەی بنەمـا ئاکارییەکانـی بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و رادەی رەنگدانـەوەی لەسـەر مامەڵـە و رەفتاریـان لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا. سـامپڵی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە (١٩) خوێنـدکاری کۆلێـژی راگەیاندنـی زانکـۆی قاهیـرە کـە بەشـێوەی (فۆکـەس گـرووپ) رایـان وەرگیـراوە. توێـژەر بـەوە گەیشـتووە کـە زۆربـەی بەرتوێـژەکان زانیارییـان نییـە دەربـارەی یاسـاکانی بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان کـە لەلایـەن ئەنجومەنـی گـەل لـە میسر دەرچـووە. دان بەوەشـدا دەنێـن کـە ئـەو یاسـایانە بێسـوودن، بـەڵام زۆربەشـیان خۆیـان پاراسـتووە لـە بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لـە سۆشـیال میدیـادا.

**-توێژینەوەی (ابتسام: ٢٠١٩):**

ئامانجـی ئاشـنابوونە بـە پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی فەیسـبووك و کاریگەرییەکانـی لەسـەر پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـی خوێنـدکاری زانکـۆ، بەتایبـەت شوناسـی گریمانەییـان بـەراورد بـە سروشـتی راسـتەقینەی خۆیـان. بـۆ کۆکردنـەوەی داتـاکان لـەم توێژینەوەیـەدا پشـت بەسـتراوە بـە فۆرمـی راپێویـی (٥٠٠) خوێنـدکاری بەکالۆریـۆس و ماسـتەر و دکتـۆرا لـە پێنـج کۆلیـژی زانکـۆی (وەهـران١)ی جەزائیریـی. لـە گرنگتریـن ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە: نیـوەی بەرتوێـژان نـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لـە فەیسـبووکدا بەکاردەهێنـن لەپێنـاو دەرخسـتن و دۆزینـەوەی ناسـنامەی راسـتەقینەی خۆیانـدا. ئەوانەشـی نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن هۆکارەکـەی دەگێڕنـەوە بـۆ ئـەوەی کـە دەروازەیەکـە بـۆ ئازادیـی نووسـین و بەشـدارییان لـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەدا.

**-توێژینەوەی (بلات و لعريبي: ٢٠١٨):**

توێژینەوەیەکـی مەیدانییـە بەئامانجـی زانینـی شـوێنەواری بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەسـەر شوناسـی هەرزەکارانـەوە. سـامپڵی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە (٩٢) خوێنـدکاری قۆناغـی ناوەندیـی لـە شـاری میلیـە-ی جەزائیر. هـەردوو توێـژەر بـۆ بەدەسـتهێنانی داتـاکان پشـتیان بـە فۆرمـی راپرسـی بەسـتووە و لـەو رێگەیەشـەوە کۆمەڵێـك ئەنجامیـان بەدەسـتهێناوە، کـە دیارترینیـان ئەمانـەن: رێـژەی (٦٠٪)ی بەرتوێـژەکان نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا، لەوانـەش زۆرینـەی رەهایـان بـە ڕێـژەی (٩٦٪) مێیینـەن، بـەڵام زۆرینـەی هـەرزەکارە کـوڕەکان بەنـاوی ڕاسـتەقینەی خۆیانـەوە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەکاردەهێنـن. دیارتریـن هـۆکاری بەکارهێنانـی نـاوی خوزاراویـش لای هـەرزەکاران بریتیـە لـە خواسـتی رەفتارکردنـی ئازادانـە بەبـێ ئـەوەی کـەس ناسـنامەیان ئاشـکرابکات.

**-توێژینەوەی (Kasakowskij: ٢٠١٨):**

ئامانجـی ئاشـکراکردنی کاریگەریـی ناسـنامەی شـاراوە و نـاوی خـوازراوە لەسـەر رەفتـاری بەکارهێنـەر و بەرهەمهێـن و هاوبەشـەکانی هـەردوو ئەپڵیکەیشـنی (ئینسـتاگرام) و (یـودل). سـامپڵی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە (٦٦٤) بەرتوێـژ لـە ئەڵمانیـا کـە هـەردوو رەگـەز و هەمـوو ئاسـتەکانی تەمەنـی گرتووەتـەوە و لەڕێـی فۆرمێکـی ئەلیکترۆنییـەوە بـە زمانـی ئەڵمانـی رایـان وەرگیـراوە. دیارتریـن ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە بریتیـن لـە: شـاردنەوەی ناسـنامە و بەکارهێنانـی ناوی خـوازراو کاردەکەنـە سـەر رەفتـار و شـێوازی بەکارهێنانـی هـەردوو ئەپڵیکەیشـنەکە، هەروەهـا بەکارهێنەرانـی (یـودل)

ناتوانـن تاسـەر لەگـەڵ هاوڕێکانیـان بـەردەوام بـن، ئەویـش بەهـۆی سروشـتی ئـەو ئەپڵیکەیشـنە کـە ناسـنامەی بەکارهێنەکانـی ئاشـکرا نییـە.

**-توێژینەوەی (Alakali, Faga, Mbursa: ٢٠١٧):**

ئـەم توێژینەوەیـە لـە گوتـاری ڕقلێبوونـەوە و زمانپیسـیی دەکۆڵێتـەوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نەیجیریـا، پاشـان ڕۆشـنایی دەخاتـە سـەر دەرەنجامـە یاسـایی و ئاکارییەکانـی. توێـژەران پشـتیان بەسـتووە بـە میتـۆدی چەندایەتیـی و چۆنایەتیـی بـۆ کۆڵینـەوە لـە دیاردەکـە. فۆرمـی ڕاپرسییشـیان بەکارهێنـاوە بـۆ کۆکردنـەوەی داتـای پێویسـت لەڕێـی (٣٨٤) بەرتوێـژەوە. لـە دیارتریـن ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە: بانگەشـەکردن بـۆ گوتـاری ڕقلێبوونـەوە لەژێـر نـاوی راسـتەقینە و خـوازراودا دیاردەیەکـی بەربـڵاوە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا لـە نەیجیریـا. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە بەرتوێـژەکان ڕۆشـنبیرییەکی ئەوتۆیـان نییـە دەربـارەی دەرهاویشـتە یاسـایی و ئاکارییەکانـی ئـەو دیاردەیـە.

**-توێژینەوەی (Wolgang: ٢٠١٦):**

توێژینەوەیەکـی نـاوەڕۆك شـیکارییە دەربـارەی کۆمێنـت و چاتکـردن بەنـاوی راسـتەقینە و خـوازراوەوە لەسـەر سـەکۆ هەواڵییەکانـی تـۆڕی ئینتەرنێـت. سـامپڵی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە (١٠٠٤) کۆمێنتـی بەشـداران (لەمـاوەی نێـوان ١/٢٢ تـا ٢٠١٣/٣/٢٣) لـە دوو سـەکۆی هەواڵیـی لـە (کۆلـۆرادۆ)ی ئەمریـکا بەناوەکانـی (دنڤـەر پۆسـت) و (کۆلـۆرادۆ سـپرینگز) کـە یەکەمیـان ڕێگـە دەدات بەشـداران نـاوی خـوازراو بەکاربهێنـن، بـۆ دووەمیشـیان مەرجـە بەشـداران ناوی راسـتەقینەی خۆیـان بەکاربهێنـن. لـە دیارتریـن ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە: بەشـدارانی هـەردوو سـەکۆکە -هەڵگرانـی نـاوی راسـتەقینە و نـاوی خوازراو-یـش، نەرمییـان نەنوانـدووە لـە دەربڕینـی بۆچوونەکانیانـدا، بـەڵام هیـچ لایەکیـان بۆچـوون و بەڵگەکانـی بەرامبەریـان نەکردووەتـە بنەمایـەك بـۆ ئەنجامدانـی گفتوگۆیەکـی بنیاتنەرانـە.

## ٢. چوارچێوەی توێژینەوەکە

ئامانجـی توێژینەوەکـە زانینـی ڕاددەی پشتبەسـتنی خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگەکانـە بـە نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و پاشـان ئاشـکراکردنی ئـەو پاڵنەرانەیـە کـە وادەکـەن خوێنـدکار لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا نـاو و ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خـۆی بشـارێتەوە. هەروەهـا ئامانجێکـی دیکـەی توێژینەوەکـە ئاشـنابوونە بـە لێکەوتـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانـی ئـەم دیاردەیـە لەسـەر خوێنـدکاری زانکـۆو پەیمانگـەکان، بەتایبـەت لـەڕووی دەروونیـی و کۆمەڵایەتییـەوە. ئامانجێکـی دیکـەی توێـژەر ئەوەیـە بـەراوردی ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە بـکات لەگـەڵ ئەنجامـی توێژینـەوە هاوشـێوەکانی پێشـوودا کـە لـە وڵاتانـی دیکـەدا دەربـارەی هەمـان دیـاردە ئەنجامـدراون.

بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو بـە هـەردوو دیـوە ئەرێنیـی و نەرێنییەکەیـەوە، جێگـەی بایـەخ و لێکۆڵینەوەیـە. بەتایبـەت کـە هـەم دیاردەیەکـی نوێیـە و هـەم کەمتریـن توێژینـەوەی زانسـتیی لەوبارەیـەوە بەردەسـتە. بایەخێکـی دیکـەی ئـەم توێژینەوەیـە لەوەدایـە کـە وەڵامـی بەرتوێـژەکان بـۆ لەمـەودوا دەبێتـە ڕێنمایـەك بـۆ بەرچاوڕوونـی و هوشـیاریی تـاك لـە شـێوازی خۆناسـاندن و بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراودا.

## ٣. ڕێبازی توێژینەوەکە

ئــەم توێژینەوەیــە لــە جــۆری توێژینــەوە وەســفییەکانە لەســەر بنەمــای داتــاو زانیارییــە تیــۆری و پراکتیکییــە بەدەسـتهاتووەکان. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پشـتی بەسـتووە بـە ڕێبـازی ڕووپێویـی (Survey) وەك گونجاوتریـن ڕێـگا بـۆ توێژینــەوە لــە ڕەفتــارە کۆمەڵایەتییەکانــی مــرۆڤ لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا.

کۆمەڵـی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە: أ/ تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان. ب/ خوێنـدکار لـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان. هەرچـی نموونـە پشـکنینی (سـامپڵ) توێژینەوەکەشـە، پێکهاتـووە لـە: أ/ تـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبووك

وەك یەکێك لە بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە زۆربەی ئاستە جیاجیاکانی تەمەن و رەگەز و خوێندەواریی و رۆشنبیرییدا پشتی پێدەبەسترێت. ب/ مشتەیەکی هەڕەمەکیی (٦٩٩) بەرتوێژ کە پێکهاتووە لە خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگە حکومیی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان لە هەرچوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان، راپەڕین و سۆران).

بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست، توێژەر پشتی بەستووە بە فۆرمی ڕاپێویی ئەلیکترۆنیی لەڕێی بزوێنەری گووگڵەوە کە بە (Google form) ناسراوە. بەرلەوەی فۆرمەکەش بۆ بەرتوێژەکان بنێردرێت، توێژەر فۆرمەکەی پیشانی ژمارەیەك هەڵسەنگێنەری شارەزای بواری میدیا* داوە بەمەبەستی خستنەڕووی سەرنجەکانی خۆیان و دەوڵەمەندکردنی پرسیار و تەوەرەکانی نێو فۆرمەکە. پاش ئەوەش بەستەر (Link)ی فۆرمەکە لەڕێی نوێنەرایەتیی خوێندکاران و گرووپەکانی چات و ئیمەیڵەوە بۆ خوێندکاران نێردراوە بەمەبەستی پڕکردنەوەی.

بوارەکانی توێژینەوەکەش برتیین لە : بواری مرۆیی: خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکانی چوار پارێزگا و سێ ئیدارەی سەربەخۆی هەرێمی کوردستانە بە تەواوی پسپۆریی و قۆناغەکانی خوێندنەوە.

بواری شوێن: تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك). هەروەها زانکۆکانی (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆك، زاخۆ، سۆران، هەڵەبجە، گەرمیان، کۆیە، راپەڕین، چەرموو، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆك، جیهان، گەشەپێدانی مرۆیی، لوبنانی-فەرەنسی) و پەیمانگەکانی (تەکنیکیی سلێمانی، چەمچەماڵ، دوکان، کەلار، هەولێر، ئاکرێ، ناشناڵ، هەڵەبجە، دەربەندیخان، بەردەڕەش).

بواری کات: ماوەی بەردەستبوونی فۆرمی راپێوییەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (٤٨) کاتژمێری خایاندووە، رۆژانی ١١و ١٢ی ئایاری ٢٠٢٢.

**٤. ناساندن و روونکردنەوەی بەکارهێنانی زاراوەکان**

پاڵنەر: مەبەست لەو بارەیە کە پاش بیرکردنەوە لە مرۆڤدا دروستدەبێت بۆ نواندن/ نەنواندنی ڕەفتارێك، یان ئەنجامدان/ ئەنجامنەدانی کردارێکی دیارییکراو. پاڵنەرەکان زۆر و هەمەجۆرن. ئەم توێژینەوەیە پاڵنەرە کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و تەکنیکییەکان دەگرێتەوە.

لێکەوتە: ئەو نیشانە بەرجەستە و مەعنەوییانە دەگرێتەوە کە لە رەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەبینرێن لەپاش نواندن/ نەنواندنی ڕەفتارێك، یان ئەنجامدان/ ئەنجامنەدانی کردارێکی دیارییکراو.

ناوی خوازراو: مەبەست لەو ناوەیە کە بەکارهێن پشتی پێدەبەستێت بۆ خۆناساندن و ئەنجامدانی چالاکییەکانی لەنێو جیهانی گریمانەیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. واتە لەبەر هەر هۆکارێك بێت ناوە راستەقینەکەی خۆی دەشارێتەوە و لەجێگەیدا ناو و نازناوی دیکە بەکاردەهێنێت. دەشێت ناوی خوازراو پاشگری هۆز و ناوچە و بنەماڵە و پیشەیەك، یان ناوی شتەکان و کەسایەتییە ناودارەکان بێت، یاخود وشەو ناو و سیفەتێکی بیانیی بێت.

فەیسبووك: یەکێکە لە دیارترین و بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان کە کۆمپانیای (میتا) بەڕێوەیدەبات. لە کوردستانیش زۆرترین بەکارهێنەری هەیە. یەکێکە لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە لەنێو توێژی خوێندکاران -بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە- بەکارهێنی زۆرە و بۆ چالاکیی کەسیی و ئەکادیمیی و کۆمەڵایەتیی پشتی پێدەبەسترێت.

خوێندکار: مەبەست لەو توێژەی کۆمەڵگەیە کە پاش تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی (پۆلی ١٢)، لە ناوەندێکی سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵادا درێژە بە خوێندنەکەی دەدات و تەمەنی لە ١٨ ساڵ، یان زیاترەوە دەستپێدەکات.

لـەم توێژینەوەیـەدا مەبەسـت خوێنـدکاری زانکـۆ و پەیمانگـە حکومیـی و تایبەتەکانـە، کـە یەکەمیـان چـوار سـاڵ و زیاتـر دەخوێنـن و دووەمیـان دوو سـاڵ دەخوێنـن.

## دووەم/ زانیارییبنامەی توێژینەوەکە

### -دەروازەیەك بۆ ناوی خوازراو

نـاوی خـوازراو، جیـاوازە لـە نـاوی چەسـپاو و راسـتەقینەی تـاك. نـاوی دووەمـی کەسـێکە جیـا لـە نـاوە راسـتەقینەکەی خـۆی. هەڵگـری مۆرکێکـی مەعنەوییـە و لەنێـو کۆمەڵگـە و ژیـان و رەفتـاری ئاسـاییدا بەکاردەهێنرێـت و دەبێتـە شوناسـی تـاك. هەڵگـری نـاوی خـوازراو، لـە مامەڵـە و ئەرکـە فەرمییەکانـدا پەنـا دەباتەوەبـەر نـاوە راسـتەقینەکەی خـۆی کـە لـە ناسـنامە و بەڵگەنامـە و تۆمـارە فەرمییەکانـدا چەسـپاوە.

بەپێـی هەمەجۆریـی قۆنـاخ و ئامانـج و بـواری بەکارهێنانەکـەی، پێناسـەی جۆراوجـۆر هـەن بـۆ ئـەم چەمکـە. رەنگـە لـە سـادەترین پێناسـەدا بریتـی بێـت لـە وشـەیەك، یاخـود وەسـفێکی تایبـەت بـۆ ناوزەدکردنـی کەسـێك کـە دەشـێت ئـەو ناوزەدکردنـە هەڵبـژاردەی خـودی کەسـەکە بێـت، یـان کەسـانی دیکـە بۆیـان دانابێـت. لـە ماڵپـەری پێناسـەکان (Definitions)دا بـەم جـۆرە (نـاوی خـوازراو) ناسـێنراوە: «وشـەیەکی خـوازراوە لـە ناوێکـی دیکـەوە وەرگیـراوە، واتـە نـاوی راسـتەقینەی کەسـەکە نییـە و پێـوەی دەلکێنرێـت. جۆرێکـە لـە شوناسـی داپـۆشراو». دەشـێت ئـەو داپۆشـینە مەرامـی نەشـیاوی لەپشـتەوە بێـت، لەوانەشـە بەپێچەوانـەوە، لەپشـتی نـاوی خـوازراوەوە کاری بـاش و دروسـت ئەنجـام بدرێـت.

ئـەم پۆلێنـە بـۆ سـەردەمی تەکنۆلۆجیـای زانیارییـەکان و بەدیاریکراوییـش بـۆ ئێسـتامان دەسـتدەدات کـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بوونەتـە سـەکۆی چالاکیـی هەمەچەشـنی مرۆڤـەکان. نـاوی خـوازراو لـە سـەردەمی ئینتەرنێـت و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا بەربڵاوتـرە. رەنگـە توندتریـن وەسـف بـۆ چالاکانـی ئـەم دیاردەیـە ئەوەبێـت کـە نـاوی لێنراوە (شـەیتانەکانی ئینتەرنێـت). لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە کـە خەڵکانێـك بـە سـوودوەرگرتن لـە خزمەتگوزاریـی ئینتەرنێـت، لەژێـر نـاوی خـوازراودا تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دەکەنـە گۆڕەپانـی ئەنجامدانـی کاری نەشـیاو و شـەیتانانە، بـەڵام دیـارە ئەوەیـان تەنهـا نیشـاندانی دیـوە نەرێنییەکـەی نـاوی خـوازراوە، ئەگەرنـا، ئـەو دیاردەیـە لایەنـی ئەرێنییشـی هەیـە. گـەر لـەو ڕوانگەیەشـەوە پێناسـەی بکرێـت، ئـەوا بۆچوونێکـی پێچەوانـە هەیـە کـە ئـەو کەسـانە بـە «پەیامبەرانـی ئینتەرنێـت» ناودەبـات. (Moustafa,٢٠١٨). بـەو واتایـەی کـە ئەوانـەی لەپشـتی نـاوە خوازراوەکانـەوەن، پەیامبـەری جیهانـی گریمانەیـی تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـن و لەپێنـاو خزمەتـی مرۆڤایەتیـی و پیادەکردنـی مـافو ئازادییـە کەسـییەکاندا چالاکیـی دەکـەن.

### -ناوی خوازراو، لە مێژووی دێرینەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

خۆحەشـاردان لەپشـت نـاوی خـوازراو و شـاراوەوە دیاردەیەکـی دێرینـە و مێـژووی دەسـتپێکەکەی روون نییـە. نـاوی خـوازراو «یەکێکـە لـە کۆنتریـن و بەهێزتریـن شـێوازەکانی خۆشـاردنەوە، یاخـود شـاردنەوەی ناسـنامەی مرۆڤـەکان کـە لەپێنـاو خۆپاراسـتن لـە لێپرسـینەوە و چەوسـاندنەوە و سـزادا، پەنایـان بردووەتەبـەر». (Candeub,٢٠١٧). هەروەهـا (یوسـف ئەحمـەد داغـر) لـە کتێبـی ( معجـم الأسـماء المسـتعارة وأصحابهـا)دا بـاس لـەوە دەکات کـە مـرۆڤ لـە دێرزەمانـەوە پشـتی بـە هێـما و ئامـاژەکان بەسـتووە وەك ئامرازێـك بـۆ پاراسـتنی نهێنییـەکان و بڵاوکردنـەوەی بۆچوونەکانـی لەژێـر نـاوی خـوازراودا. لـە کۆنـدا ئـەم دیاردەیـە بەجۆرێـك بەربڵاوبـووە کـە بەشـێك لـە نـاوە خـوازراوەکان دواجـار لەبـری نـاوی راسـتەقینە بـوون بـە ناسـنامەی بەربـڵاوی کەسـەکان. هەندێکجـار تەنهـا کەسـێك

خاوەنـی کۆمەڵێـك نـاوی خـوازراو بـووە. بـۆ نموونـە، (ڤۆڵتێـر) فەیلەسـوف و رۆشـنگەریی فەرەنسـایی (١٦٠) نـاوی خـوازراوی هەبـووە، (بنیامیـن فرانکلیـن) نووسـەر و سیاسـەتمەداری ئەمریکاییـش (٧٥) نـاوی خـوازراوی هەبـووە. (داغـر، ١٩٩٥، ١٣)..

بـە تێپەڕینـی رۆژگار و لەگـەڵ فراوانبوونـی مـەوداکان و زیادبوونـی خواسـتی نووسـین و دەرکەوتنـدا، دیـاردەی خۆشـاردنەوە یاخـود شـانازیکردن لەژێـر نـاوی خـوازراودا، زیاتـر پەرەیسـەندووە. لـە هەمـوو قۆناغەکانـی گەشـەی کۆمیونیکەیشـندا -زارەکیـی، داهێنانـی نووسـین، داهێنانـی پیـت و چـاپ و چاپخانـە، قۆناغـی ئەلیکترۆنیـی و پاشـان فۆناغـی کارلێکیـی و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان- نـاوی خـوازراو ئامادەگییەکـی بەرچـاوی هەبـووە. «نووسـەر و بیرمەنـد و هونەرمەنـد و شـاعیر و بەهرەمەنـد و سیاسـەتمەدار و بازرگانـەکان و پیاوانـی ئایینیـی و تەنانـەت خەڵکانـی ئاسـایی، نـاوی خوازراویـان بـۆ خۆیـان بەکارهێنـاوە». (Nagel,٢٠١٧). لـە کۆنـدا نـاوە خـوازراوەکان هـۆکار و چیرۆکـی جیاجیـان لەپشـتەوە بـووە، لەوانـە: «رووالەتـی کەسـەکە یـان کەموکوڕییەکـی جەسـتەیی، بەسـەرهاتێکی تایبەتیـی، یـان شـوێن و ناوچەیـەك، ئاواتێـك، خولیایـەك، دۆخێکـی تایبەتـی دەروونیـی، کۆمەڵایەتیـی، ئابووریـی، ئایینیـی و سیاسـیی، یاخـود خوویەکـی تایبەتـی کەسـەکە و ... تـاد». (داغـر،١٨).

پێشـکەوتنی تەکنۆلۆجیـا و فەراهەمبوونـی ئامرازەکانـی بڵاوکردنـەوە و کارلێککـردن لەبـەردەم هەمـوو تاکێکـدا، وایکـردووە کـە ئـەم سـەردەمە ببێتـە جەنجاڵتریـن قۆناغـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا. ئەگـەر لەکۆنـدا بەکارهێنـان و بڵاوەکردنـی نـاوی خـوازراو تەنهـا لەسـەر ژمارەیەکـی کەمـی تاکـەکان مـاڵ بوویێـت، ئـەوا لەئێسـتادا ئـەم دیاردەیـە هەمـوو سـنوورەکانی خاوەنداریـی و بەکارهێنانـی تێپەڕانـدووە. ئەویـش بەهـۆی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە کـە بووەتـە گۆڕەپانێکـی فـراوان و سـەرئاوەڵا، لەسـایەیدا ملیۆنـان کـەس لەڕێـی ئەکاونتـی تایبـەت و لەژێـر نـاوی خـوازراودا جۆرەهـا چالاکیـی ئەنجامـدەدەن.

**-هۆکارەکانی بەکارهێنانی ناوی خوزاراو**

ئـەوەی ئێسـتا لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەیـە، درێژکـراوەی هەمـان دیـاردەی دێرینـە، رەنگـە جیاوازیـی گـەورەی نێـوان هـەردوو قۆناغەکـە بریتیـی بێـت لـە کارئاسـانیی فەراهەمبوونـی ئامـراز و خزمەتگوزارییەکانـی کۆمیونیکەیشـن لـەم سـەردەمەدا بـۆ هەمـوو کـەس بـە جیاوازیـی ئاسـتی رۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتیـی و چینایەتیـی. بۆیـە دەشـێت دیارتریـن هۆکارەکانـی بەربڵاویـی ئـەم دیاردەیـە لەئێسـتادا ئەمانـەی خـوارەوە بێـت:

-تـرس لـە سـزا و لێپێچینـەوەی یاسـایی: ئـەو چالاکییانـەی لەڕێـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە ئەنجامدەدرێـن، هەمەجـۆرن. هەندێـك لەوانـە دەچنـە خانـەی سـەرپێچیی یاسـایی و پیشـەییەوە. زۆرێـك لـە رژێمـە حوکمڕانییـەکان لـە حاڵەتـی ئاشـکراکردنیدا، ئەمانـە رووبـەڕووی سـزای تونـد دەکەنـەوە، بۆیـە ئەوانـەی لـەم بـوارەدا چالاکـن، پەنـا دەبەنـە بـەر بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا.

-تـرس لـە لۆمـە و تانەوتەشـەر: دەشـێت ترسـەکە سیاسـیی بێـت، یاخـود کۆمەڵایەتیـی و خۆشـاردنەوە لـە خێـزان و کۆمەڵگـە. «خەڵکانێـك بەهـۆی چیرۆکێکـی تایبەتییـەوە هەسـت بـە شـکان و شـەرمەزاریی دەکـەن و لەترسـی تۆڵـەی کۆمەڵگـە لەژێـر نـاوی خـوازراودا خۆیـان حەشـاردەدەن و چالاکیـی خۆیـان لـە تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـدا ئەنجام دەدەن». (Gerrard,٢٠٢١).

- چاولێکەریـی: ئەمـە دیاردەیـە لەنێـو دیـاردەدا. بەشـێکی زۆری هەنـگاو و کـردار و بڕیـار و ڕەفتارەکانـی مـرۆڤ لەچوارچێـوەی چاولێکەرییـدا خـۆی دەبینێتـەوە. بەکارهێنانـی نـاوی خوازراویـش لای بەشـێکی بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان هیـچ نییـە جگـە لـە چاولێکەریـی، چونکـە هیچـکام لـە هۆکارەکانـی دیکـەی بەسـەردا ناچەسـپێت.

- خۆشـیی و ئـارەزووی خۆدەرخسـتن: بەشـێکی ئەوانـەی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن، مەبەسـتیان کاتبەسـەربردن و خۆشـییە، یـان ئەوەتـا دەیانەوێـت لەڕێـی ئـەو نـاوە خـوازراوەوە توانـاو لێهاتوویـی خۆیـان تاقیبکەنـەوە. جـۆری دووەمیـان ئەزموونکردنـی توانـا کەسـییەکان و هەڵسـەنگاندنی کاردانـەوەی وەرگـرە.

- نـاوی خـوازراوی ناچاریـی: ئـەو جۆرەیـە کـە مـرۆڤ لـە کۆمەڵگـەدا بەبـێ ویسـتی خـۆی ناوێکـی بەسـەردا بـڕاوە، هـەر ئـەوەش بووەتـە شوناسـێکی ناچاریـی بـۆی لەنێـو جیهانـە گریمانەییەکـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا. پێچەوانـەی ئـەم جـۆرەش نـاوی خـوازراوی ئارەزوومەندانەیـە کـە خـودی کەسـەکە نازناوێـك بـۆ خـۆی هەڵدەبژێرێـت و لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشـدا بـەکاری دەهێنێتـەوە.

- بازرگانیـی و قازانـج: هەندێـك لـە نـاوە خـوازراوەکان ئامانجـی بازرگانیـی و بەدەسـتهێنانی قازانجـی ماددییـان لەپشـتەوەیە. ئەوانـە پشـت بـە نـاوی کەسـایەتی، ئەسـتێرەکان و برانـدە دڵخـوازەکان دەبەسـتن لەپێنـاو کۆکردنـەوەی زۆرتریـن کارلێـك و کاردانـەوەی جیهانـە گریمانەییەکـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا کـە سـەرەنجام بـەو هۆیـەوە دەبنـە سـەکۆی پڕبینـەر و جەماوەریـی گـەورە.

- چەواشـەکاریی: ئـەم سـەردەمە بارگاوییـە بـە ململانـێ سیاسـییەکان و جەنگـی زانیارییـەکان، یەکێـك لـە چەکـە هـەرە کاریگەرەکانـی ئـەم گۆڕەپانـەش بریتییـە لـە چەواشـەکاریی. نـاوە خـوازراوەکان باشـترین ئامـرازن بـۆ بڵاوکردنـەوەی چەواشـەکاریی لـە تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـدا کـە «بەکارهێنـەران بـە ئـارەزووی خۆیـان ئەکاونـت دروسـت دەکـەن -راسـتەقینە بێـت یاخـود بەنـاوی خـوازراوەوە- لـەو ڕێگەیەشـەوە ئەرکـی خۆیـان بەجێدەگەیەنـن کـە چەواشـەکارییە». (عبداللـە،٢٠١٩).

**-دییوە خراپەکانی ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا**

سـەرباری ئـەو پاسـاوانەی کـە هـەن بـۆ بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا کۆمەڵێـک لایەنـی خراپیشـیان هەیـە، کـە ئەمانـەن:

- ناسـنامەی کەسـەکان ون دەکات، واتـە کەسـی بەشـدار بەنـاوی خـوازراوەوە بـە شـاراوەیی دەمێنێتـەوە. دەشـێت بـەوەش زۆر گرفتـی یاسـایی، پیشـەیی، کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی بـەدوای خۆیـدا بهێنێـت.

- چەترێکـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و زانیاریـی سـاختە و چەواشـەکاریی و خێرایـی بڵاوبوونـەوەی لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا، بەمـەش راسـتیی دەبێتـە قوربانیـی ئـەو جیهانـە گریمانەییـەی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان.

- لەژێـر نـاوی خـوازراودا «هانـدان بـۆ رقلێبوونـەوە و دوژمنایەتیـی و رەتکردنـەوەی ئەویـتر زیاتردەبێـت و کۆنترۆڵکردنیشـی ئاسـان نییـە». (٢٠١٥,Kaye).

- متمانـە لەنێـوان بەکارهێنەرانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا کەمدەکاتـەوە بەرامبـەر بـە یەکـدی و ئـەو زانیارییانـەی بڵاودەکرێنـەوە.

**- بواری ناوزڕاندن، لەکەدارکردن و هەڵبەستن و تۆمەت دروستکردن زیاتر دەکات.**

- زۆرجار دەبێتە مایەی زیادبوونی حاڵەتەکانی یاساشکێنیی و دزینی ئەدەبیی و زۆر پێشهاتی نەخوازراوی دیکە.

- ئەوانـەی لەژێـر نـاوی خـوازراودا دەناسرێـن و ناوبانـگ پەیدادەکـەن، لەکۆتاییـدا دووچـاری گرفـت دەبنـەوە، چونکـە رەنگـە ئیـتر نەتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ ناسـنامە و نـاوە راسـتەقینەکەی خۆیـان. دەشـێت ئەمـە لـە مامەڵـە و نـوسراو و رێـکارە فەرمییەکانیشـدا ببێتـە مایـەی سەرئێشـە بـۆ کەسـەکە.

سـەرەنجام بـە هەمـوو لایەنـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانیـەوە، نـاوی خـوازراو لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا وەك شوناسـی تـاك خـۆی دەنوێنێـت لەنێـو ئـەو جیهانـە گریمانەییـەی ئینتەرنێتـدا کـە بووەتـە بەشـێك لـە ژیـان و مامەڵـەی رۆژانـە.

ناوی خوازراو هەرچۆنێك و هەڵگری هەر واتاو ئامانجێك بێت، رۆڵی (شوناسی ئەلیكترۆنیی یان دیجیتاڵی) دەگێڕێت كە وێنایەكی گریمانەییە و دەرهاویشتەی ناو و زانیارییە كەسییەكان و چالاكییەكانی كەسەكەیە لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكاندا، دەشێت ئەو زانیارییانەش ساختە بن یاخود راستەقینە.

## سێیەم/ پراكتیكنامەی توێژینەوەكە

### ١/ گۆڕاوە دیموگرافییەكانی بەرتوێژان:

وەك لە خشتەی (١)دا ڕوون كراوەتەوە، زۆرینەی بەرتوێژەكان لە رەگەزی نێرن بە رێژەی (٦٦،٥٢٪). ئەوەش دەكاتە دوو لەسەر سێی كۆی بەرتوێژەكان، لە بەرامبەردا بەرتوێژانی رەگەزی مێ ڕێژەی (٣٣،٤٨٪) پێكدەهێنن. دەشێت هۆكارێكی ئەم نابەرابەرییە ئەوەبێت كە سامپڵەكە هەڕەمەكیی بێ مەبەستە. هەرچی پەیوەندیی بە گۆڕاوی تەمەنەوە هەیە، ئەو بەرتوێژانەی تەمەنیان لە ٢٢ ساڵو زیاترە بە پلەی یەكەم دێن كە رێژەكەیان دەكاتە (٣٨،٠٥٪)، پاشان تەمەنی (٢١ساڵ) بە رێژەی (٢٢،٠٣٪) و بەدوای ئەوانیشدا بەرتوێژانی تەمەن (١٩ ساڵ) بە رێژەی (١٣،٥٩٪)، پلەی پێنجەمو كۆتاییش ئەوانە گرتوویانە كە كەمترین تەمەنی نێو بەرتوێژانیان هەیە و (١٨) ساڵانن. بەڕەچاوكردنی ئەو بنەمایەی كە خوێندكار لەپاش تەواوكردنی قۆناغی ئامادەیی، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دەبێتە خوێندكاری زانكۆ یان پەیمانگە، پێدەچێت زۆرینەی بەرتوێژەكان خوێندكاری دواقۆناغەكانی زانكۆ بن. سەبارەت بە پسپۆریی بەش و كۆلێژەكانیش، ئەو بەرتوێژانەی لە پسپۆرییەكانی زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكاندا دەخوێنن زیاتر لە دوو لەسەر سێی كۆی ژمارەی بەرتوێژەكان پێكدەهێنن بە رێژەی (٦٣،٨١٪). ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو خوێندكارانەن كە لە بەشە زانستیی و پراكتیكییەكاندان بە رێژەی (٣٦،١٩٪). لە هەمان خشتەدا ئەوە دەردەكەوێت كە لەباری كۆمەڵایەتییەوە زۆرینەی رەهای بەرتوێژان (سەڵت)ن و رێژەی (٨٤،٩٧٪) پێكدەهێنن. ئەوەش رێژەیەكی ئاساییە بە رەچاوكردنی نەریت و دۆخی كۆمەڵایەتیی و ئابووریی خەڵكی كوردستان كە زۆرینەی خوێندكاران لەپاش تەواوكردنی خوێندن و دەستكەوتنی هەلی كاركردن ئینجا بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیریی دەكەنەوە. ئەوانەشی كە خێزاندارن پلەی دووەمیان گرتووە بە رێژەی (١٠،٧٢٪)، پاشان دەسگیراندار بە رێژەیەكی كەم (٣،٨٦٪) و دوای ئەوانیش جیابووەوە بە رێژەیەكی كەمتر (٠،٤٢٪)، بژاردەی پێنجەمیش هیچ بەرتوێژێكی تێدانییە كە خوێندكاری هاوسەرمردووە. دوایین گۆڕاوی دیمۆگرافیی بەرتوێژانیش شوێنی نیشتەجێبوونیانە كە وەك لە خشتەكەدا دیارە، زۆرینەیان دانیشتووی ناوەندی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكانن بە رێژەی (٣٨،٧٦٪)، پاشان بە جیاوازییەكی كەم دانیشتوانی ناوەندی قەزاكان پلەی دووەمیان گرتووە بە رێژەی (٣٢،١٨٪)، دانیشتووی ناحیەكانیش لە پلەی سێیەمدان بە رێژەی (١٨،٤٥٪) و كەمترینیشیان دانیشتووی گوندن بە ڕێژەی (١٠،٥٨٪).

خشتەی (١): گۆڕاوە دیموگرافییەکانی بەرتوێژان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٤٦٥ | ٪٦٦,٥٢ |
| | مێ | ٢٣٤ | ٪٣٣.٤٨ |
| تەمەن | ١٨ ساڵ | ٤١ | ٪٥,٨٦ |
| | ١٩ ساڵ | ٩٥ | ٪١٣.٥٩ |
| | ٢٠ ساڵ | ١٤٣ | ٪٢٠.٤٥ |
| | ٢١ ساڵ | ١٥٤ | ٪٢٢,٠٣ |
| | ٢٢ ساڵ و زیاتر | ٢٦٦ | ٪٣٨.٠٥ |
| بواری خوێندن | ز. سروشتی و پەتییەکان | ٢٥٣ | ٪٣٦.١٩ |
| | ز. مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان | ٤٤٦ | ٪٦٣,٨١ |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | ٥٩٤ | ٪٨٤,٩٧ |
| | خێزاندار | ٧٥ | ٪١٠,٧٢ |
| | جیابووەوە | ٣ | ٪٠,٤٢ |
| | دەستگیراندار | ٢٧ | ٪٣,٨٦ |
| | هاوسەرمردوو | ٠ | ٪٠٠ |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوەندی پارێزگا/ ئیدارە | ٢٧١ | ٪٣٨,٧٦ |
| | ناوەندی قەزا | ٢٢٥ | ٪٣٢,١٨ |
| | ناحیە | ١٢٩ | ٪١٨,٤٥ |
| | گوند | ٧٤ | ٪١٠,٥٨ |

**٢/ ناوی بەکارهاتوو لەلایەن بەرتوێژانەوە لە فەیسبووک دا:**

بەپێی داتای بەدەستهاتوو کە لە خشتەی (٢)دا دیارە، ڕێژەی (٪٨٣،٢٦)ی کۆی مشتەی توێژینەوەکە ئەکاونتەکانیان لە تۆڕی فەیسبووکدا بەناوی راستەقینەی خۆیانەوەیە. ئەوانەشی کە بە ناوی خوازراوەوە فەیسبووک بەکاردەهێنن بەپلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (٪١٣،٣٠)ی کۆی بەرتوێژان کە ژمارەیان (٩٣) خوێندکارە لە کۆی (٦٩٩) کەس. ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە و بایەخی ئەم توێژینەوەیە و هۆکاری دیاریکردنی کێشەکەی ڕوونتر دەکاتەوە. سەبارەت بە بژاردەی سێیەم کە پشتبەستنی خوێندکارانە بە کورتکراوەی ناوی راستەقینەی خۆیان لە فەیسبووکدا، کەمترین ژمارەی بەرتوێژ لەم خانەیەدا دەبینرێت بە ڕێژەی (٪٣،٤٣).

ئەم ڕێژانە دەریدەخەن کە خوێندکاری کورد کەمتر پشت بە ناوی خوازراو دەبەستن لەچاو خوێندکاری زانکۆکانی میسردا، وەک لە توێژینەوەی (قطب،٢٠٢٠، ٢١٤)دا هاتووە: ڕێژەی (٪٢٥،٠٠)ی خوێندکاری زانکۆکانی میسر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوی خوازراو بەکاردەهێنن.

خشتەی (٢): دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ناوی ئەکاونتەکانیان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی بەکارهاتوو | ناوەکەی ڕاستەقینەیە | ٥٨٢ | ٪٨٣,٢٦ |
| | ناوەکەی خوازراوە | ٩٣ | ٪١٣,٣٠ |
| | کورتکراوەی ناوی ڕاستەقینەیەتی | ٢٤ | ٪٣,٤٣ |

بەپێی داتاکانی خشتەی (٣) کە وردەکاریی شاردنەوەی ناو و زانیارییەکانی بەرتوێژان لەخۆدەگرێت لە فەیسبووکدا، زیاتر لە نیوەی ئەوانەی کە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن تەنها ناوەکەیان خوازراوە، واتە وێنەی پرۆفایل و زانیاریی سەر پرۆفایلەکانیان ڕاستەقینەیە، ڕێژەکەش (٥٥،٩١٪)ە. ئەوانەشی ناو و وێنەی پرۆفایلەکەیان هی خۆیان نییە بەپلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (٣٠،١٠٪). کەمترین ڕێژەش ئەوانە پێکیدەهێنن کە ناو و وێنە و زانیاریی سەر پرۆفایلەکانیان خوازراون بە ڕێژەی (١٣،٩٧٪).

ئەم ئەنجامانە پێچەوانەی بەکارهێنانی ناوی خوازراون لەلایەن خانمانی ئێرانییەوە. وەک لە توێژینەوەی (Ibrahimi & Salaverria:٢٠١٥)دا هاتووە، زۆرینەی خانمانی ئێرانیی ناوی خوازراو بەکاردەهێنن، کەچی وێنەکانیان ڕاستەقینەن، بەجۆرێک دژیەکییەک هەیە لەنیوان ڕەفتاری ڕاستەقینە و چالاکییان لە فەیسبووکدا، چونکە لە ژیانی ڕاستەقینەدا جەستەیان دادەپۆشن بەڵام، لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەبێ سەرپۆش و پۆشاکی زۆر، ێنەکانیان دادەنێن.

خشتەی (٣): شێوازی خۆناساندنی بەرتوێژان بەناوی خوازراوەوە

| | | |
|---|---|---|
| تەنها ناوەکەی خوازراوە | ٥٢ | ٪٥٥,٩١ |
| ناو و وێنەی پرۆفایلەکەی خوازراوە | ٢٨ | ٪٣٠,١٠ |
| ناو، وێنە، زانیاریی پرۆفایلی خوازراوە | ١٣ | ٪١٣,٩٧ |

سەبارەت بە واتای ناوی خوازراوی بەرتوێژەکان لە فەیسبووکدا، وەك لە خشتەی (٤)دا دەردەکەوێت، بەرتوێژان بەپلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٢٩،٠٣٪) ناوە خوازراوەکەیان لە ناوێکی سرووشتییەوە وەرگرتووە، وەکو ناوی (گوڵ، چیا، درەخت و ڕووبار و ...تاد). ئەوانەشی کە ناوی کەسایەتیی و ئەستێرە ناودارەکانیان خستووەتە سەر پرۆفایلەکانیان پلەی دووەمی ڕیزبەندییەکەیان گرتووە بە ڕێژەی (٢٧،٩٥٪). هەرچی ئەوانەشە کە فەیسبووکی خۆیان بەناوی کەسێکی نزیك و خۆشەویستی خۆیانەوە داناوە، پلەی سێیەمیان گرتووە بە ڕێژەی (٢١،٥٠٪). پاشان لە پلەی چوارەمدا ئەوانە دێن کە ناوە خوازراوەکەیان گوزارشت لە باری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دەکات بە ڕێژەی (١٦،١٢٪). ئەوانەشی کە ناوێکی ئایینییان بەکارهێناوە پلەی پێش کۆتاییان گرتووە بە ڕێژەی (٥،٣٧٪)ی کۆی ئەو بەرتوێژانەی کە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن لە فەیسبووکدا. هەر بەگوێرەی داتاکانی نێو هەمان خشتە، هیچکام لە بەرتوێژەکان ناوێکی خوازراو بەکارناهێنن کە گوزارشت بکات لە بیروباوەڕی سیاسییان.

ئەم ئەنجامانە تەواو پێچەوانەی واتا و مەرامی بەکارهێنانی ناوی خوازراون لای گەنجانی شاری (ماردین) لە باکووری کوردستان. وەک لە توێژینەوەی (Costa: ٢٠٢٠)دا دەرکەوتووە، گەنجانی شاری ماردین زۆربەیان ناوی خوازراوی سیاسیی بەکاردەهێنن لە فەیسبووکدا، ئەوەش وەک ستراتیژێک بۆ ئاڵوگۆڕی ئازادانەی بابەتی سیاسیی و خۆدزینەوە لە چاودێرییە توندەکانی دەوڵەت.

خشتەی (٤): گوزارشت و واتای ناوی خوازراوی بەرتوێژان لە فەیسبووکدا

| | | |
|---|---|---|
| ناوی شتێکی سرووشتییە | ٢٧ | ٪٢٩،٠٣ |
| ناوی کەسایەتییەک یان ئەستێرەیەکی ناودارە | ٢٦ | ٪٢٧،٩٥ |
| ناوی کەسێکی نزیک و خۆشەویستیەتی | ٢٠ | ٪٢١،٥٠ |
| گوزارشتە لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆی | ١٥ | ٪١٦،١٢ |
| ناوێکی ئاینییە | ٥ | ٪٥،٣٧ |
| گوزارشت لە بیروڕای سیاسیی خۆی دەکات | ٠ | ٪٠٠ |

**٣/ پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە:**

بەپێـی داتاکانـی خشـتەی (٥) کـە تایبەتـە بـە پاڵنەرەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەلایـەن ئـەو (٩٣) بەرتوێـژەی کـە ئەکاونتەکەیـان لـە فەیسـبووکدا بەنـاوی خوازراوەوەیـە، پاڵنـەری یەکـەم ئەوەیـە کـە زۆربەیـان بە ڕێـژەی (٣٥،٤٨٪) بـە پێویسـتی نازانـن نـاوی راسـتەقینەی خۆیـان بەکاربهێنـن لـە فەیسـبووکدا. ئەوانەشـی کـە نـاوە راسـتەقینەکەی خۆیـان بـەدڵ نییـە بـە ڕێـژەی (١٧،٢٠٪) لـە پلـەی دووەمـدان. ئەوانـەش لـە پلـەی سـێیەمدان کـە لەترسـی تانـەی کۆمەڵگـە نـاوی خۆیـان ئاشـکراناکەن و ڕێژەکەیـان دەکاتـە (١٢،٩٠٪). بەشـێکی دیکـەی بەرتوێـژەکان تەنهـا وەکـو چاولێکەریـی نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن و لـە پلـەی چوارەمـدان بەڕێـژەی (٨،٦٠٪). پلـەی پێنجەمیـش لەیـەك کاتـدا چـوار بـژاردەی بەشـێوەی یەکسـان لەخۆیـدا کۆکردووەتـەوە بـە ڕێـژەی (٥،٣٧٪) کـە بریتیـن لـە (ترسـی گێچـەڵ و بێزارکـردن، ترسـی هاککـردن، بـۆ خۆشـاردنەوە لـە هـاوڕێ و خەڵکـی بـەدکار، ترسـی خێـزان و کەسـوکار). هەرچـی پاڵنـەری پۆزلێـدان و خۆدەرخستنیشـە بەهـۆی نـاوی خـوازراوەوە، دواییـن پلـەی ریزبەندیـی بژاردەکانـی گرتـووە بـە ڕێـژەی (٤،٣٠٪) لـە کـۆی ئـەو بەرتوێژانـەی کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن.

جیاوازیـی پلەبەندیـی پاڵنـەرەکان لەنێـوان خوێنـدکاری کـورد و خوێنـدکاری میسریـدا ئەوەیـە کـە پاڵنـەری یەکـەم لای خوێنـدکاری کـورد ئەوەیـە کـە بەپێویسـتی نازانـن نـاوی راسـتەقینەی خۆیـان بەکاربهێنـن، بـەڵام خوێنـدکاری زانکۆکانـی میسر بەپێـی توێژینـەوەی (ابوزیـد،٢٠٢٠، ٤٥) پاڵنـەری یەکەمیـان ئەوەیـە کـە نـاوی خـوازراو بوێریـی و ئازادیـی نووسـین و بڵاوکردنەوەیـان دەداتـێ.

خشتەی (٥): پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە

| | | |
|---|---|---|
| بەپێویستی نازانێت ناوە راستەقینەکەی ئاشکرابکات | ٣٣ | ٪٣٥,٤٨ |
| ناوی راستەقینەی خۆی بەدڵ نییە | ١٦ | ٪١٧,٢٠ |
| لەترسی تانەی کۆمەڵگە | ١٢ | ٪١٢,٩٠ |
| تەنها چاولێکەرییە | ٨ | ٪٨,٦٠ |
| لەترسی گێچەڵ و بێزارکردن | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| لەترسی هاککردن | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| بۆخۆشاردنەوە لە هاوڕێی بەدکار | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| لەترسی خێزان و کەسوکار | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| تەنها بۆ پۆزلێدان و خۆدەرخستن | ٤ | ٪٤,٣٠ |

هەروەکو لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت، دیارترین پاڵنەری بەکارهێنانی ناوی ئەستێرە و کەسایەتییەکان لای بەرتوێژان، سەرسامییانە بە واتای ناوی کەسەکە بە رێژەی (٣١،١٨٪)ی کۆی ئەو بەرتوێژانەی کە ئەکاونتی فەیسبوکیان بە ناوی خوازراوەوەیە. سەرسامبوون بە کەسایەتی و رەفتاری کەسەکانیش وەک پاڵنەری دووەم هاتووە کە رێژەکەی دەکاتە (١٩.٣٥٪). لەکاتێکدا هەردوو پاڵنەری (سەرسامبوون بە جوانیی و کەشخەیی کەسەکە) و (سەرسامبوون بە بەهرە و لێهاتوویی کەسەکە) بەشێوەیەکی یەکسان پلەی سێیەمیان گرتووە بە رێژەی (١١،٨٢٪) بۆ هەریەک لەو دوو بژاردەیە. یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکان، بەکارهێنانی ناوی کەسەکانە بۆ زیادکردنی ژمارەی هاورێ و کۆمێنت و کارلێك لە فەیسبووکدا کە (١٠،٧٥٪)ی بەرتوێژان بەو پاڵنەرە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن. هەردوو پاڵنەری (بەکارهێنانی ناوی کەسەکە وەك گاڵتەجارِیی) و (لەکەدارکردنی ناوی کەسەکە لەرێی پۆست و کۆمێنتی نەشیاوەوە) بەشێوەیەکی یەکسان پلەی پێنجەمیان گرتووە لای ئەو بەرتوێژانەی کە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن و رێژەی هەریەکەیان دەکاتە (٧،٥٢٪).

ئەو داتایانەی سەرەوە نیشانیدەدەن کە سەرباری بەربلاویی دیاردەی خراپ بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لەنێو سامپڵەکەدا کەمترین رێژەی خوێندکاری زانکۆو پەیمانگەکان پشت بە ناوی خوازراو دەبەستن بۆ مەبەستی نەرێنیی وەك گاڵتەپێکردن یان لەکەدارکردنی ناوی کەسایەتیی و ناوداران کاتێك ئەکاونتی خۆیان بە ناوی ئەوانەوە دروست دەکەن.

خشتەی (٦): پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی ئەستێرە و کەسایەتییەکان لای بەرتوێژان

| | | |
|---|---|---|
| سەرسامبوون بە واتای ناوی کەسەکە | ٢٩ | ٪٣١,١٨ |
| سەرسامبوون بە کەسێتیی کەسەکە | ١٨ | ٪١٩,٣٥ |
| سەرسامبوون بە کەشخەیی/ جوانیی کەسەکە | ١١ | ٪١١,٨٢ |
| سەرسامبوون بە بەهرە و لێهاتوویی کەسەکە | ١١ | ٪١١,٨٢ |
| بەکارهێنانی ناوەکە بۆ لایک و کۆمێنت و کارلێک | ١٠ | ٪١٠,٧٥ |
| بەکارهێنانی ناوی کەسەکە وەک گاڵتەجارِییەک | ٧ | ٪٧,٥٢ |
| لەکەدارکردنی ناوبانگی بە کۆمێنت و پۆستی نەشیاو | ٧ | ٪٧,٥٢ |

**٤/ لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە:**

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (٧) کە تایبەتە بە لێکەوتە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەلایەن بەرتوێژانەوە، بەپلەی یەکەم و رێژەی (٣٧،٦٣٪) ناوی خوازراو بووەتە جێگرەوەی ناوی راستەقینەی نابەدڵی بەرتوێژەکان لەنێو خێزان و هاورِێکانیاندا. دوو لێکەوتەی ئەرێنیی دیکە بەشێوەیەکی یەکسان پلەی دووەمیان گرتووە کە بریتین لە ئاسوودەیی دەروونیی و رِزگاربوون لە کەسانی بێزارکەر بەهۆی بەکارهێنانی ناوی خوازراوەوە، هەریەك لەو دوو لێکەوتەیەش رێژەکەیان (١٧،٢٠٪)ـە. ئەو خوێندکارانەش کە بەکارهێنانی ناوی خوازراو بوێریی نوسین و بڵاوکردنەوەی پێبەخشیون لە فەیسبووکدا، رێژەی (١٥،٠٥٪) پێکدەهێنن و لە پلەی سێیەمدان. هەرچی پلەی چوارەمیشە ئەو لێکەوتەیە گرتوویەتی کە خوێندکار بەهۆی بەکارهێنانی ناوی خوازراوەوە سەربەست بوون لە زیادکردن یان وەرگرتن و رەتکردنەوەی هەر هاورِێیەکی نوێ لە فەیسبووکدا بە رێژەی (١٢،٩٠٪). هەموو ئەو لێکەوتانەی سەرەوە لەکاتێکدا دێن کە هیچکام لە خوێندکارانی زانکۆ و

پەیمانگـەکان هـاوڕای ئـەو بژاردەیـە نیـن کـە بەهـۆی نـاوی خـوازراوەوە قەدەغەکراوەکانـی کۆمەڵگـە و خێزانیـان شـکاندبێت. ئـەو لێکەوتەیـە لەنێـو بەرتوێژەکانـدا یەکسـانە بـە (سـفر).
کەواتـە بەگوێـرەی داتاکانـی خشـتەی (٧) جیاوازیـی هەیـە لەنێـوان دیارتریـن لێکەوتـەی ئەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەنێـوان خوێنـدکاری کـورد و گەنجانـی جەزائیـردا. ئەنجامەکانـی توێژینـەوەی (بلوطـی،٢٠١٥، ١٦٦) نیشـانیدەدەن کـە لای زۆرینـەی گەنجانـی جەزائیـر بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو، بەپلـەی یەکـەم بووەتـە هـۆی ئازادیی دەربڕیـن لەگـەڵ ئەوانیـتردا، بەبـێ ئـەوەی دەسـتبەرداری بەهـا و پرەنسـیپە کۆمەڵایەتییەکانـی خۆیـان بـن.

خشتەی (٧): لێکەوتە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەسەر بەرتوێژان

| | | |
|---|---|---|
| بووەتە جێگرەوەی ناوەکەی لای کەسوکار و خێزان | ٣٥ | ٪٣٧,٦٣ |
| لەڕووی دەرونییەوە بەو ناوە خوازراوە ئاسوودەیە | ١٦ | ٪١٧,٢٠ |
| ئەو ناوە لە کەسانی بێزارکەر ڕزگاری کردووە | ١٦ | ٪١٧,٢٠ |
| بوێریی نووسین و بڵاوکردنەوەی پێبەخشیوە | ١٤ | ٪١٥،٠٥ |
| سەربەستە لە وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی هاوڕێی نوێدا | ١٢ | ٪١٢,٩٠ |
| بەهۆیەوە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگە دەشکێنێت | ٠ | ٪٠,٠ |

داتاکانـی خشـتەی (٨) ئـەوە روونده‌کەنـەوە کـە دیارتریـن لێکەوتـەی نەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێنـدکار ئەوەیـە کـە بووەتـە هـۆی نەناسـینەوەیان لەلایـەن هـاوڕێ ڕاسـتەقینەکانی خۆیانـەوە بـە ڕێـژەی (٣٤،٤٠٪). لێکەوتـەی نەرێنیـی دوای ئەویـش نەبوونـی متمانـەی بەکارهێنەرانـی فەیسـبووکە بـەو کەسـانەی کـە نـاوی خـوازراو بەکاردەهێنـن، ئـەم لێکەوتەیـە بـە پلـەی دووەم و ڕێـژەی (٣١،١٨٪) هاتـووە. ئەوانەشـی بەهۆی نـاوە خوازراوەکەیانەوە فێـری زیادەڕۆیـی و سـنووربەزاندن بـوون ڕێژەکەیـان گەیشـتووەتە (١٥،٠٥٪) و لـە پلـەی سـێیەمدان. لێکەوتەیەکـی نەرێنیـی دیکـەی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێندکارانـی زانکـۆ و پەیمانگـەکان ئەوەیـە کـە بـەو هۆیـەوە ڕێـژەی (١٢،٩٠٪)یـان دووچـاری کێشـەی کۆمەڵایەتیـی بـوون. لـە پلـەی پێنجەمـی بژاردەکانیشـدا ئـەوە دەردەکەوێـت بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو بووەتـە هـۆی گـۆڕانـی ڕەفتـاری بەکارهێنـەری فەیسـبووك و دابڕانـی لـە کەسـایەتییە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی، ڕێـژەی ئەوانـە دەکاتـە (٥،٣٧٪). ئـەوەی دەمێنێتەوە نائاسـوودەیی دەروونییـە وەك لێکەوتەیەکی نەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێنـدکاری زانکـۆو پەیمانگـەکان. ئـەم لێکەوتەیـە لەسـەر کەمترینیـان ڕەنگدانـەوەی هەبـووە و ڕێژەکـەی تەنهـا (١،٠٧٪)ـە.
بەبەراودکردنـی ئـەو ئەنجامانـەی سـەرەوە دەردەکەوێـت کـە دیسـان جیاوازیـی هەیـە لـە ریزبەندیـی لێکەوتـە ئەرێنییەکانـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێندکاری کـورد و گەنجانـی جەزائیـر. توێژینەوەی (اسـمهان،٢٠١٨، ٤٢٦) ئـەم بۆچوونـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە دەریخسـتووە دیارتریـن لێکەوتـەی نەرێنیـی لەسـەر گەنجانـی جەزائیـر ئەوەیـە، کـە بەهـۆی نـاوی خـوازراوەوە دووچـاری ئاسـتەنگ بـوون لـە جیاکردنـەوەی شوناسـی راسـتەقینە و گریمانەیی خۆیانـدا.

خشتەی (٨): لێکەوتە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لەسەر بەرتوێژان

| | | |
|---|---|---|
| بەهۆی ناوە خوازراوەکەوە هاوڕێ راستەقینەکانی نایدۆزنەوە | ٣٢ | ٪٣٤,٤٠ |
| کەسانی نەناسراوە متمانەی پێناکەن | ٢٩ | ٪٣١,١٨ |
| فێری زیادەڕۆیی و سنووربەزاندنی کردووە | ١٤ | ٪١٥،٠٥ |
| دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتیی کردووە | ١٢ | ٪١٢,٩٠ |
| رەفتارەکانی لە فەیسبووک دوورن لە کەسێتیی ڕاستەقینەی خۆی | ٥ | ٪٥,٣٧ |
| دەروونی نائاسودەیە بە ڕەفتارەکانی لەژێر ئەو ناوەدا | ١ | ٪١،٠٧ |

## چوارەم/ ئەنجامو لێکدانەوە:

**لەبەر رۆشنایی ئەو داتایانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتوون، توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە:**

١-فەیسبووک سەکۆیەکی کاریگەرە بۆ خوێندکار کە بەهۆیەوە دەتوانێت بەهەر جۆرێک بیەوێت خۆی تێدا نمایش بکات. پەنابردن بۆ ناوی خوازراویش، ئەو گریمانەیەی (هۆفمان) دەسەلمێنیت کە تاکەکان خوازیارن لەپشتی پەردەوە چالاکیی و کەسایەتیی خۆیان بنوێنن. هەروەکوو ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن کە پشتبەستنی خوێندکاری زانکۆو پەیمانگەکان بە ناوی خوازراو لە فەیسبووکدا دیاردەیەکی بەربڵاوە بە رێژەی (٪١٣،٣٠)ی کۆی بەرتوێژانی توێژینەوەکە.

٢-دوورەپەرێزیی و خۆپاراستنی خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان لە چالاکیی و رەفتاری سیاسیی، ئایینیی لەڕێی فەیسبووک، یان لانیکەم لەڕێی ناوی خوازراوەوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە وای نیشاندەدەن کە هیچکام لە بەرتوێژەکان ناوە خوازراوەکەیان گوزارشت لە بیروڕای سیاسییان ناکات، کەمترینیشیان ناوە خوازراوەکەیان هەڵگری واتایەکی ئایینییە بە رێژەی (٪٥،٣٧).

٣-کاتێک بەراوردی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکەین لەگەڵ ئەنجامی بەشێک لە توێژینەوە هاوشێوەکانی دیکە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاردەیەکی بەربڵاوە. ئەمە وایکردووە توێژەران لێی بکۆڵنەوە و توێژینەوەیان لەبارەوە بکەن. هەروەها تەواوی پاڵنەر و لێکەوتەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هەن، بەڵام لەڕووی ڕیزبەندییەوە جیاوازن. ئەوەش رەنگدانەوەی دۆخ و ژینگەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئایینیی و باری تاکەکەسییانە.

٤-پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراو لای خویندکارانی کورد هەمەجۆر و جیاوازن، زۆربەی بەرتوێژەکان بەپێویستی نازانن ناوی راستەقینەی خۆیان دابنێن. هەن ناوە راستەقینەکەی خۆیان بەدڵ نییە، ئەوانە (٪١٧،٢٠)ی ئەو بەرتوێژانە پێکدەهێنن کە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن. سەبارەت بە پاڵنەرە کۆمەڵگەییەکانیش، هەن لەترسی کۆمەڵگە و تانەی خەڵك بە رێژەی (٪٥،٣٧) ناوی خوازراو بەکاردەهێنن، ئەوانە هەستدەکەن کە پارێزراو نین، بەڵام رێژەکەشیان هێندە زۆر نییە لەچاو پاڵنەرەکانی دیکەدا.

٥-ئەوەی جێی سەرنجە پاڵنەری کۆمەڵگەیی (گێچەڵ و بێزارکردن)ـە کە رێژەیەکی کەمی بەرتوێژەکان بەو پاڵنەرە ناوی خوازراو بەکاردەهێنن و رێژەکەیان تەنها (٪٥،٣٧)ـە. ترسی هاککردنیش وەك پاڵنەرێکی تەکنیکیی بە رێژەی (٪٥،٣٧) پلەی پێنجەمی گرتووە. پۆزلێدان و خۆدەرخستن-یش وەك پاڵنەرێکی دەروونیی بە رێژەی (٪٤،٣٠) دوایین پلەی ریزبەندیی پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی ناوی خوازراوی گرتووە لەنێو خوێندکاری زانکۆ و

پەیمانگەکانــدا.

٦-سـەرباری بەربڵاویـی دیـاردەی خـراپ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان، رێژەیەکـی کەمـی خوێنـدکاران پشـت بـە نـاوی خـوازراو دەبەسـتن بـۆ مەبەسـتە نەرێنییەکانـی وەك گاڵتەپێکـردن یـان لەکەدارکردنـی نـاوی کەسـایەتی و نـاوداران لەڕێـی دانانـی نـاوی ئـەوان بـۆ ئەکاونتەکانیـان. رێـژەی ئەوانـە دەکاتـە (٧،٥٢٪).

٧-دیارتریـن لێکەوتـەی ئەرێنیـی بەکارهێنانـی نـاوی خـوازراو لەسـەر خوێنـدکاران ئەوەیـە کـە لای (٣٧،٦٣٪)یـان ئـەو نـاوە بووەتـە جێگـرەوەی نـاوە راستەقینەکەیان کـە لـە بنەڕەتـدا بەدڵیـان نییـە. بـەڵام هیچـکام لـە خوێنـدکاران هـاوڕای ئـەو بژاردەیـە نیـن کـە بەهـۆی نـاوی خـوازراوەوە قەدەغەکراوەکانـی کۆمەڵگـە و خێزانیـان شـکاندبێت. ئـەو لێکەوتەیـە لەنێـو بەرتوێژەکانـدا رێژەکـەی یەکسـانە بـە (سـفر).

پێشنیارەکان:

لەپـاش لێکدانـەوەی ئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە، توێـژەر ئـەم ناونیشـانانەی خـوارەوە پێشـنیاردەکات بـۆ توێژینەوە لەبارەیانەوە:

١-توێژینـەوە دەبـارەی پەیوەندیـی بیـروڕای سیاسـیی بـە نـاوی بەکارهێـن لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر چالاکییەکانـی لـەو سـەکۆیاندا.

٢-توێژینەوە دەربارەی کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر شێوازی خۆنمایشکردنی گەنجان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٣-توێژینــەوە دەربــارەی ئاســتی هوشــیاریی یاســایی و ئیتیکیــی تــاک لــە بەکارهێنانــی نــاوی خــوازراو لــە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانــدا.

## پاشکۆ:

*ناوی هەڵسەنگێنەران:

-پ.د. هێرش رەسول مراد/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

-پ.ی.د. شێرکۆ جبار محمد/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

-م.د. هەتاو حمە صالح/ زانکۆی هەڵەبجە

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

### یەکەم-عەرەبی/


١- دينـا فـاروق أبـو زيـد: أخلاقيـات اسـتخدام مواقـع التواصـل الاجتماعـى بـين الشـباب الجامعـى فى مـصر بالتطبيـق عـلى موقـع الفيـس بـوك: المجلـة العلميـة لبحـوث الإذاعـة والتلفزيـون (مـج٢٠٢٠، ع٢٠، ص-ص ١-٦٦: ٢٠٢٠).

٣- نبيلـة بوخبـزة، عبـد الهـادي بـوروبي: تفاعـل مسـتخدمي موقـع التواصـل الاجتماعـي فايسـبوك مـع القضايـا ذات الشـأن العـام بـين التمثيـل والنقـاش، مجلـة الحكمـة للدراسـات الاعلاميـة والاتصاليـة، (مـج٧، ع٣: ٢٠٢٠).

٤- أمـاني عبـد المقصـود: مـدى وعـي طلبـة الإعـلام بالضوابـط الأخلاقيـة لاسـتخدام وسـائل التواصـل الاجتماعـي: المجلـة المصريـة لبحـوث الاعـلام (مـج٢٠١٩، ع٦٨، ص-ص ٣٠٩-٣٥٤: ٢٠١٩).

٥- رايـس عـلي ابتسـام: اسـتخدام الطلبـة الجزائريـين لموقـع الفايسـبوك، مجلـة أفـاق للعلـوم (مـج٠٤، ع١٥، ص-ص١٨٠-١٩٢: مـارس ٢٠١٩)، جامعـة زيـان عاشـور- الجلفـة: ISSN٢٥٠٧-٧٢٢٨

٦- ابتسـام بـلات و سـمية لعريبـي: أثـر اسـتخدام وسـائل التواصـل الاجتماعـي عـلى المراهقـين، رسـالة الماجسـتير غـير

منشورة (الجزائر: جامعة محمد الصديق بن يحيي، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال ٢٠١٨).

٧- سهام مطشر الكعبي: سيكولوجية تقديم الذات لدى النساء، مجلة مركز البحوث النفسية، جامعة بغداد (ع٢٩: ٢٠١٩).

٨- كريم الطيبي: ايتوس الرقمي، صورة الذات الافتراضية في مواقع التواصل الاجتماعي، مجلة الدراسات الاعلامية (ع١٤: ٢٠٢١).

٩- يوسف اسعد داغر: معجم الأسماء الامستعارة واصحابها، مطبعة بيروت، لبنان: ١٩٩٥: ص١٣.

١٠- أيمان محمد حسني عبد الله: أليات التظليل الاعلامي في الخطاب الخبري للصفحات الزائفة المنتحلة بأسماء الصحف المصرية على شبكة الفيسبوك، المجلة المصرية لبحوث الراي العام، (مج١٨، ع ١، يناير ٢٠١٩).

١٢- افنان عبداللة قطب: دوافع استخدام الأسماء المستعارة لدى مستخدمي مواقع التواصل الاجتماعي، المجلة المصرية لبحوث الأعلام، (ع٧١، مج٢٠٢٠: ٢٠٢٠).

١٣- ريحانة بلوطي: دوافع استخدام الهوية الافتراضية في الشبكات الاجتماعية وأثرها على الفرد، رسالة الماجستير غير منشورة، (الجزائر: جامعة الحاج لخضر-باتنة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، ٢٠١٥).

١٤- أسمهان كسيرة: الشباب الجزائري والهوية الافتراضية، رسالَة الدكتوراه غير منشورة، (جامعة عبد الحميد بن باديس، كلية العلوم الاجتماعية، قسم الاعلام والاتصال ٢٠١٨).

### دووەم- ئینگلیزی/

15- Muslimin M: Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 477, Proceedings of the International Conference on Community Development (ICCD 2020).

16- Regina Kasakowskij, Kaja J. Fietkiewicz, Natalie Friedrich, Wolfgang G. Stock: Anonymous and Non-anonymous User Behavior on Social Media, Journal of Information Science Theory and Practice (Info, Theory Part 6(3): 252018 ,36-).

17- Terfa T Alakali, Hemen Philip Faga, Jinatu Mbursa: Audience Perception of Hate Speech and Foul Language in the Social Media in Nigeria, Academicus International Scientific Journal, Issue No: 15, p-p:166183-, VIII/2017.

18- J. Daved Wolvgang: Self-Governance on Trial: A Public Sphere Analysis of News Website Forum Comments, Romanian Journal of Communication and Public Relations, Vol 16 No 3 (2014): published in 2016.

19- Goffman, Erivng: The Presentation of the Self in Everyday Life. New York: Anchor Book.1959, Page:252.

19- https://www.definitions.net/definition/pseudonymity

20- Khaled Moustafa: Social media trolls: between trolling and pastime, Arabic Science Archive, 2018:

Paper DOI: 10.31221/osf.io/b5sjt

21- Adam Candeub: Privacy and Common Law Names: Sand in the Gears of Identification, n, 68 Fla. L. Rev. 467 (2017), Available at: http://scholarship.law.ufl.edu/flr/vol68/iss26/

22- Emily van der Nagel: Social Media Pseudonymity: Affordances, Practices, Disruptions, Swinburne University of Technology, School of Arts, Social Sciences and Humanities, Department of Media and Communication, 2017.

23- Ysabel Gerrard: What's in a (pseudo)name. Ethical conundrums for the principles of anonymisation in social media research, Qualitative Research, 2021, Vol. 21(5) 686–702).

24- David Kaye, Report of the Special Rapporteur on the Promotion and Protection of the Right to Freedom of Opinion and Expression, UN Doc A/HRC/2922) 32/ May 2015).

25- Marziyeh Ebrahimi, Ramón Salaverría: Virtual identities of Muslim women: A case study of Iranian Facebook users, Observatorio (OBS) Journal, vol.9 - nº1 (2015), 15917-.

26- Elisabetta Costa: Affordances-in-practice: An ethnographic critique of social media logic and context collapse. New Media and Society,2018: 116-.

## الملخص

يدرس هذا البحث الوصفي ظاهرة واسعة الإنتشار في شبكات التواصل الاجتماعي وهي استخدام الأسماء المستعارة. والهدف هو الكشف عن دوافع وآثار الظاهرة على طلاب الجامعات والمعاهد في إقليم كردستان العراق. اعتمد الباحث على نماذج جوجل لجمع البيانات حيث كانت الإستمارة متاحا لمدة ٤٨ ساعة لملئها من قبل عينة عشوائية مكونة من طلاب الجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة في الإقليم. وخلال المدة المحددة، أجاب ٦٩٩ مبحوثاً من الذكور والإناث عن الأسئلة. بعد جمع البيانات وتحليلها توصل الباحث إلى نتائج عديدة ومنها: تعتبر (الفيسبوك) منصة فعالة تعبر الطلبة عن انفسم من خلالها كما يشاؤن. كما يؤكد ان لجوء المبحوثين إلى استخدام أسماء مستعارة تجسيداً لفرضية (هوفمان) بأن الأفراد يريدون التعبير عن أنشطتهم وتقديم أنفسهم وراء الكواليس. وفقا لما جاء فى النتائج يستخدم نسبة (١٣,٣٠٪) من إجمالي العينة اسم مستعار فى الفيسبوک، في حين معظمهم لديهم أسم مستعار فقط، لكن صور ملفاتهم الشخصية ومعلوماتهم حقيقية. أما بالنسبة لغرض استخدامهم لهذه النوعية من الأسماء، تظهر النتائج أنه لا تعكس أسماء المبحوثين ميولهم السياسية، فى حين تحمل نسبة (٥،٣٧٪) من الاسماء دلالات دينية. فيما يخص دوافع استخدام الاسم المستعار، يبين النتائج أن الدوافع متنوعة، حيث يرى (٣٥،٤٨٪) منهم انه لا داعي للكشف عن أسمائهم الحقيقية. إضافة إلى ذلك، وعلى الرغم من سوء استخدام الشبكات الاجتماعية على نطاق واسع، فإن نسبة ضئيلة منهم جدا يعتمدون على أسماء مستعارة لأغراض سلبية مثل السخرية أو تشويه سمعة المشاهير من خلال وضع أسمائهم على حساباتهم في الفيسبوك. كما يبين النتائج ابرز آثار الظاهرة الايجابية على المبحوثين، حيث حل الاسم المسعار محل اسمهم الحقيقي بنسبة (٣٧,٦٣٪) من مجموع العينة، بينما فقد نسبة (٣٤,٤٠٪) منهم أصدقاءهم الحقيقيين بسبب استخدامهم لهذه الأسماء.

**الكلمات المفتاحية: دوافع- آثار- أسماء مستعارة- الفيسبوك – الطلبة**

# A Widespread Phenomenon in Social Networks of Using Pseudonyms. The Motives and Effects of the Phenomenon on University and Institute Students in Kurdistan Region of Iraq.

**Abstract**

This descriptive study is about the use of pseudonyms, which is a widespread phenomenon in social networks. The aim of this study is to reveal the motives and effects of the phenomenon on university and institute students in the Kurdistan region of Iraq. The researcher relied on Google forms to collect data, the form was available for 48 hours to be filled out by a random sample of students, from public to private universities and institutes in the region. During this period, 699 respondents answered the questions. After collecting and analyzing the data, the researcher reached several results, which are: Facebook; an effective platform which students express themselves as they wish. The result also confirms that the respondents' resort to using pseudonyms is an embodiment of Hoffman's hypothesis that individuals want to express their activities and present themselves behind the scenes According to the results, (13.30%) of the total sample uses a pseudonym on Facebook, while most of them only have a pseudonym, but their profile pictures and information are real. As for the purpose of their use of this type of names, the results show that the respondents' names do not reflect their political inclinations, while (5.37%) of the names carry religious connotations. With regard to the motives for using the pseudonym, the results show that the motives are diverse, as (35,48%) of them believe that there is no need to reveal their real names. In addition, despite the widespread misuse of social networks, a very small percentage of them rely on pseudonyms for negative purposes such as ridiculing or discrediting celebrities by putting their names on their Facebook accounts. The results also show the most prominent positive effects of the phenomenon on the respondents, where the nickname replaced their real name by (37.63%) of the total sample, while (34.40%) of them lost their real friends because of their use of these names.

**Keywords: motives - effects - pseudonyms - Facebook - students**

https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.160

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# شیکردنەوەی پێچاوپێچ و چەماوەی ڕۆخانەی ڕووباری زێی بچووك لە گوندی دەڵگەوە بۆ دەربەندی ڕانیە

**م پشتیوان علی محمد ابراهیم**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

Pshtiwan.mohammed@uor.edu.krd

**پ عزالدین جمعە درویش**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق

azzadeen.jumaa@garmian.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە پێچاوپێچ و چەماوەیی ڕۆخانەی ڕووباری زێی بچووک لە ناوچەکەدا دەگرێتەوە، لەرووی تایبەتمەندیی مۆرفۆمەتریی و دابەشبوونیان بەدرێژایی ڕۆخانەی ڕووبارەکە، لەڕێگەی خستنەڕووی هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر پێکهاتنی دیاردە ڕامالراوەکان لە ڕووبارەکەدا، وەک پلەی لێژیی و پێکهاتەی جیۆلۆجیی و کەرەستەی هەڵگیراو و تێرژانی لقەچۆمەکان بۆ ڕووباری سەرەکیی و چالاکیی تەکتۆنیی لە ڕووی کردەکانی جیۆمۆرفی وەک (داتاشین و گواستنەوە و نیشتن)، لەگەڵ کاریگەری هۆکارە مرۆییەکان، هەروەها شیکردنەوەیی قۆناغەکانی گەشەسەندنی پێچەڕووبارییەکان، کە لە باکوور بۆ باشووریی ڕووبارەکە بە درێژایی ڕووبارەکە دەردەکەون، هەروەک لەیەکنەچوون و جیاوازی لە نێوان ماوەکانی (١٩٧٢-٢٠٢١)دا، لە پێکهاتنی پێچاوپێچ و چەماوە ڕووبارییەکاندا هەیە، ئەم لەیەکنەچوونەش لەرووی تایبەتمەندییەوە بەپێی پێکهاتەی جیۆلۆجیی و لێژیی لە ڕووی زەوی ناوچەکە دەگۆڕێت، هەروەها جیاوازییەکەش لەرووی تایبەتمەندیی مۆرفۆمەتریی و کردە جیۆمۆرفییەکان لە هەموو بەشەکانی ڕووبارەکەدا دەردەکەوێت. لەم توێژینەوەدا میتۆدی توێژینەوەیی لێهەڵێنجان (الاستنباط) بەکارهاتووە، لەگەڵ شێوازی ژمێرەیی و شێوازی کارتۆگرافیی، بەکارهێنانی بەرنامەی (١٠,٨.ArcGIS.V)، لەگەڵ بەکارهێنانی وێنەی مانگی لاندسات و نموونەیی بەرزی دیجیتاڵی (DEM١٢,٥m)، بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانی ورد. لە ناوچەی توێژینەوەدا (١٧) پێچ لە ڕووبارەکەدا دیاریکراوە، لەو ژمارەیەش (٧) پێچەڕووبار چەماوەیین، (١٠) پێچەڕووباریش پێچاوپێچن، بەپێی هاوکێشەی ڕێژەی پێچخواردن، ڕۆخانەی ڕووبارەکە لە ناوچەکەدا شێوەی پێچاوپێچە، لەبەرئەوەی ڕێژەی پێچخواردنی گەیشتوەتە (١,٥٨)، هەروەها پێچاوپێچی کەوییە بەرزترین ڕێژەی پێچخواردنی هەیە، کە گەیشتوەتە (٥,٤)، لەهەمان کاتدا بەهای هاوئەندازەیی لە پێچاوپێچی بێخرێ تەواو هاوئەندازەییە، چونکە بەهای هەریەک لە لای (س) و (ص) دەگاتە (٤٩)، هەروەها گۆڕان لە درێژی ڕووبار و لێژیی ڕووەکەی لە پێچاوپێچ و چەماوەکانی ڕووبارەکەدا بەردەوامە، بۆ نموونە درێژی ڕۆخانەکە بۆ ساڵەکانی (١٩٨٤ و ٢٠٠٠ و ٢٠٢١) بەدوایی یەکدا گەیشتوەتە (٣٢کم، ٣٢،٨٧٦کم، ٣١،٧٢٧کم)، ئەو گۆڕانکارییانەش کاریگەرییان لەسەر قەبارەی چالاکییە مرۆییەکانی ناوچەکە دەبێت.

**کلیلە وشە: پێچاوپێچ، چەماوە، لێژیی، ڕامالیین، هاوئەندازە .**

Recieved: 27/7/2022
Accepted: 16/8/2022

## پێشەکیی

هێـز و تـەوژم و جوڵـەی ئـاو لـە ڕۆخانـەی رووبـاردا کاریگەرییـان لەسـەر پێکهاتنـی پێچاوپێـچ و چەمـاوە جیۆمۆرفییـەکانی رووبـار هەیـە، ئـەو شـوێنەوار و کاریگەرییانـەی بـە جێیدەهێڵـن دەبنەهـۆی پێکهاتنـی رواڵەتـە جیـاوازەکانی رووی زەوی رووبارەکە، ئـەم جیـاوازی لـە پێکهاتنـی کردەکانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ لـە یەکنەچـوونی کاریگـەری کـردە جیۆمۆرفییـە پێکهێنـەرەکانی پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رووباریـی، ئـەو رواڵەتانـەی دەکەونـە ڕۆخانـەی رووباریـی هـەر ناوچەیـەک، کـە لـە دەرئەنجامـی کـردارەکانی ڕاماڵیـن و نیشـتاندن درووسـتبوون وەک پێچاوپێـچ و چەماوەیـی رووبـاری و دەریاچـەی کەوانەیـی و شـانی رووباریـی و ئەشـکەوتی ڕاماڵـراو (الدليمـي، ١٩٩٦، ص٣٩).

گرنگـی توێژینـەوە لەپێچاوپێـچ و چەمـاوەی رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک لـە ناوچـەی توێژینـەوەدا دەگەڕێــتەوە، بـۆ ئـەوەی رووبارەکـە دەکەوێتـە ناوچەیـەک، کـە لـەرووی بـوونی پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رووبارییـەوە تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە، بـەوەی رۆخانـەی رووبارەکـە چەندیـن دیـاردەی جیۆمۆرفیـی تێـدا دەرکەوتـووە، لـە ئەنجامـی کـردارەکانی داتاشـین و گواسـتنەوە و نیشـتن بـە درێژایـی رووبارەکـە، هەرچەنـدە ئـەم کردارانـەی ڕاماڵیـن و داتاشـینی پێکهاتـەکانی رووی زەویـی بوونەتەهـۆی پێکهاتنـی گۆڕانـکاری لـە پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رووبـار، کـە لـە هەمـوو بەشـەکانی رۆخانـەی رووبارەکـەدا وەک یـەک نیـە، بەڵکـو جیـاوازە بـە جیـاوازی پرۆفایـلی درێـژی رووبـار و لێژیـی رووەکـەی، سـەرەڕای خسـتنەڕووی مـاوەی گەشـەکردنی پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رووباریـی لـە ناوچـەی توێژینـەوە.

کێشەی توێژینەوە لە چەند پرسیارێکی سەرەکییدا بریتیین لە:

١- تا چ ڕادەیەك پێچاوپێچ و چەماوەی رووباری لە هەموو بەشەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دەردەکەون.

٢- پێوانـەی چەمـاوە و پێچاوپێچـە رووبارییـەکان تـا چەنـد دەرخـەری ئـەو راسـتیەن لـە کـرداری راماڵییـن لـە یـەک نەچوونێـک لـە بەشـە جیـاوازەکانی رۆخانـەی رووبارەکـە هەیـە.

٣- هۆکارەکانی بوونی پێچاوپێچ و چەماوەی رووباریی لەبەشە جیاوازەکانی رۆخانەی رووبارەکە چیە؟

بە پێی هەڵکەوتەی رووبارەکە، چەند گریمانەیەک بۆ توێژینەوە بەهەند ورگیراون:

١- پێچاوپێچ و چەماوەی رووباری بەدرێژایی رۆخانەی رووباری زێی بچووک لە ناوچەکەدا دەردەکەون.

٢- لەیەکنەچـوون لـە پێکهاتنـی پێچاوپێـچ و چەمـاوە رووبارییـەکان لـە رووی تایبەتمەندیـی مۆرفۆمەترییـەوە دەرخـەری ئـەو راسـتیەن، کـە کـردە جیۆمۆرفییـەکان و چالاکیـە تەکتۆنیـەکان لـە هەمـوو بەشـەکانی رۆخانـەی رووبارەکـە وەک یـەک کاریگـەر نیـن.

٣- هـۆکارەکانی بـوونی چەمـاوە و پێچاوپێچـی رووباریـی لـە رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد هۆکارێـک ئەوانیـش پلـەی لێژیـی و پێکهاتـەی جیۆلۆجیـی و کەرەسـتەی هەڵگیـراو و تێـڕژانی لقەلاوەکییـەکانی رووبـار و چالاکیـی تەکتۆنیـی لەگـەڵ چالاکیـی مرۆیـی.

ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە خسـتنەرووی هـۆکارە کاریگـەرەکانی پێکهاتنـی چەمـاوەو پێچاوپێچـەکانی رووبـارن لـە رۆخانـەی رووبارەکـەدا، وەک پلـەی لێژیـی و پێکهاتـەی جیۆلۆجیـی و کەرەسـتەی هەڵگیـراو و تێـڕژانی لقەرووبـارە لاوەکییـەکان بـۆ نـاو رووبـاری سـەرەکیی و چالاکیـی تەکتۆنیـی لـەرووی کـردەکانی جیۆمۆرفیـی وەک (داتاشـین و راماڵییـن و گواسـتنەوە و نیشـتن)، لەگـەڵ کاریگـەری هـۆکارە مرۆییـەکان و خسـتنەڕووی چۆنیـەتی گەشـەکردنی چەمـاوە و پێچاوپێچـی رووباریـی لـە ناوچـەی توێژینـەوە.

ناوچـەی توێژینـەوە لـەرووی هەڵکەوتـەی شـوێنی جوگرافییـەوە دەکەوێتـە خۆرهـەڵاتی عێـراق و باکـووری خۆرهـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان، لـە نێـوان هـەردوو هێڵـی درێـژی (٢٢»٥٨،٤٤° - ٢٠»١٢،٤٥°) خۆرهـەڵات، بازنـەی پـانی (٣٨»٠٥،٣٦° - ٣٠»٢٨،٣٦°) باکـوور، لـەرووی بەرزیـی و نزمییـەوە رووی ئاوزێڵەکـە بەرزتریـن شـوێنی دەگاتـە (١٦٣٢م) لەئاسـتی رووی دەریـاوە، نزمتریـن

شـوێنی دەگاتـە (٤٩٥م) لەئاسـتی رووی دەریـاوە، لەگـەڵ ئـەوەی درێـژی ڕۆخانـەی رووبارەکـە لـە گونـدی دەڵگـەوە بـۆ دەربەنـدی رانیـە واتـە دۆڵـی رووبـاری تۆسـووران دەگاتـە (٣١,٧٢٧کـم)، هەروەهـا رووبـەری ناوچـەی توێژینـەوە دەگاتـە (١٢٨,٨)کـم٢. (نەخشـەی (١)) .

هـۆکاری ئـەوەی توێـژەر ئـەم ناونیشـانەی هەڵبژاردووە بەمەبەسـتی زیاتـر ووردبونەوە لـە کاریگەرییـەکانی پێچاوپێـچ و چەماوەکانی رۆخانـەی رووبارەکـە لەسـەر رواڵەتـە جیۆمۆرفییـەکانی ناوچـەی توێژینـەوە، بۆیە بە مەبەسـتی خسـتنەرووی قۆناغەکانی گەشـەکردن و شـیکردنەوەی زیاتریـی کاریگەرییـەکانی ئـەم جـۆرە رواڵەتانە لـە رۆخانـەی رووبارەکەدا ئـەم توێژینەوەیـەی ئەنجامداوە.

میتـۆدی توێژینـەوە و ڕێگـەی کارکـردن: لـەم توێژینـەوەدا پشتبەسـتراوە بـە خسـتنەڕووی چەمـاوە و پێچاوپێچیـی رووبـار، کـە لـە ئەنجامـی جوڵـەی ئـاو لـە رووبـاردا درووسـت دەبـن، بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە ئامانجـی توێژینـەوە ئـەو میتـۆدەی بـۆ توێژینـەوە بەکارهاتـووە بریتیـە لـە میتـۆدی لـێ هەڵێنجـان (الاسـتنباط)، لەگـەڵ شـێوازی ژمێرەیـی و شـێوازی کارتۆگرافیـی، بەکارهێنـانی بەرنامـەی (١٠,٨.ArcGIS.version)، لەگـەڵ بەکارهێنـانی وێنـەی مانگیـی لاندسـات و وێنـەی ئاسـمانیی و نموونەیـی بـەرزی دیجیتاڵیـی (DEM١٢,٥m)، بەمەبەسـتی خسـتنەڕوو و دۆزینـەوەی جیـاوازی مـاوەی گەشـەکردنی ئـەو رواڵەتانـە و ئەنجامـدانی کاری مەیـدانی.

پـلانی توێژینـەوە: بـۆ ئـەوەی ئامانجـی توێژینەوەکەمـان بپێکیـن، پلانـی توێژینـەوە، دابەشـکراوە بـە سـەر سـێ تـەوەرەی سـەرەکیدا تـەوەرەی بـەشی یەکـەم شـیکردنەوەی تایبەتمەندییـە پێکهێنـەرەکانی ژینگەیـی سرووشـتی رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک، بـەشی دووەم تایبەتمەندییـە مۆرفۆمەترییـەکانی پێچاوپێـچ و چەماوەیـی رووباریـی دەگرێتەخـۆی، بـەشی سـێیەم هـۆکارەکانی پێکهاتـن و گەشـەکردنی پێچاوپێـچ و چەماوەیـی رووباریـی لـە رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک دەگرێتەخـۆی.

نەخشەی(١)شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە بەپێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان



سـەرچاوە: کاری توێـژەر بـە بەکارهێنـانی بەرنامـەی (10,8.ArcGIS.version)  بەسـوود وەرگرتـن لـە: هاشـم یاسـین حـداد و سـەردار محمـد عبدالرحمـن و هۆشـیار محمدامیـن خۆشـناو، ئەتڵەسـی هەرێمـی کوردسـتانی عێراق)عێـراق و جیهـان(. لەبڵاوکراوەکانـی کۆمپانیـای تێنـووس بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠٠٩، لا٢٠. لەگـەڵ بەکارهێنـانی (12,5m DEM)

## بەشی یەکـەم: شیکردنەوەی تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی ژینگەیی سرووشتی ڕۆخانەی رووبارەکە

ئامانجـی سـەرەکیی لـە نوسـینی ئـەم بابەتـە شـیکردنەوەی چەندێتیـی کاریگـەری ڕەگـەز و پێکهێنـەرەکانی ژینگەیـی سرووشـتی رۆخانـەی رووبارەکەیـە لەسـەر چالاکیـی پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رۆخانـەی رووباریـی زێـی بچـووک لـە ناوچەیـی توێژیینـەوە، کـە هۆکارێکـە لـە پێکهێنـان و گەشەسـەندنی شـێوەکانیی زەویـی رووبارەکـە، بـە ئامانجـی کێشـانیی وێنـەی کۆتایـی بـۆ ئـەم کردارانـە.

### ١: پێکهاتە جیۆلۆجییەکان (The Geological Formation)

 دیـاردە جیۆمۆرفییـەکان بەجـۆرە جیاوازەکانیانـەوە گومانـی تێـدا نیـە، دەرئەنجامـی کـرداره ناوەکیـی و کـرداره دەرەکیەکانـن، ئەمـەش وایکـردووە توێژینـەوە لـە لایەنـی جیۆلۆجیـی گرنگیەکـی گـەورەی لـە توێژینـەوە جیۆمۆرفییەکانـدا هەبێـت، هـەروەك لـە یەکنەچوونیـی رواڵەتەکانیـی رووی زەویـی رەنگدانـەوەی جیاوازیـی و بونیادیـی تاوێرەکانـە (ایهـاب عزیـز درویـش الزیـادی، ٢٠١٧، ص١٦)، ئەمـەش لـە جیـاوازی رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچووکـدا لەباکـووری بـۆ باشـووری بـەدی دەکرێـت. نەخشـەی (٢)

لـەرووی پێکهاتـەی جیۆلۆجییـەوە ناوچـەی توێژینـەوە لەباکـوورەوە بـۆ باشـووری لەپێکهاتەکانـی جیۆلۆجیـی مـاوەی دووەم (میزۆزۆییکـەوە، سـەرەتای کریتاسـیەوە) بـۆ مـاوەی چـوارەم (چاخـی چارەگیـی چـوارەم، پلایستۆسـین) دەڕوات واتـا لـە مـاوەی ژیانـی کۆنـەوە بـۆ مـاوەی ژیانـی نـویێ.

١- پێکهاتـەی قەمچوغـە: ئـەم پێکهاتەیـە لەمـاوەی دووەمـە و تەمەنیـی بـۆ سـەرەتای چاخـی کریتاسـیی دەگەڕێتـەوە، یەکێکـە لـە پێکهاتـە بەربـڵاوەکان لـە عێراقـدا،(1997,Varoujan K. Sissakian)، ئـەم پێکهاتەیـە لەناوچـەی توێژینـەوەدا لەوپـەڕی باکـووری خۆرهـەڵات و خۆرهـەڵات و باشـووری خۆرهـەڵات دەردەکەوێـت، هـەروەک دەکەوێتـە زنجیـرە چیـای ئاسـۆس و رووبەرەکـەی دەگاتـە (٦,١٤کـم٢)، ئـەم پێکهاتەیـە لەنزیـك دەربەنـدی رانیـە لەبەشـەکانی باشـوور لای چەپـی کەنـاری رووبارەکـە پێکدێنێـت و کاریگەرییەکـی کەمیـی لەسـەر گـۆڕانی پێچەرووبـارەکان هەیـە،

٢- پێکهاتـەی عەقـرە – بێخمـە: ئـەم پێکهاتەیـە رووبەرەکـەی دەگاتـە نزیکـەی (٤٩,٥٤کـم٢) لەباکـوور بـۆ باشـوور درێژدەبێتـەوە، کەنـاری لای چەپـی رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـوك پێکدێنیـت، کـە لـە گونـدی دەڵگـە بـۆ خـڕی نێزۆکـی درێژدەبێتـەوە، جـۆری تاوێـرەکانی لـە جـۆری بـەردی دۆلۆمایتـی جیریـی لەگـەڵ بـەردی جیرییـە، کاریگـەری لەسـەر گـۆڕانی پێچەڕووبـارەکانی ئـەو ناوچەیـە کەمـە، چونکـە توانـای بەرگـری تاوێـرەکانی بـۆ کـرداری داتاشـین بەهێـزە و شـێوەی کەنـارەکانی کەندڕیـە بـە گۆشـەی (٤٥ پلـە بـۆ ٩٠پلـە).

 ٣- پێکهاتـەی شـیرانش: ئـەم پێکهاتەیـە لەرووبـەری (٣,٤٩کـم٢) لەباکـووری ناوچەکـە دەردەکەوێـت، بـە شـێوەی پارچـەی لێکدانەبـراو، کەنـاری لای ڕاسـتی ڕۆخانەکـە لـە باشـووری گونـدی دەڵگـەوە تـا دەگاتـە باشـووری گونـدی

کەوییە لە چەمی بەرسوول پێکدێنێت، لەم بەشەدا دەشتی نیشتووی لافاوکردی نوێ درووستبووە، ئەم پێکهاتەیە لەنێوان هەردوو پێچە رووباری دەڵگە و کەوییە دەردەکەوێت، جۆری تاوێرەکەی لەجۆری بەردی مارل و بەردی جیریی مارلیی، کە توانای بەرگری تاوێرەکان بۆ کرداری داتاشیین لاوازە، بۆیە لەم بەشەدا گۆڕان لە پێچەڕووبارەکاندا بەراورد بەپێکهاتەی عەقرە بەدیدەکرێت.

٤- پێکهاتەی زنجیرەی چینە سوورەکانی ماوەی سێیەم ئەم پێکهاتەیە رووبەرەکەی (١,٦کم٢)یە، لە باکووری ناوچەکەدا لەنێوان پێکهاتەی شیرانش و نیشتووی ناوچە لێژەکان دەردەکەوێت، لە گوندی دەڵگە بۆ گوندی (کەوییە) درێژدەبێتەوە، ئەم پێکهاتەیە کەناری رووبارەکە پێکناهێنێت، بۆیە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر پێچەڕووبارەکان نیە.

٥- دەشتی نیشتووە پەروانەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی هۆلۆسین لە ماوەی چوارەم، کە رووبەرەکەی بە (٣٢,٢کم٢) رووپۆشی ناوچەکە دەکات، کەناری لای راستی رووبارەکە لە باکوورەوە لە گوندی (نورەدین-هەڵاوێژەوە) تاوەکو دەربەندی رانیە پێکدێنێت، لەم بەشەدا پێچاوپێچ و چەماوەکانی رووبارەکە دووچاری گۆڕانکارییەکی زۆربونەتەوە بەراورد بە بەشەکانی باکووری رووبارەکە، چونکە دەشتی نیشتووی لافاوکردە پەروانەییەکان، جۆری تاوێرەکانی لە قوڕ و بەردی تفڵ و سڵت و لم و لیتە و کۆنگلۆمریت پێکدێت، ئەم نیشتووانە پێکهاتەیەکی لاوازن، کە بەرهەمی کرداری کەشکاریین. (Diary Ali .M., ٢٠٠٨, p٣١). سەبارەت بە نیشتووی ناوچە لێژەکان ئەم نیشتووە رووبەرەکەی دەگاتە (١٥,٨١کم٢) لە دامێنی لوتکە چیای ئاسۆس لەگوندی خانەڵێوە لە باکوور بەرەو باشوور دێت، ئەم پێکهاتەیە دەبێتە بەشێیک لەکەناری لای چەپی رووبارەکە لەگوندی گەرمکان لەدامێنی زنجیرە چیای ئاسۆس، رووبەرەکەی لە باشووری پێکهاتەکەدا تەسك دەبێتەوە لە نزیک گوندی بناویلیی.

### ٢: تایبەتمەندی بەرزیی و نزمیی

ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان بەرزیی (٤٩٥ – ١٦٣٢م) لە ئاستی رووی دەریاوە، بەرزترین خاڵیی دەکەوێتە زنجیرە چیای ئاسۆس لەو پەڕی باکووری خۆرهەڵاتی لای چەپی رۆخانەی رووباری زێی بچووک، کە پێدەوترێت لوتکەی (بابل) بەرزییەکەی دەگاتە (١٦٣٢م) لەئاستی رووی دەریاوە، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لای چەپی ڕۆخانەی رووباری زێی بچووک لە باکوورەوە بۆ باشوور زنجیرە چیای ئاسۆس پێکهێنەریەتی، هەروەها تێکڕایی لێژیی و بەرزیی کەمدەبێتەوە، تا لە نزمترین خاڵ لە نزیک دەربەندی رانیە لە ڕۆخانەی رووبارەکەدا دەگاتە (٤٩٥م)، هەروەها لەیەکنەچون لە یەکەکانی بەرزیونزمیی ناوچەی توێژینەوە، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دەرکەوتنی پێچەڕووبارەکان هەبووەو تائێستاش بەردەوامیی هەیە.

پلەی لێژیی

ڕۆخانەی رووباری زێی بچووک لە ناوچەی توێژینەوە، دەکەوێتە نێوان هێڵی کەنتووریی (٥٥٠م) لە باکوور و (٤٨٦م) لە باشوور، کە تێکڕایی پلەی لێژییەکەی دەگاتە (٣,٢م/کم)، لێژیی شانەکانی رووبارەکە لە باکووری ناوچەکە دەگاتە سەرووی (٤٥پلە) لە هەندێ ناوچەدا دەگاتە ئاستی لێوارێکی کەندڕی، کە مرۆڤ ناتوانێت پێدا برواتە بەشی سەرەوەی کەناری رووبارەکە، بەڵام ئەم شێوازی لێژاییە لە هەموو بەشەکانی رۆخانەی رووبارەکەدا بەم شێوەیە نیە و گۆڕانکاری تێدا روودەدات.




نەخشەی (٢) پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەی توێژینەوە

سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان Arc gis.v.10.8
Varoujan K. Sissakian, Geological map of Erbil –and Mahabd Quadrangles, sheet NJ –38 – 14 and Baghdad.NJ –38 – 15, ATATE Establishment of Geological Survey and Mining, 1997, Scaill: 1:250000

### ٣: ئاووهەوا (Climate)

ئاووهـەوا و رەگەزەکانـی کاریگەریـان لەسـەر پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رۆخانـەی رووبارەکـە بـە رێـژە و بـڕی جیـاواز هەیـە، ئەمـەش بەپێـی سرووشـتی ئـەو شـێوانە و توانـای وەڵامدانەوەیـان بـۆ هـۆکارە هایدرۆجیۆمۆرفییـەکان دەگۆڕێـت، ئـەو کاریگەرییانـەی شـێوەکانی رووی زەویـی لەسـەر رووبارەکـە بـە جێدەهێڵێـت بەپێـی هێـز و توانـای رەگـەزەکان دەگۆڕێـت، ئەمـەش پەیوەسـتە بـە جیـاوازی کات و وەرزەوە لـە ناوچەکـەدا، تێکڕایـی بەرکەوتنـی ساڵانەیی تیشـکی خـۆری ڕاسـتەقینە بـۆ سـەر رووی زەوی ناوچەکـە (٨:٠٨ کاتژمێـرە لـە ڕۆژێکـدا)، بەپێـی جیـاوازی بەرزیـی و نزمیـی ناوچەکـە دەگۆڕێـت، ئـەو ناوچانـەی ئاڕاسـتەیان بـەرەو باکـوورە نزمتریـن مـاوەی بەرکەوتـەی تیشـکی خۆریـان هەیـە، بـە تایبەتـی لـە وەرزی زسـتاندا، بەشـێکی زۆری لای چەپـی ڕۆخانـەی زێـی بچـووک، کـە زنجیـرە چیایـی ئاسـۆس دەگرێتـەوە. بـەڵام سـەبارەت بـە پلەکانیـی گەرمـی تێکڕایـی ساڵانەیی پلـەی گەرمـی دەگاتـە (٢٠،٧پلـەی سـەدی)، هـەروەک جیـاوازی لەتێکڕایـی پلـەی گەرمـی وەرزەکانـی ساڵدا هەیـە، تێکڕایـی گەرمـی لـە وەرزەکانـی (زسـتان، بەهـار، هاویـن و پایـزدا) گەیشـتوەتە (٩،٣ ، ٢٤،٥ ، ٣٣،٥ ، ١٥،٦ پلـەی سـەدی) یـەك لـەدوای یـەك، ئەمـەش نیشـاندەری ئـەو گۆڕانکارییانەیـە، کـە بەهـۆی پلەکانیـی گەرمـی لـە کردارەکانی کەشـکارییدا ڕۆڵیـان لـە داخـورانی تاوێرەکانیـی پێکهێنـەری شـانەکانیی رووبـاردا هەیـە.

یەکێکـی تـر لەڕەگـەزەکان دابارینـە، تێکڕایـی بـاران لـە ناوچەکـەدا دەگاتـە (٥٧٧,٢ملـم) ساڵانە، وەرزی دابارین لـە

تشرینـی یەکەمـەوە تاوەکـو مانگـی مایـس بـەردەوام دەبێـت، بـەڵام نزمتریـن بـڕی دابارین لەهـەردوو مانگیـی ( تشرینـی یەکـەم و مایـس) دا، کـە دەگاتـە (٢٠,١ و ٢٦,٩ ملم)یـەك لـەدوای یـەك، لەگـەڵ ئـەوەی مانگـەکانی (کانـوونی دووەم و شـوبات و ئـازار) بەرزتریـن بـڕی بارانیـان تێـدا دەبارێـت، دەگاتـە (٩٩,٨ و ٩٩,٧ و ٩٨ملـم) یـەك لـە دوای یـەك، هەرچەنـدە ئـەم تێکڕاییـە کەمـە بـەراورد بـە بـڕی بـارانی ناوچەکـە، بـەڵام ئـەم ساڵانەی توێـژەر دیاریکـردوون ئـەو سـاڵانەن نزمتریـن دابارینـ لـە ناوچەکـەدا باریـوە، ئاشـکرایە رەگـەزەکانی ئاووهـەوا کاریگەرییـان لـە گـۆڕانی درێـژی و پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رووبارەکـە هەیـە، بۆیـە درێژیـی ڕووبارەکـە لـەم (٢٠) سـاڵەدا بەهـۆی کەمـی داباریـین و کەمـی ئـاوی هاتـوو بـە رووبارەکـەدا، کەمبوەتـەوە بۆیـە درێـژی رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک بووەتـە (٣١,٧٢٧کـم) لەسـاڵی (٢٠٢١)دا، بـەراورد بـە مـاوەکانی وەرگیـراو بـۆ توێژینـەوە .

هـەروەک خـاک و رووەکـی خۆرسـک وەک دوو تایبەتمەندیـی سرووشـتی کاریگەرییـان لەسـەر گەشـەکردن و گۆڕانکاری پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رووبـاری لـە رۆخانـەی رووبارەکـەدا هەیـە، بـەڵام کاریگەرییەکەیـان لـە بەشـە جیـاوازەکانی رۆخانـەی رووبارەکـەدا دەگۆڕێـت، بـۆ نموونـە لـە بەشـەکانی ناوەڕاسـت و باشـووری ناوچەکـەدا پێکهاتـەی خاکـی فشـەڵ هۆکارێکـە بـۆ گۆڕانکاریـی و گەشەسـەندنی پێچەرووبـارەکان.

## بەشی دووەم: تایبەتمەندییە مۆرفۆمەترییەکانی پێچاوپێچ و چەماوەی رووباریی

توێژینـەوە لەتایبەتمەندییـە مۆرفۆمەتریـەکانی پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک لەناوچەکـەدا کـراوە، لەڕێگـەی ئـەو پێوانـە و کۆلکانەیـی پەیوەسـتن بـە پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رووبـاری بـە سـوودوەرگرتن لـە وێنەی مانگـی دەسـتکرد و وێنـەی ئاسـمانی و بەکارهێنـانی بەرنامـەی (ArcGIS.version١٠,٨) بـۆ خسـتنەڕوو و دیاریکـردنی ژمـارەی پێچاوپێچـەکان و چەمـاوەکان، لەگـەڵ سـەرنج خستنەسـەر کاری مەیدانـی لەلایـەن توێـژەرەوە بـە مەبەسـتی دیاریکردنێکـی ورد بـۆ ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـە پێچاوپێـچ و چەماوەکانـدا روویـداوە لـەرووی قۆقـز و رووچاڵیـەوە وەک نەخشـەکانی (٣ بـۆ ١٤).

### ١: ڕێژەی پێچخواردنی رووبار

رووبـارەکان لـەرووی پێچخـواردنی رووبارییـەوە لەیەکـتر جیـاوازن، کـە لەڕێگـەی درێـژی راسـتەقینەیی رووبـارەوە لەسـەر دریـژی نموونەیـی رووبـارەوە پێـی ئاشـنادەبین، ئەویـش مەبەسـت لـە درێـژی راسـتەقیینەیی رووبـار بەواتـای درێژییەکـەی لەسـەر رووی زەویـی، هـەروەک مەبەسـت لـە درێـژی نموونەیـی بـە یەکگەیانـدنی خاڵی سـەرچاوە بەخاڵی ئاوڕێژگـە لـە رێگـەی هێڵێکـی راسـتەوە، ئەمـەش بەمەبەسـتی جیاکردنەوەیـە لەنێـوان پێچاوپێچـی و چەمـاوەی رووبـار لەڕێگـەی ئـەم هاوکێشـەیەی خـوارەوە:

رێژەی پێچخواردنی = درێژی رۆخانەی رووبار لە (چەماوە یان پێچاوپێچ) / درێژی شەپۆل(البالاني، ٢٠٠٣، ص٩٠)

ئەمـەش لەڕێگـەی دابەشـکردنی رۆخانـەی رووبارەکـە بـۆ پێچاوپێـچ یـان چەمـاوەی رووباریـی بەپێـی شـێوەی رووبارەکە بـۆ رێـژەی پێچخـواردن، کـە دەکەوێتـە نێـوان(١ بـۆ ٤) بۆ سـێ پـۆل دابەشـدەکرێت:

- ئەگەر رێژەکە (١,١) ئەوا رۆخانەی رووبارەکە ڕاستە.
- ئەگەر رێژەکە کەوتە نێوان (١,١ بۆ ١,٥) ئەوا رۆخانەی رووبارەکە چەماوەیە.
- ئەگەر رێژەکە زیاتر بوو لە (١,٥) ئەوا رۆخانەی رووبارەکە پێچاوپێچە.( البالاني، ٢٠٠٣، ص٩٠)

لەسـەر بنەمـای ئـەم هاوکێشـەیە ڕۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک لەناوچـەی توێژینـەوە پێچاوپێچـە (المنعطـف)، لەبەرئـەوەی رێـژەی پێچخـواردنی گەیشـتوەتە (١,٥٨)، چونکـە درێـژی رووبارەکـە (٣١,٧٢٧کـم)ە، هـەروەک درێـژی

شـەپۆلەکەی یـان مـاوە ئاسـۆییەکەی (٢٠کـم)ە، لەبەرئـەوەی ناوچـەی توێژینـەوە دەکەوێتـە ناوچـەی بـەرزی چالاکیـە تەکتۆنییـەکان، بۆیـە لـە توێژینـەوەی پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رووبـاردا پێویسـتییمان بەزانینـی پەیوەنـدی نێـوان تایبەتمەندییـەکانی هەیـە، لەوانـەش پـانی کەناڵـی رووبارەکـە، کـە زۆرتریـن پانیـی لـە لوتکـەی پێچاوپێچەکـەدا هەیـە، سـەرەڕای درێـژی شـەپۆلی پێچاوپێچەکـە (مـاوەی ئاسـۆی نێـوان لوتکـە و ئاورێژگـە) لەگـەڵ پشـتێنە و فراوانیـی پێچاوپێچەکـە، لەگـەل زیادبـوونی تێکڕایـی ئـاوی هاتـوو و کەمـی لێژیـی تێیـدا، وەک هێڵـکاری (١).

بەسـەرنجدان لـە خشـتەی (١) تێبینـی ئـەوە دەکرێـت، کـە رووبـاری زێـی بچووک لـە ناوچـەی توێژینەوە لـە باکوورەوە بـۆ باشـوور دوای جێبەجێکـردنی هاوکێشـەی رێـژەی پێچخـواردن لەسـەر تـەواوی پێچاوپێچـەکانی رووبارەکـە لەوانـەش (١٧) پێچەرووبـاری تێدایـە، لـەو ژمارەیـەش (٧) پێچەرووبـار چەماوەیـی و (١٠) پێچاوپێچـی رووباریـی لەخۆگـرت، وەک نەخشـەی(٢)، کـە هەریـەک لـەو پێچاوپێـچ و چەمـاوە رووبارییانـە لـە رووی تایبەتمەندیـی مۆرفۆمەترییـەوە لەیەکتریـی جیـاوازن لەهـەر بەشـێکی رووبارەکـەدا، ئەویـش پەیوەسـتە بـە کۆمەڵێـک هـۆکاری کاریگـەر لەسـەر پێچاوپێچـە رووبارییـەکانی ناوچەکـە لـەرووی پێکهاتـەی جیۆلۆجیـی و بەرزیـی و نزمیـی و لێژیـی و ئاووهـەوا هتـد...... بۆیـە لێـرە بـە دواوە هەوڵدەدەیـن ئـەو تایبەتمەندییانـە لـە رووی جیاوازییـەوە بخەینـەڕوو.

**٢: جیاوازی رێژەی پێچخواردن**

بـە سـەرنجدان لـەو شـیکارییە مۆرفۆمەترییانـەی بـۆ پێچاوپێـچ و چەمـاوەی رووبـاری زێـی بچـووک لـە ناوچـەی توێژینـەوە کـراوە، دەرخـەری ئـەو راسـتیە زانسـتیەیە، کـە جیـاوازی لـە نێـوان پێچاوپێچـە رووبـار و چەماوەکانـدا لـە رێـژەی پێچخواردنـدا هەیـە، تەنانـەت ئـەو چەماوانـەی هەمـان رێژەییـان هەیـە، لـەرووی تایبەتمەندییـەکانی دووریـی و پانیـی و ئاڕاسـتە لەیەکـتری جیـاوازن، هـەروەک ئـەو پێچاوپێچـە رووبارییانـەی هەمـان ئەنجامـی رێـژەی پێچخواردنیـان هەیـە، ئەوانیـش لـە تایبەتمەندییـە مۆرفۆمەترییـەکانی دووریـی و پانیـی و لێژیـی و شـێوەی قۆقزیـی و ئاڕاسـتەیان لـە یەکـتری جیـاوازن، بۆیـە لێـرەدا هەوڵدەدەیـن ئـەو جیاوازییانـە بخەینـەڕوو وەک لـە خشـتەی (١):

١- هەرسـێ پێچاوپێچـی (کەوییـە و چـۆم پەڵـکان، بێخـرێ) بەرزتریـن ڕێـژەی پێچخواردنیـان تێـدا تۆمارکـراوە، کـە گەیشـتوەتە ( ٥,٤، ٣,٧، ٤,٥) یـەک لـە دوای یـەک، ئەمـەش بـە هـۆی کـورتی مـاوەی درێژیـی شـەپۆلە (مـاوەی ئاسـۆی) بەرامبـەر بـە درێـژی ڕۆخانـەی رووبارەکـە.

٢- هـەر پێنـج پێچاوپێچـی (گەرمـکان و خـاس و گوێزیلـە و کێلـە سـپی و برایـماوا) یـەک لـە دوای یـەک، هەمـان رێـژەی پێچخواردنیـان هەیـە، کە گەیشـتوەتە (١,٧).

٣- هەردوو پێچاوپێچی (سریشکێن و کەرسۆنان) رێژەی پێچخواردنیان گەیشتوەتە (٢,٥ و ١,٦) یەک لە دوای یەک.

بەڵام سەبارەت بەبوونی چەماوەی رووباریی لە ناوچەی توێژینەوە رێژەی پێچخواردنی بەم شێوەییە تۆمارکراوە:

١- هەرسـێ چەمـاوەی ( دەڵگـە و قـەڵاتی دنکەیـی و پیـران) رێـژەی پێچخواردنیـان گەیشـتوەتە (١,٢، ١,٣، ١,٣) یـەک لـە دوای یـەک.

٢- چەمـاوەی (بانـوی بێخـرێ و کەڵـەکان و سـوڵتانەدێ) هەمـان رێـژەی پێچخواردنیـان هەیـە، کـە گەیشـتوەتە ( ١.٤) بـۆ هەریەکەیـان.

٣- چەماوەی سندۆڵان بەرزترین رێژەی پێچخواردنی تۆمارکردووە، کە گەیشتوەتە (١,٥).

بەشـێوەیەکی گشـتی رێـژەی پێچخـواردنی رووبـار زیـاددەکات، تاوەکـو درێـژی شـەپۆلی پێچاوپێچەکـە بەرامبـەر بـە درێـژی رۆخانـەی راسـتەقینەی رووبارەکـە کەمبـکات. هـەروەک خشـتەی (١).

خشتەی(١) تایبەتمەندییە مۆرفۆمەترییەکانی پێچاوپێچ و چەماوەی رووباریی ناوچەی توێژینەوە

| ژ | ناوی پێچاوپێچ و چەماوە | درێژی ڕۆخانە (م) | درێژی شەپۆلی پێچاوپێچ (م) | ڕێژەی پێچخواردن | بوار (م) | ئاڕاستەی قۆقزی پێچاوپێچ یا چەماوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەڵگە | ٦٣٢ | ٥٠٦ | ١,٢ | ٦٨ | باشووری خۆرهەڵات |
| ٢ | بانوی بێخرێ | ١٥٢٨ | ١٠٨٨ | ١,٤ | ٣٤٦ | خۆرئاوا |
| ٣ | کەوییە | ٢٢١٤ | ٤١٠ | ٥,٤ | ٨٧٢ | باشووری |
| ٤ | سەرشکێن | ١٣٢٢ | ٥٢٦ | ٢,٥ | ٤٠٢ | باکووری خۆرئاوا |
| ٥ | چۆم پەڵکان | ١٦٥٨ | ٤٤٨ | ٣,٧ | ٦٠٣ | باشووری خۆرهەڵات |
| ٦ | بێخرێ | ١٣٦٩ | ٢٩٩ | ٤,٥ | ٤٥٦ | باکووری خۆرئاوا |
| ٧ | قەلاتی دنکەیی | ١٦١١ | ١٢٣٢ | ١,٣ | ٣٦٢ | باشووری خۆرئاوا |
| ٨ | گەرمکان | ٢١٣١ | ١١٨٥ | ١,٧ | ٥٩٤ | باکووری خۆرهەڵات |
| ٩ | خاسی | ٣٥٤٤ | ٢٠٠٥ | ١,٧ | ١٣١٠ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٠ | کەڵەکان | ٢٥٠٧ | ١٧٣٢ | ١,٤ | ٥٨٧ | باکووری خۆرهەڵات |
| ١١ | پیران | ٢٢٩٦ | ١٦٨٩ | ١,٣ | ٥٤٤ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٢ | گوێزیلە | ١٧٠٢ | ٩٧١ | ١,٧ | ٣٧١ | باکوور |
| ١٣ | سندۆڵان | ١٣٨١ | ٩٠٦ | ١,٥ | ٢٧١ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٤ | کێلەسپی | ٢١٠٤ | ١٢٢٢ | ١,٧ | ٦١٩ | باکووری خۆرهەڵات |
| ١٥ | برایماوا | ٢٥٥٤ | ١٤٧٧ | ١,٧ | ٢٢٩ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٦ | کەرسۆنان | ١٩٣٧ | ١١٩٢ | ١,٦ | ٣٥٧ | باکووری خۆرهەڵات |
| ١٧ | سوڵتانەدێ | ٢١٧٢ | ١٤٦٢ | ١,٤ | ٥٩١ | باشوور |

سەرچاوە: لە کاری توێژەر پشتبەست بە وێنەی مانگی دەستکرد)٢٠٢٠)، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS ١٠,٨..version).




نەخشەی (٣) دابەشبوونی پێچاوپێچ و چەماوەیی رووباری زێی بچووک لە ناوچەی توێژینەوە

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap ١٠,٨.GIS .version)




هێڵکاری (١) دوورییەکانی پێچاوپێچیی رووبار

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap ١٠,٨.gis.version)




نەخشەی(٣) و (٤) پێوانەی ڕێژەی پێچخواردنی پێچاوپێچی گوندی دەڵگە و پێچاوپێچی بانوی گوندی بێخرێ







نەخشەی(٥) و (٦) پێوانەی ڕێژەی پێچخواردنی پێچاوپێچی گوندی کەوییە و پێچاوپێچی سریشکێن

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap GIS .version ١٠,٨)







نەخشەی(٧) و (٨)پێوانەی ڕێژەی پێچخواردنی پێچاوپێچی چۆم پەڵکان و پێچاوپێچی گوندی بێخرێ

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap GIS .version ١٠,٨)







نەخشەی(٩) و (١٠) ڕێژەی پێچخواردنی پێچاوپێچی قەڵاتی دنکەیی و پێچاوپێچی گوندی گەرمکان

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap GIS ١٠,٨..version)



نەخشەی(١١) و (١٢) پێوانەی رێژەی پێچخواردنی پێچاوپێچی گوندی خاس و پێچاوپێچی گوندی کەڵەکان

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap (١٠,٨.GIS .version



نەخشەی(١٣) و (١٤) پێوانەی رێژەی پێچخواردنی پێچاوپێچی گوندی پیران و پێچاوپێچی گوندی گوێزیلە

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگی دەستکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap (١٠,٨.GIS .version

٣: جیاوازی ئاڕاستەی چەماوە و پێچاوپێچە رووبارییەکان

بەسەرنجدان لە نەخشەکانی (٣ بۆ ١٤) نموونەی هەندێک لە پێچاوپێچ و چەماوەی رۆخانەی رووبارەکە، دەبینین لەیەکنەچوون لە ئاڕاستەی پێچاوپێچەکان و چەماوەکانی رووباری زێی بچووک لە ناوچەی توێژینەوەدا هەیە، خشتەی (١)، کە ئاڕاستەی چەماوە و پێچاوپێچە رووبارییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە تێدا دیاریکراوە:

١- هەردوو چەماوەی رووچاڵی (دەڵگە و چۆم پەلکان) ئاڕاستەی رووچاڵیەکەیان بەرەو باشووری خۆرهەڵاتە.

٢- پێچاوپێچی (بانوی بێخرێ) ئاڕاستەی رووچاڵیەکەی بەرەو خۆرئاوایە .

٣- هەردوو پێچاوپێچی (کەوییە و سوڵتانەدێ) ئاڕاستەی رووچاڵیەکەیان بەرەو باشوورە.

٤- هەردوو پێچاوپێچی (سریشکێن و بێخرێ) ئاڕاستەی رووچاڵیەکەیان بەرەو باکووری خۆرئاوایە.

٥- سێ چەماوە و دوو پێچاوپێچی رووباریی لەسنوری ناوچەی توێژینەوە ئاراستەی رووچاڵیان بەرەو باشووری خۆرئاوایە، ئەوانیش هەردوو پێچاوپێچی (خاس و برایماوا)، لەگەڵ هەرسێ چەماوەی (قەڵاتی دنکەیی و پیران و سندۆڵانە).

٦- سێ پێچاوپێچ و یەک چەماوەی رووباریی ئاراستەی رووچاڵیەکەیان بەرەو باکووری خۆرهەڵاتە، ئەوانیش پێچاوپێچی (گەرمکان و کێلەسپی و کەرسۆنانە) لەگەڵ چەماوەی (کەڵەکان).

٧- چەماوەی رووباریی (گوێزیلە) تاکە چەماوەیە ئاراستەی رووچاڵیەکەی بەرەو باکوورە لە ناو هەموو چەماوە و پێچاوپێچەکاندا.

٤: جیاوازی تێکڕای پانیی ڕۆخانەی رووبار

ئەوەی لە شیکردنەوەی دووریەکانی ناوچەی توێژینەوە تێبینی دەکرێت، جیاوازی و لە یەکنەچوونە لە نێوان پانیی چەماوە و پێچاوپێچەکانی بەشە جیاوازەکانی ڕۆخانەی رووباری زێی بچووکدا، ئەمەش پەیوەستە بە جیاوازی کاریگەری و شوێنەواری کردارەکانی ڕۆخانەی رووبارەکە و چالاکیەکانی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بەجیاوازی ئەو پێکهاتانەی کەناراوەکانی رووبارەکەی لەرووی جۆری تاوێرەوە لێ پێکهاتووە، هەروەها لەیەکنەچوون لە پلەی داخوران لە نێوان کەنارەکانی رووبارەکەدا هەیە، سەرەڕای خێرایی تەوژمەکانی ئاو لەبەشە رووچاڵیەکانی پێکهێنەری پێچاوپێچ و چەماوەکاندا، هەروەها ئەنجامدانی کرداری داتاشین و هەڵگرتنی کەرەستە هەڵواسراوەکان و نیشتاندنی لە بەشە قۆقزەکەی پێچەرووبارەکەدا بەهۆی دەورانی تەوژمی ئاوەکە بەرەو لایەکەی تری چەماوە و پێچاوپێچەکە(کاری مەیدانی توێژەر، بەرواری ٢٠٢٠/٩/١٨)، بۆیە هەریەک لە چەماوە و پێچاوپێچەکان بۆ چواربەش دابەش دەکەین وەک هێڵکاری (٢)، واتا هەر چەماوەیەک یان پێچاوپێچێکی رووبار لە (٥) شوێنەوە پانیەکەیان وەردەگرین، کە جیاوازن لەیەکتریی دواتر بە سەر ژمارەی وەرگیراوی پانیی رووبارەکەدا دابەشی دەکەین، ئینجا تێکڕایی پانیی ئەو چەماوە یان پێچاوپێچە دەردەهێنین وەک (خشتەی (٢). ئاشکرایە لەیەکنەچوون لە پانیی و تێکڕایی پانیی لە هەریەک لە پێچاوپێچ و چەماوەکاندا هەیە، بۆ نموونە نزمترین پانیی ڕێکردەئاوەکە لە چەماوەی (دەڵگە-سەربەنە)، کە گەیشتوەتە (٥٧م) لە خاڵی (ب)، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ پێکهاتەی جیۆلۆجیی و جۆری تاوێری شانەکانی دۆڵەکە دەگەڕێتەوە، هەروەک بەرزترین پانیی (٤٢٣م) کەوتوەتە چەماوەی قەڵاتی دنکەیی لە بەشی (ب)، ئەمەش هۆکارەکەی چالاکیی مرۆییە، لەلایەک لەلایەکی تر گۆڕانکاری لە ڕۆخانەی رووبارەکەدا بەهۆی بەرفراوانیی ناوچەکە و کرداری داخورانی ئاسۆییەوە وایکردووە ئەم بەشە فراوانترین بەشی رووبارەکە بێت، لەهەمان کاتدا نزمترین تێکڕایی پانیی دەکەوێتە پێچاوپێچی کەوییە (١١٧م)ە، هەروەها بەرزترین تێکڕایی پانیی دەکەوێتە پێچاوپێچی برایماوا، کە گەیشتوەتە (٢٩١,٢م)، ئەمەش هۆکاری بوونی دەشتی لافاوکردی برایماوا و کێلەسپیە لە لایەک لە لایەکی تر هۆکاری تێرژانی ئاوی چۆمی ژاراوەیە، کە دەلتا و نیشتووی رووبارکردە نوێیەکانی درووستکردووە لە شوێنی تێرژانەکەی هەروەک لەرووی پێکهاتەی جیۆلۆجییەکەیەوە دەگەڕێتەوە بە دەشتی نیشتووی لافاوکردی چاخی چوارەم.

٥: جیاوازی ڕێژەی درێژیی شەپۆلیی پێچاوپێچ بۆ تێکڕای پانیی

ئەم ڕێژیەش لەیەکناچێت لە تەواوی ناوچەی توێژینەوە، کە دەکەوێتە نێوان (٦,٣) لە قەڵاتی دنکە و (١٨,٩) لە پێچاوپێچی کەوییە، ئەم لەیەکنەچوونە گەورەیەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی درێژیی پێچەکانی پێچاوپێچ و چەماوەکان، ئەم ڕێژەیەش بە زیادبوونی درێژیی شەپۆلەکە بەرامبەر تێکڕایی پانی پێچەکان زیاددەبێت، بۆ دەرهێنانی ڕێژەی درێژی شەپۆل بۆ تێکڕایی پانی ڕۆخانەی رووبار پێویستمان بەم هاوکێشەیە دەبێت وەک

خشــتەی (٢).

ڕێژەی شەپۆلاوی پێچاوپێچ = درێژیی پێچاوپێچ / تێکڕای پانیی پێچاوپێچ.(الدليمى، ٢٠٠٥،ص٣٠٢)




هێڵکاری (٢) خاڵەکانی پێوانەکردنی پانیی ڕۆخانەی رووبار لە پێچاوپێچ و چەماوەکان

سـەرچاوە: لـە کاری توێـژەر بـە سـوودوەرگرتن لـە وێنـەی مانگـی دەسـتکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنـانی بەرنامـەی (ArcMap ١٠,٨.GIS.version)

خشتەی (٢) پانیی رۆخانەی رووبار لە پێچاوپێچەکان و چەماوەکانی رووباری زێی بچووک

| ژ | ناوی پێچاوپێچ یان چەماوە | پانیی ڕۆخانەی رووبار لە پێچاوپێچەکان (م) | | | | | تێکڕایی پانیی (م) | ڕێژەی درێژیی شەپۆل بۆ تێکڕای پانیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | أ | ب | جـ | د | هـ | | |
| ١ | پێچاوپێچی کەوییە | ٨٢ | ٩٥ | ١٧٨ | ١١٣ | ١١٧ | ١١٧ | ١٨,٩ |
| ٢ | پێچاوپێچی سرشکێن | ١٦٣ | ١١٨ | ٦٨ | ١١٣ | ١٩٧ | ١٣١ | ١٠,١ |
| ٣ | پێچاوپێچی چۆم پەڵکان | ١١٦ | ١٤١ | ٩٣ | ٩٢ | ١٨٥ | ١٢٥ | ١٣,٢ |
| ٤ | پێچاوپێچی بێخرێ | ١١١ | ١٦٢ | ١١٦ | ١٠٦ | ١٦٢ | ١٣١,٥ | ١٠,٤ |
| ٥ | پێچاوپێچی گەرمکان | ٢٧١ | ١٤٥ | ٣١٢ | ٢٣١ | ٢١٧ | ٢٣٥,٢ | ٩,١ |
| ٦ | پێچاوی خاس | ١٤١ | ٢٤٤ | ٢١٠ | ٢٣٨ | ٣٥٨ | ٢١٨,٢ | ١٦,٢ |
| ٧ | پێچاوپێچی گوێزیلە | ٢٢٢ | ٢٤٣ | ٣٠٢ | ٢٣٢ | ١٧١ | ٢٣٤ | ٧,٢ |
| ٨ | پێچاوپێچی کێلەسپی | ٢٦٣ | ١٣٨ | ١٥٣ | ١٩٨ | ٢٣٩ | ١٩٨,٢ | ١٠,٦ |
| ٩ | پێچاوپێچی برایماوا | ٢٥٦ | ٣١٧ | ٣٧٠ | ١١٩ | ٣٩٤ | ٢٩١,٢ | ٨,٧ |
| ١٠ | پێچاوپێچی کەرسۆنان | ٨٤ | ١٤٧ | ٢٥١ | ١٩٤ | ٣٦٠ | ٢٠٧,٢ | ٩,٣ |
| ١١ | چەماوەی دەڵگە سەربەن | ٩٩ | ٥٧ | ١٢١ | ٩٥ | ١١٩ | ٩٨,٢ | ٦,٤ |
| ١٢ | چەماوەی دەڵگە | ١١٤ | ١٢٧ | ١٢٠ | ١٣١ | ١٨٣ | ١٣٥ | ١١,٣ |
| ١٣ | چەماوەی قەڵای دنکە | ١٠١ | ٤٢٣ | ٣٨٤ | ١٥١ | ٢٠٢ | ٢٥٢,٢ | ٦,٣ |
| ١٤ | چەماوەی کەڵەکان | ٢٣٩ | ٣٧٥ | ٢٦٩ | ١٩٨ | ١٩١ | ٢٥٤,٤ | ٩,٨ |
| ١٥ | چەماوەی پیران | ١٧٦ | ٢٤٠ | ١٧٢ | ٢٤١ | ٢٤٧ | ٢١٥,٢ | ١٠,٦ |
| ١٦ | چەماوەی سندۆڵان | ١٤٠ | ١٧٤ | ٢١٧ | ١٩٩ | ١٤٠ | ١٧٤ | ٧,٩ |
| ١٧ | چەماوەی سوڵتانەدێ | ٢٢١ | ١٨٧ | ٣٠٠ | ٧٣ | ٣٩٦ | ٢٣٥,٤ | ٩,٢ |

سـەرچاوە: لـە کاری توێـژەر بـە سـوودوەرگرتن لـە وێنـەی مانگـی دەسـتکرد ٢٠٢٠، بەبەکارهێنـانی بەرنامـەی (ArcMap ١٠,٨.GIS.version)

٦: جیاوازی بەهای پێوانەیی هاوئەندازە و ناهاوئەندازەی چەماوە و پێچاوپێچەکان

بەمەبەستی دۆزینەوەی بەهای پێوانەیی هاوئەندازە و ناهاوئەندازەی پێچی پێچاوپێچ و چەماوەکانی ڕۆخانەی رووباری زێی بچووک، بەراوردکاریەک لە نێوان لاییەکانی پێچەکانی رووباردا دەکەین، ئەویش لەڕێگەی پێوانەکردنی بەپێی هاوکێشەی (Whitesell) کە بریتیە لە:

پێوانەی هاوئەندازەیی = أ / أ + ب * ١٠٠ (نخشان محمدرستم خان البالانی، ٢٠١٠، ص١٤٣).

بەو شێوەیەی (أ) درێژیی ڕۆخانەی رووبارە پێش خاڵی لادان لە لوتکەی پێچەکەدا لەلای (ص) هەروەک (ب) ئەو ئاوڕێژە دەنوێنێ دەکەوێتە دوای (أ)، بەڵام لەلای بەشی (س) خاڵی (ب) ئەو درێژییە دەنوێنێ پێش خاڵی لادان لە لوتکەی پێچەکەدا (أ) لە بەشی (س) لە دوای (ب) دێت. هێڵکاری (٣).

لەخشتەی تایبەت بەو بەهاییانە پێویستە لەڕێگەی پێوانەکردنەوە هاوئەندازەیی بوون یان ناهاوئەندازەیی بوونی لاییەکانی پیچاوەکانی رووبار بخەینەروو، بۆیە لەماوەی بەراوردکردنی بەهای هاوئەندازەیی بونەوە لە نێوان لاییەکانی پێچە رووبارەوە، دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو هاوئەندازەیە یان ناهاوئەندازەیە، ئەگەر هاتوو بەهاکەی هەردوو لایەکە لە نێوان (٤٥ بۆ ٥٥) بوو، (رستم خان البالانی، ٢٠١٠، ص١٤٣) ئەوا هاوئەندازەیە، بەڵام ئەگەر بەهای لاییەکانی پێچەرووبار لەوە زیاتر یان کەمتربوو ئەوا ناهاوئەندازەیە، ئەگەر هاتوو لە کاتی جێبەجێکردنی هاوکێشەکەدا لاییەکی بەهاکەی هەمان بەهای سەرەوە بوو، بەڵام لاییەکەی تر بەهاکەی کەمتر یان زیاتر بوو ئەوا پێچەرووبارەکە هاوئەندازە نیە.

لەشیکردنەوەو جێبەجێکردنی هاوکێشەی هاوئەندازەیی بە خستنەڕووی لە خشتەی (٣)دا، کە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتای پێچاوپێچ و چەماوەکانی رووباری زێی بچووک لەناوچەی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە شیکردنەوەی بۆ دەکەین:

لەدرێژی ڕۆخانەی رووباری زێی بچووک لە ناوچەی توێژینەوەدا دوو پێچاوپێچ و سێ چەماوە هاوئەندازەن، ئەوانیش بریتین لە (پێچاوپێچی کەوییە، بێخرێ، چەماوەی قەڵاتی دنکەیی و سندۆڵان و سوڵتانەدێ)، جگە لەم پێنج پێچەرووبارە تەواویی پێچاوپێچ و چەماوەکانی تر ناهاوئەندازەن وەک لە خشتەکەدا خراونەتەڕوو، لەسەر ئەم بنەماییەش ئەگەر تێکڕا وەرگرین لەناوچەی توێژینەوە بۆ هاوئەندازەیی بوون و ناهاوئەندازەیی بوون، ئەوا تێکڕا ئەوەمان نیشان دەدات، ناهاوئەندازەیی زاڵە لە ڕۆخانەی رووبارەکەدا.

هەروەک لە شیکاری خشتەکەوە ئەوەمان نیشان دەدات، کە پێچاوپێچە رووباری کەوییە هاوئەندازەییە بە بەهای (٤٦,٤) لە لای (س) بەرامبەر بە (٥٤,٢) لە لای (ص)، لە هەمان کاتدا پێچاوپێچی بێخرێ تەواو هاوئەندازەییە، چونکە بەهای هەریەک لە لای (س) و (ص) بە نزیکەی دەگاتە (٤٩)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کرداری داتاشین و و ڕاماڵین لە هەردوو لایەکەی هاوسەنگە، بە لەبەرچاوگرتنی لێژیی لە هەردوو لای پێچە رووبارەکەدا، هەروەک پێکهاتەی تاوێریی و جیۆلۆجیی ناوچەکەش ڕۆڵی بەرچاوی لەو کردارەدا هەیە، هەرچی سەبارەت بە بەهایی ناهاوئەندازەیی هەر(١٢) پێچاوپێچ و چەماوەی رووباری زێی بچووکە لە ناوچەی توێژینەوە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە ناهاوسەنگی کردارەکانی ڕاماڵین و داتاشین و نیشتاندن لە تەواوی پێچەرووبارەکانی ناوچەکەدا، هەروەک هۆکاری لێژییش ڕۆڵی بەرچاوی لەو ناهاوسەنگیە لە پێچەرووبارەکاندا هەیە، لەگەڵ کاریگەری چالاکیە مرۆییەکان، کە نابێت ڕۆڵیان لەبەر چاونەگیرێت، هەروەها هۆکاری سەرەکیی درووستبوونی رووباری زێی بچووک لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیە تەکتۆنییەکان و کردارەکانی شکان و کەندڕ و جۆر و پێکهاتەی تاوێرەکانی ناوچەکە ڕۆڵی بەرچاوییان لەکردارەکانی داتاشییندا هەیە.




هێڵکاری (٣) هاوئەندازەیی لاییەکانی پێچەرووبار

سەرچاوە: لە کاری توێژەر بە سوودوەرگرتن لە (الدليمى، ٢٠٠٥،ص٣٠٣)

خشتەی(٣) بەهای پێوانەیی هاوئەندازەیی و ناهاوئەندازەیی لە پێچاوپێچ و چەماوەی ناوچەی توێژینەوە

| ناوی پێچاوپێچ یان چەماوە | لایەنی (س) | | بەهای هاوئەندازەیی (س) | لایەنی (ص) | | بەهای هاوئەندازەیی (ص) | پلەی هاوشێوەی (س و ص) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | درێژی بەشی (أ) بە (م) | درێژی بەشی (ب) بە (م) | | درێژی بەشی (أ) بە (م) | درێژی بەشی (ب) (م) | | |
| پێچاوپێچی کەوییە | ٥١٢ | ٥٩١ | ٤٦,٤ | ٦٦٣ | ٥٦٠ | ٥٤,٢ | هاوئەندازەیی |
| پێچاوپێچی سریشکێن | ٥٨٢ | ٢٧٧ | ٦٧,٧ | ٥٦٨ | ٦٥٩ | ٤٦,٣ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی چۆم پەڵکان | ٦٤٩ | ٥٤٤ | ٥٤,٤ | ٥٥٢ | ٦٩٥ | ٤٤,٢ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی بێخرێ | ٥٧٧ | ٥٩٣ | ٤٩,٣ | ٤٦٩ | ٤٨٧ | ٤٩ | هاوئەندازەیی |
| پێچاوپێچی گەرمکان | ٥٧٧ | ٤٨٧ | ٥٤,٢ | ٥٧٣ | ٧٧٧ | ٤٢,٤ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی خاس | ١٢٩٠ | ٧٨٠ | ٦٢,٣ | ٧٧١ | ١٠٠٤ | ٤٣,٤ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی گوێزیلە | ١٠٤١ | ٤٣٣ | ٧٠,٦ | ٥٢٠ | ٦٤٢ | ٤٤,٧ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی کێلەسپی | ٧٦٦ | ٦٠٩ | ٥٥,٧ | ٦٣١ | ٨٦٢ | ٤٢,٢ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی برایماوا | ١٢١٥ | ٥٥٨ | ٦٧,٣ | ٦٧٨ | ١٢٦٣ | ٣٤,٩ | ناهاوئەندازە |
| پێچاوپێچی کەرسۆنان | ٨٢٣ | ٢٦٤ | ٧٥,٧ | ٣٠٩ | ٥٩٠ | ٣٤,٣ | ناهاوئەندازە |
| چەماوەی دەڵگە سەربەن | ١٧١ | ٢٢٠ | ٤٣,٧ | ٢٤٢ | ٣٠٠ | ٤٤,٦ | ناهاوئەندازە |
| چەماوەی دەڵگە | ٢٦٩ | ٤١٥ | ٣٩,٣ | ٤٣٠ | ٣١٢ | ٥٧,٩ | ناهاوئەندازە |
| چەماوەی قەڵای دنکە | ٨٠٤ | ٧٧١ | ٥١ | ٩٠٩ | ٨٠٦ | ٥٣ | هاوئەندازەیی |
| چەماوەی کەڵەکان | ١٠٦١ | ٧٩٧ | ٥٧,١ | ٧١٦ | ٨٧٠ | ٤٥ | ناهاوئەندازە |
| چەماوەی پیران | ٥٧٣ | ٨٣١ | ٤٠,٨ | ٦٣١ | ٦٧٦ | ٤٨ | ناهاوئەندازە |
| چەماوەی سندۆڵان | ٧٩٦ | ٦٤٨ | ٥٥,١ | ٦٨٥ | ٨٢٠ | ٤٥,٥ | هاوئەندازەیی |
| چەماوەی سوڵتانەدێ | ٦٢٨ | ٧٦١ | ٤٥,٢ | ٧٠١ | ٦٠٥ | ٥٣,٦ | هاوئەندازەیی |

سەرچاوە: لەکاری توێژەر بەسوودوەرگرتن لەوێنەی ئاسمانی ٢٠٢٠، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap GIS version..١٠,٨)

تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی پێکهاتن و گەشەکردنی پێچاوپێچ و چەماوەیی رووباریی

پێچاوپێچی رووباریی بە واتایی چەمانەوە یان کەوانەیی بوونی ڕۆخانەی رووبار بە هۆکاری سرووشتیی یان مرۆیی، لە هۆکارە سرووشتییەکان بریتیە لە پێکهاتەی بنکی رووباریی و کەنارەکانی و کاریگەریی کردارەکانی داتاشین و ڕامالین و نیشتن لە رۆخانەی رووبارەکەدا لەگەڵ پێکهاتەی جیۆلۆجیی و جۆری تاوێرە پێکهێنەرەکانی کەناری ڕووبارەکە، لە هۆکارە مرۆییەکانیش چالاکیەکانی مرۆڤ لە دەرهێنانی کەرەستەی بینایی وەک چەو و لم و دروستکرنی ڕێگەکانی هاتوچۆ و پڕۆژەکان بەرهەمهێنان.

ئاشکرایە لەو ناوچانەی پێکهاتەی تاوێرەکانیان پتەوە و پێکهاتەیەکی جیۆلۆجیی سەختیان هەیە، ئەوا ڕۆخانەی رووبارەکە شوێنکەوتەی ئەو شکان و کەندڕانەیە، کە رووبارەکەی لێ پێکهاتووە، واتا ئەو پێچاوپێچە یان چەمانەوانەی رۆخانەی رووبارەکە هەیەتی لەو ناوچەیەدا پەیوەست نیە، بە کردارەکانی ڕامالین و نیشتاندنەوە، بەڵکو پەیوەستە بە سرووشتیی ئەو کەندرو شکانانەوە، کە رووبارەکە دەکەوێتە ناوییەوە، هەروەک ئەو رووبارانەی بەو جۆرە دۆڵانەدا تێدەپەڕن ئەوە هیچ گەشەسەندنێک یان گۆڕانێکی ئەو تۆ لە ڕۆخانەکەیاندا نابینرێت، بەڵام ئەو رووبارانەی بە دەشتی لافاوکرددا تێدەپەڕن، ئەوا گەشەسەندن و گۆڕانکاری لە ئاوەڕێژەکەیاندا روودەدات و درێژیی رووبارەکە زیاد وکەم دەکات و پێچاوپێچی رووباری تێدا دروست دەبێ، ئەمەش بەهۆی چالاکیی کردارەکانی داتاشین و ڕامالین و نیشتاندنەوە، کە زۆرجار مەترسی بۆ چالاکیە مرۆییەکانی نزیک لەو کەنارانە دروست دەکەن.( الدليمی، ٢٠٠٥، ص٢٩٩).

بە شێوەییەکی گشتی سەرەتایی دروستبوون و گەشەسەندنی پێچاوپێچ و چەماوەیی رووباریی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕۆخانەێکی کەناڵی رووباریی ڕاست(مستقيم)، ئەوەی مەبەستمانە ئەو پێچخواردنانەیە، کە رووبارەکە لە ماوەی کردارەکانی داتاشین و نیشتن لە ناو دەشتی لافاوکرد دا پێکیدێنێت، کە پێکهاتووە لە قۆناغەکانی پێگەیشتوو و پیری. لەسەرەتادا چەماوەی رووباریی پێکدێت، لە ئەنجامی لە دایکبوونی تەوژمی ئاویی دەورانی، کە دەبێتەهۆی داتاشین لە بەشی ناوەوەی چەماوە رووچاڵەکە بەهۆی تەوژمی ئاوەکەوە، هەروەها ئەنجامدانی کرداری نیشتن لە بەشی ناوەوەی چەماوە قۆقزەکە بەهۆی نزیکبونەوەی تەوژمی ئاوەکە لەو چەماوەیەی ناوەوە و نیشتنی نیشتووەکان بەهۆی لاوازبوونی تەوژمەکەی لەم بەشەدا، بەمەش فراوانبوونی بەشی ناوەوەی لێدەکەوێتەوە. (محسوب، ٢٠٠٩، ص١٦٩).

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا پێچاوپێچ و چەماوەیی رووباریی لە ڕۆخانەی رووباریی زێی بچووک لە ناوچەکەدا لە هەردوو جۆری شکان و کەندڕی پەیوەند بە چالاکیی تەکتۆنیی و پێچاوپێچە رووباریی پەیوەند بە کرداری رامالیین و نیشتنی تێدایە وەک وێنەی (١).

لە گرنگترین هۆکارەکانی کاریگەر لەسەر دروستبوونی پێچاوپێچ و چەماوەی رووباریی لە ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆمەڵە هۆکارەی خوارەوە:

١- ئەو پێچخواردنانەی بەدرێژایی ڕۆخانەی رووبارەکە هەن، لە ئەنجامی چالاکیە تەکتۆنییەکانەوە دروستبوون، کە مێژووی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جێۆلۆجیە کۆنەکان، بەڵام رۆڵیی کردارەکانی داتاشین و ڕامالین و نیشتاندنیش بە دەرنیە، لە گەشەسەندنی پێچاوپێچە رووبارییەکان بە تایبەتی لە بەشەکانی ناوەڕاست و باشووری ناوچەی توێژینەوە، بە تایبەتی تر لە دوای دروستکردنی بەنداوی دووکان لەسەر ڕێڕەوەکەی.

٢- پلەی لێژیی رووی زەوی رووبارەکە کاریگەری لەسەر گەشەسەندن و گۆڕانکاری پێچاوپێچە رووبارییەکان هەیە، بە جۆرێک لەو ناوچانەیی تێکڕایی لێژیان (٢م/کم) ئەوا کرداری داتاشینی ئاسۆی زیاتر چالاکە لە

داتاشـینی سـتونی هەروەهـا کـرداری نیشـتاندن بـەرزە.



وێنەی (١) پێچەرووباریی زێی بچووک لە دوو ناوچەی جیاواز لە پێکهاتندا

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر لە بەرواری (٢٠٢١/٨/٢٠ و ٢٠٢١/١/٢٥)

٣- پێکهاتـەی جیۆلۆجـی کاریگەریـی راسـتەوخۆی لەسـەر دەرکەوتنـی پێچاوپێچـە رووباریـیـەکان هەیـە، بـە تایبـەتی لـە بەشـەکانی باکـووری ناوچەکـە، لـە هەنـدی بـەشی ئـەو پێچاوپێچـە رووبارانـەدا بـە هـۆی دەورانی تەوژمـی ئـاوی رووبارەکــەوە داتاشـین و راماڵیــن و نیشــتن روویــداوە، بەتایبــەتی لــە بــەشی نــاوەوەی رووی چەمــاوە قۆقزییەکــە نیشــتاندن روویــداوە، کــە پێکهاتــەی تاوێــری نیشــتووی ناوچــە لێژییــەکان  و عەقرە-بێخمــە و نیشــتووی پانکەیــی بەشـێکی زۆری رووبـەری ناوچـەی توێژینەوەییـان پێکهێنـاوە.

٤- کەرەسـتەی گواسـتراوەی هەڵگیـراو لـە رۆخانـەی رووبارەکـەدا لـە جـۆری کۆنگلۆمریـت و چـەو و کوارتـز و لم و دۆڵۆمایـت و مـارڵ و جیرییـە، کـە دواتـر دەبـن بـە بەشـێک لـە پێکهاتـە نیشـتووەکانی نـاو رووبارەکـە.

٥- هــەروەک کاریگــەری ئــەو لقــە چۆمانــەی دێنــە ســەر لقــە رووبــاری ســەرەکیی زێــی بچــووک وەک لقەکانیــی (بەرسـوول و هەڵشـۆ و ژاراوە و دۆڵەبەفـرە و بەستەسـتێن و گارفیـن و تووسـووران) لـە هێنـانی کەرەسـتەیی راماڵـراو بـۆ نـاو رۆخانـەی رووبـاری زێـی بچـووک و نیشـتنی، کاریگەریـی لەسـەر نیشـتن و دروستکردنی دوورگـەی رووباریـی و دەلتـا و دەشـتی لافاوکـرد هەیـە. ئەمـەش بـۆ خـۆی دەبێـت بـە هـۆی گۆڕانکاریـی و گەشەسـەندنی پێچاوپێچـە رووباریـیـەکان.

٦- سـەرەڕای هـۆکارە سرووشـتییەکان و کاریگەرییـان لەسـەر پێچاوپێچـە رووبارییـەکان، بـەڵام هـۆکاری مرۆیـش کاریگەرییـان لەسـەر پێچاوپێچـە رووبارییـەکان هەیـە، وەک چالاکیـەکانی مـرۆڤ لەدەرهێنـانی کەرەسـتەی چـەو و لم هـەروەک یەکێـک لـە هـۆکارە کاریگـەرەکانی بـەشی ناوەڕاست و باشـووری ناوچـەی توێژینـەوە ئـاوی پەنگخـواردووی بەنـداوی دووکانـە، کـە هەمـوو هـۆکارەکان بـە لایـەک ئـەم هـۆکارەش بـە لایـەک، هەروەهـا دروستکردنی پـڕۆژەکانی حـەوزی ماسـیی و کێڵگـەی پەلەوەریـش وەک هۆکارێکـی مرۆیـی بەدەرنیـن لـەو گۆڕانکارییانـەی لـە شـێوەی جیۆمۆرفیـی ناوچەکـەدا روودەدات.

گەشەسەندنی پێچاوپێچ و چەماوەیی رۆخانەی رووباری زێی بچووک

گۆڕانـکاری بەردەوامـە لـە پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رۆخانـەی رووبـاردا، بـە پێـی سرووشـتی ئـەو ناوچەییـەی رووبارەکـە پێیداتێپەڕدەبێـت، ئـەو گۆڕانکارییانـەش جیـاواز دەردەکـەون بەپێـی بارودۆخـی جیۆلۆجیـی رۆخانـەی رووبارەکـە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سرووشـتی پێکهاتەی جیۆلۆجیـی و جۆری تاوێـرە پێکهێنـەرەکانی ژینگەیی رۆخانەی

رووبارەکـە و کەنـارەکانی، سـەرەرای ئـەوەی رۆخانـەی رووبارەکـە بارودۆخـی فاکتـەری تەکتۆنیـی کاریگەرییـەکانی دیاریـدەکات، لەمەشـەوە رۆخانـەی رووبارەکـە پێویسـتی بـە کاتێکـی زۆرە بـۆ گۆڕانکاریـی لـە رێڕەوەکەیـدا (الجميـلي، ١٩٩٠، ص١٠٣) هـەروەک لـە توێژینـەوە هاوچەرخەکانـدا هـۆکاری گۆڕانکاریـی لـە رۆخانـەی رووبارەکانـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ پەیوەنـدی نێـوان هەریـەک لـە فراوانبـوونی رۆخانەکـە و قوڵییەکـەی و بـڕی ئـاوی رێکـردوو و لێژیـی و درێژیـی شـەپۆلی پێچاوپێـچ و چەمـاوەکان.( الدليمـي، ١٩٩٦، ص٤١)

بەسـەرنجدان لـە خشـتەی (٤) و نەخشـەی (١٥) گەشەسـەندن و گۆڕانکاری پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رۆخانەی رووباری زێـی بچـووک لـە ناوچـەی توێژینـەوە دەخەینـەڕوو، لەڕێگـەی بەراوردکاریـی لـە نێـوان تایبەتمەندییـەکانی مۆرفۆمەتـری پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رۆخانـەی رووبارەکـە بـۆ سـاڵەکانی (١٩٨٤ و ٢٠٠٠ و ٢٠٢١).

١- گۆڕانـکاری لـە درێـژی رۆخانـەی پێچاوپێـچ و چەمـاوەکانی رووبارەکـەدا بەپێـی مـاوە جیـاوازەکانی وەرگیـراو بـۆ بەراوردکاریـی روویـداوە، هـەروەک جیـاوازی لـە گـۆڕانی درێـژی رۆخانـەی رووبارەکـەدا بەدیدەکرێـت، بەپێـی ئـەو ماوەییـەی وەرگیـراوە بـۆ (٣٧) سـاڵ درێـژی رۆخانەکـە بـۆ هەریـەک لـە سـاڵەکانی (١٩٨٤ و ٢٠٠٠ و ٢٠٢١) یـەک لـە دوایـی یـەک گەیشـتوەتە (٣٢کـم، ٣٢،٨٧٦کـم، ٣١،٧٢٧کـم)، ئەمـەش ماوەیەکـی دوور و درێـژە بەرەچاوکـردنی لایـەنی هایدرۆلۆجیـی و جیۆمۆرفۆلۆجیـی رووبارەکـە و چالاکیـی تەکتۆنیـی رۆخانـەی رووبارەکـە، بۆیـە بەرزتریـن گۆڕانـکاری لـە درێـژی ئاوەڕێژەکـە دەگاتـە (٧٤٩م) بـۆ پێچاوپێچـی (کێلەسـپی) لـە نێـوان سـاڵەکانی (١٩٨٤ بـۆ ٢٠٠٠)، ئەمـەش راسـتەوخۆ پەیوەسـتە بەبـڕی ئـەو نیشـتووانەی رۆخانـەی رووبارەکـە کردوونـی لەکاتی بەرزبونـەوەی ئـاوی بەنـداوی دووکان، چونکـە ئـەم پێچاوپێچـە دەکەوێتـە ژێـر ئـاوی بەنداوەکـە، لـەم پێچاوپێچـەدا درێژییەکـەی لەسـاڵی (١٩٨٤) گەیشـتوەتە (٢٤٤٦م)، ئـەم درێژییـە بەرزبووەتـەوە بـۆ (٣١٩٥م) لـە سـاڵی (٢٠٠٠)، بـەڵام جارێکـی تـر نزمبووەتـەوە بـۆ (٣٠٥٤م) لـە سـاڵی (٢٠٢١)، لـە دوای پێچاوپێچـی (کێلـە سـپی) هەریـەک لـە پێچاوپێچـی (برایـماوا و پێچاوپێچـی خـاس و چەمـاوەی پیـران) دێـت، کـە جیـاوازی گۆڕانکارییەکەیـان گەیشـتوەتە (٧١٥م، ٥٥٧م، ٤٤٥م) یـەک لـە دوای یـەک.

٢- بەرزتریـن گـۆڕان لـە درێژیـی شـەپۆلی پێچاوپێچ و چەمـاوەی رۆخانـەی رووبارەکە گەیشـتوەتە (٨١٢م) لـە چەماوەی (سـوڵتانەدێ)، کـە لـە سـاڵی (١٩٨٤) درێـژی شـەپۆلەکەی لـە (١٠٠٦م) بەرزبووەتـەوە بـۆ (١٨١٨م) لـە سـاڵی (٢٠٠٠)، ئینجـا نزمبووەتـەوە بـۆ (١٣٠١م) لـە سـاڵی (٢٠٢١)، هـۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو گۆڕانکارییـە ئاووهەواییەی ناوچەکـەی گرتوەتـەوە لـە کۆتایـی سـەدەی رابـردوو هەتـا سـەرەتای ئـەم سـەدەیە تـا ئێسـتا، هـەروەک بەرزتریـن گـۆڕان لـە دوای چەمـاوەی سـوڵتانەدێ لـە چەمـاوەی کەڵـەکان و پێچاوپێچـی کێلەسـپی و پێچاوپێچـی گوێزیلـە و پێچاوپێچـی خـاس، کـە جیـاوازی درێژیـی شـەپۆلەکەیان گەیشـتوەتە (٧٧٤م، ٥٦٥م، ٥٤٤م، ٤٠٤م) یـەک لـە دوای یـەک.

٣- گـۆڕان لەڕێـژەی پێچخـواردنی ڕۆخانـەی رووبارەکـەدا لـە ئەنجامـی گۆڕانـە لـە درێژیـی شـەپۆل و درێژیـی ڕۆخانـەی رووبارەکـە لـە پێچاوپێـچ و چەماوەکانـدا، لـە دەرئەنجامـی ئـەو گۆڕانکارییانـەوە هەندێـک لـە چەمـاوەکان گـۆڕاون بـۆ پێچاوپێـچ و بـە پێچەوانەشـەوە درووسـتە، هـەروەک گەورەتریـن گـۆڕانی رێـژەی پێچخـواردن لـە پێچاوپێچـی کەوییـە لـە سـاڵی (١٩٨٤)دابـووە، کـە گەیشـتوەتە (٤,٩)، دواتـر بەرزبووەتـەوە بـۆ (٥,٤) لـە سـاڵی (٢٠٠٠) بـەردەوام بـووە لـە بەرزبووونـەوە تـا لـە سـاڵی (٢٠٢١) گەیشـتوەتە (٥,٧).

خشتەی(٤)

جیاوازی تایبەتمەندییە مۆرفۆمەترییەکانی پێچاوپێچ و چەماوەی رووباریی بۆ ماوەکانی (١٩٨٤ و ٢٠٠٠ و ٢٠٢١)

| ژ | ناوی پێچاوپێچ و چەماوە | درێژی رۆخانەی رووبار بە (م) بۆ ماوەکانی | | | درێژی شەپۆل بە (م) بۆ ماوەکانی | | | رێژەی پێچخواردنی رۆخانەی رووبار بۆ ماوەکانی | | | بوار (م) بۆ ماوەکانی | | | ئاڕاستەی قۆقزی پێچاوپێچ یا چەماوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٩٨٤ | ٢٠٠٠ | ٢٠٢١ | ١٩٨٤ | ٢٠٠٠ | ٢٠٢١ | ١٩٨٤ | ٢٠٠٠ | ٢٠٢١ | ١٩٨٤ | ٢٠٠٠ | ٢٠٢١ | |
| ١ | دەڵگە | ٦٠٥ | ٧١٢ | ٤٦٨ | ٥٢٨ | ٦٠٣ | ٣٥٦ | ١,٢ | ١,٢ | ١,٣ | ٢٥٣ | ١٣٨ | ١٣٨ | باشووری خۆرهەڵات |
| ٢ | بێخرێ | ١٦٤٢ | ١٤١٦ | ١٤٤٢ | ١٢٨٠ | ١٠٤٧ | ١٠٥٤ | ١,٣ | ١,٤ | ١,٤ | ٧٠٨ | ٤٠٦ | ٤١٤ | خۆرئاوا |
| ٣ | کەوییە | ٢٦٥٧ | ٢٢٤٤ | ٢٤٠١ | ٥٤٣ | ٤١٢ | ٤١٩ | ٤٩ | ٥,٤٩ | ٥,٧ | ٤٦٩ | ٩١٣ | ٩٠٩ | باشووری |
| ٤ | سریشکێن | ١٦٤٣ | ١٦٧٤ | ١٨٤٤ | ٧٦٩ | ٨١٠ | ٨٧٢ | ٢,٢ | ٢,١ | ٢,١ | ٧٢٣ | ٦١٢ | ٦٢٢ | باکووری خۆرئاوا |
| ٥ | چۆم پەڵکان | ٢٢٦٥ | ٢١٧٧ | ٢١٩١ | ٨٣٦ | ٧٨١ | ٩٠٤ | ٢,٧ | ٢,٨ | ٢,٤ | ٧٦٦ | ٨٦٠ | ٨٥٦ | باشووری خۆرهەڵات |
| ٦ | بێخرێ | ٢٠٣٣ | ٢١١٧ | ١٩٦٤ | ٤٤١ | ٥٠٢ | ٣٦٢ | ٤,٦ | ٤,٢ | ٥,٤ | ٥٣٣ | ٩٠٣ | ٨٨٤ | باکووری خۆرئاوا |
| ٧ | قەلاتی دنکەیی | ٣٠٤١ | ٢٨٢١ | ٢٨٤٨ | ١٧٣٩ | ١٥٩٩ | ١٦٥٠ | ١,٧ | ١,٨ | ١,٧ | ٦٢١ | ١٠٤٥ | ١٠٤٢ | باشووری خۆرئاوا |
| ٨ | گەرمکان | ٢٩٠٩ | ٢٨١٨ | ٢٦٣٠ | ١٦٩٣ | ١٥٨٦ | ١٥٠٤ | ١,٧ | ١,٨ | ١,٧ | ٧٩٨ | ١٠٤٤ | ٩٩٥ | باکووری خۆرهەڵات |
| ٩ | خاسی | ٣٨٣١ | ٤٣١٩ | ٣٧٦٢ | ٢٠٠٥ | ٢٤٠٩ | ٢٢٦٩ | ١,٩ | ١,٨ | ١,٧ | ٧٧٤ | ١٦٢٩ | ١٣١٠ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٠ | کەڵەکان | ٣٩٧٥ | ٣٨٣١ | ٣٧٥٠ | ٢٠٠٤ | ٢٤٨٠ | ٢٧٧٨ | ٢ | ١,٥ | ١,٣ | ١٥٩٤ | ٨٦٧ | ٩٦٨ | باکووری خۆرهەڵات |
| ١١ | پیران | ٢٧٧١ | ٣١٧٦ | ٣٢١٦ | ٢١٠٣ | ٢١٠٣ | ٢٢٦٥ | ١,٣ | ١,٥ | ١,٤ | ١١١٨ | ٨١٢ | ٧٥٥ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٢ | گوێزیلە | ٢٣٩٠ | ٢٧٦٥ | ٢٧٩٤ | ١٤٢٤ | ١٧٣٧ | ١٩٦٨ | ١,٧ | ١,٦ | ١,٤ | ١١٧٥ | ٧٤١ | ٨٩٧ | باکوور |
| ١٣ | سندۆڵان | ٢٢٢٥ | ٢١٩٠ | ٢٣٣٢ | ١٥٥٨ | ١٤٦٣ | ١٤٦٨ | ١,٤ | ١,٥ | ١,٦ | ٨٧٧ | ٧٢٩ | ٧٥٧ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٤ | کێلەسپی | ٢٤٤٦ | ٣١٩٥ | ٣٠٥٤ | ١٣٨٧ | ١٦٢٨ | ١٩٥٢ | ١,٨ | ٢ | ١,٦ | ٩٣٢ | ٩٧٠ | ٨٩٥ | باکووری خۆرهەڵات |
| ١٥ | برایماوا | ٢٣٢١ | ٣٠٣٦ | ٢٩٦٧ | ١٧٥١ | ٢٠٨٢ | ٢١٤٥ | ١,٣ | ١,٥ | ١,٤ | ٦٠٨ | ١٠٠٦ | ٨٦٤ | باشووری خۆرئاوا |
| ١٦ | کەرسۆنان | ٢٢٦١ | ٢٣٥٨ | ١٨٤٨ | ١٦٨٧ | ٢٠٥٤ | ١٥٠٤ | ١,٣ | ١,١ | ١,٢ | ١١٢٧ | ٣٠٨ | ٤٢٢ | باکووری خۆرهەڵات |
| ١٧ | سوڵتانەدێ | ٢٨٠٢ | ٢٥٦١ | ٢٣١٢ | ١٠٠٦ | ١٨١٨ | ١٣٠١ | ٢,٨ | ١,٨ | ١,٨ | ٤٣٥ | ٦٧١ | ٦١٦ | باشوور |

سەرچاوە: لە کاری توێژەر پشتبەست بە وێنەی لاندساتی٧ و ٨ )١٩٨٤، ٢٠٠٠، ٢٠٢١)، بەبەکارهێنانی بەرنامەی (version. ArcGIS. ١٠,٨)

٤- بەرزترین گۆڕانکاریی لەبواری پێچاوپێچ و چەماوەکانی رۆخانەی رووبارەکەدا، دەکەوێتە پێچاوپێچی خاس، کە درێژیی بوارەکەی گەیشتوەتە (٨٥٥م)، دواتر هەریەکە لە چەماوەی کەرسۆنان و کەڵەکان و پێچاوپێچی کەوییە و گوێزیلەیە، کە جیاوازی درێژی بوارییان گەیشتوەتە (٨١٩م، ٧٢٧م، ٤٤٤م، ٤٣٤م، ٤٢٤م) یەک لە دوای یەک، بەڵام هەرچیی سەبارەت بە ئاڕاستەی پێچاوپێچ و چەماوەکانە هیچ گۆڕانێک لە ئاڕاستەی پێچەڕووبارەکاندا بەدینەکراوە، کە شایەنی ئاماژەپێدان بێت.

نەخشەی (١٥) گەشەسەندنی پێچاو و چەماوەی ڕێڕەوی ڕووباری زێی بچوک




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS.version.10.8)ب سود وەرگرتن ل وێنەی ئاسمانی لاندساتی ٨

## ئەنجام

١- بـە شـێوەییەکی گشـتیی درووسـتبوونی پێچاوپێچـە ڕووبارییـەکانی ناوچـەی توێژینـەوە لەنێـوان بەشـەکانی باکـوور و باشـووری ڕووبارەکـەدا لـەڕووی درووسـتبونەوە لـە یەکتریـی جیـاوازن، ئەمـەش پەیوەسـتە بـە جیاوازیـی لێژیـی لەنێـوان هـەردوو ناوچـە لەگـەڵ پێکهاتـەی جیۆلۆجیـی و هێـزو تەوژمـی ئاوەکـە.

٢- تێکڕایـی لێژیـی و پێکهاتـە جیۆلۆجیـی و جـۆری تاوێـرەکانی پێکهێنـەری شـانەکانی ڕووبارەکـە کاریگەرییـان لەسـەر گەشەسـەندن و گۆڕانکاریـی ڕواڵەتـە ڕاماڵـراوەکانی ڕۆخانـەی ڕووبارەکـە هەیـە، بـە جۆرێـک ئـەو ناوچانـەی تێکڕایـی لێژییـان (٢م/کـم)ە، ئـەوا کـرداری داتاشـیینی ئاسـۆی چالاکـترە بـەراورد بـە داتاشـینی سـتوونیی.

٣- بە پێی هاوکێشەی ڕێژەی پێچخواردنی ڕووبار، ئەوا درێژیی ڕۆخانەی ڕووبارەکە پێچخواردنە و ئەنجامەکەشی (١,٥٨)، کەواتە درێژیی ڕاستەقینە ئەوەندە و نیوی درێژیی نموونەیی بووە.

٤- چەماوە و پێچاوپێچەکانی ناوچەی توێژینەوە لەڕووی ئاڕاستە و تایبەتمەندی مۆرفۆمەترییەکانیان لە یەکتریی جیاوازن ئەگەر هەمان ئەنجامی ڕێژەی پێچخواردنشییان هەبێت.

٥- لەیەکنەچوون لە پانیی و تێکڕایی پانیی لە هەریەک لە پێچاوپێچ و چەماوەکان ڕۆخانەی ڕووباری زێی بچووک هەیە، بۆ نموونە نزمترین پانیی ڕۆخانەکە لە چەماوەی (دەڵگە-سەربەنە)، کە گەیشتوەتە (٥٧م)، هۆکارەکەشی بۆ پێکهاتەی جیۆلۆجیی و جۆری تاوێری شانەکانی دۆڵەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها بەرزترین پانیی (٤٢٣م) کەوتوەتە چەماوەی قەڵاتی دنکەیی.

٦- بە درێژایی ڕۆخانەی ڕووباری زێی بچووک لەناوچەکەدا دوو پێچاوپێچ و سێ چەماوە هاوئەندازەن، ئەوانیش بریتین لە (پێچاوپێچی کەوییە، پێچاوپێچی بێخرێ، چەماوەی قەڵاتی دنکەیی و سندۆڵان و سوڵتانەدێ)، جگە لەم پێنج پێچە ڕووبارە تەواوی پێچاوپێچ و چەماوەکانی تر ناهاوئەندازەن.

٧- بەرزترین گۆڕانی ڕێژەی پێچخواردن لە پێچاوپێچی کەوییە لە ساڵی (١٩٨٤)دا گەیشتووەتە (٤,٨٩)، دواتر ڕێژەی پێچخواردنەکەی بەرزبووەتەوە بۆ (٥,٤٤) لە ساڵی (٢٠٠٠) لە بەرزبوونەوە بەردەوامبووە تاوەکو لە ساڵی (٢٠٢١) گەیشتووەتە (٥,٧).

## ڕاسپاردەکان

١- پێویستە ویستگەی هایدرۆلۆجیی لەسەر ڕووباری سەرەکیی و چۆمە لاوەکییەکانی ڕۆخانەی ڕووباری زێی بچووک دابمەزرێنرێت، بەمەبەستی دابینکردنی داتا و پێوانەیی هایدرۆلۆجیی بۆ شیکردنەوەی کاریگەریی بڕی ئاوی ڕێکردوو لەسەر پێچاوپێچ و چەماوە ڕووبارییەکان.

٢- بەرزی چالاکیە مرۆییەکان لە ڕۆخانەی ڕووبارەکەدا بەتایبەتی دەرهێنانی کەرەستەی بیناکاری چەو و لم، لەڕێگەی غەسالەکانی ناو ڕۆخانەی ڕووبارەکە، لە وەرزی کەم ئاوییدا ڕۆخانەی ڕووبارەکە و ڕواڵەتە ڕاماڵراوەکان تێکدەدەن، بۆیە پێویستە یاسای تایبەت بە چۆنێتیی کارکردن لە ڕۆخانەی ڕووبارەکاندا دەربکرێت.

٣- هەوڵبدرێت ڕێگریی لە دەستکارییکردن و گۆڕینی ڕۆخانەی ڕووبارەکە بکرێت، لە لایەن خاوەن کارگەکانی چەو و لمەوە بەمەبەستی بە دەستهێنانی کەرەستەی خاوی بیناکاریی.

٤- هەوڵبدرێت کارگەی کەسارەی وردکردنی کەرەستەی چەوی گەورە لە ڕۆخانەی ڕووبارەکاندا دابنرێت، بۆ ئەوەی نەبێت بە هۆکاری کۆبۆنەوەی بارستە چەوییە گەورەکان لە ڕۆخانەی ڕووبارەکاندا.

تحليل الألتواءات و المنعطفات لمجرى نهر الزاب الصغير من قرية دلگه الى دربند رانيه

پشتيوان على محمد ابراهيم، مدرس، قسم الجغرافية، كلية العلوم الانسانية، جامعة راپەرين، أقليم كوردستان، العراق. Pshtiwan.mohammed@uor.edu.krd
عزالدين جمعه درويش، أستاذ، قسم الجغرافية، كلية التربية، جامعة گرميان، أقليم كوردستان، العراق. azzadeen.jumaa@garmian.edu.krd

الملخص

تناولت هـذه الدراسـة المنعطفـات والالتـواءات النهريـة في المجـرى نهـر الـزاب الصغـير في المنطقـة، مـن حيـث خصائـص الشـكلية المورفومتريـة مثـل (الطـول والعـرض والاتجـاه والشـكل ومـدى وتناظريـة المنعطفـات) وتوزيعهـا عـلى طـول مجـرى النهـر، وذلـك مـن خـلال عـرض العوامـل المؤثـرة في تكويـن هذيـن الظاهرتـين التعرويـة في وادي النهـر، مثـل درجـة الانحـدار، والتركيـب الجيولوجـي، والمـواد المعلـق وتدفـق الميـاه الانهـار الفرعيـة في المجـرى النهـر الرئيسي والنشـاط التكتونيـة مـن ناحيـة عوامـل جيمورفيـة مثـل (النحـت والتعريـة والنقـل وترسـيب)، مـع مـا يترتـب عـلى ذلـك مـن آثـار لأسـباب إنسـانية، فضـلا عـن تحليـل مراحـل تطـور النهريـة، كـما تظهـر مـن الشـمال النهـر إلى جنوبـه عـلى طـول مجـرى النهـر الـزاب الصغـير، كـما يوجـد التبايـن بـين الفترتـين مـن عـام (١٩٧٢-٢٠٢١)، في تكويـن المنعطفـات والالتـواءات النهريـة في المنطقـة، مـن حيـث أشـكالها وخصائصهـا وفقـا للبنيـة الجيولوجيـة والتضاريسـية، كـما تختلـف مـن حيـث خصائصهـا المورفومتريـة والعوامـل الجيمورفولوجيـة في جميـع أجـزاء مجـرى للنهـر، وكذلـك تعتمـد طريقـة البحـث في هـذه الدراسـة عـلى طريقـة الاسـتنباط، مـع طريقـة الحسـاب وطريقـة رسـم الخرائـط، مثـل برنامـج (.ArcGIS ١٠,٨.version)، باسـتخدام صـورة القمـر الصناعيـة لاندسـات ونمـوذج الارتفـاع الرقمـي (DEM١٢,٥m)، وإجـراء عمـل ميـداني مفصـل مـن قبـل الباحـث.

يوجـد في المنطقـة الدراسـة (١٧) المنعطـف والالتـواء، منهـا (٧) الألتـواءات النهريـة، ومنهـا (١٠) المنعطفـات النهريـة، وفقـا لمعادلـة نسـبة التعـرج مجـرى النهـر الـزاب الصغـيرة في منطقـة الدراسـة تأخـذ شـكل المنعطـف، فبلـغ نسـبة التعـرج تقريبـا (١,٥٨)، وكذلـك أعـلى قيمـة نسـبة التعـرج في المنعطـف كەوييـە بلـغ إلى (٥,٤)، في حـين أن قيمـة التناظريـة في المنعطـف بيخـرى التناظريـة في نفـس الوقـت حيـث تبلـغ قيمـة كل جانـب مـن (س) و(ص) حـوالي (٤٩)، والتغـير في الطـول المجـرى النهـر والانحـدار السـطح يسـتمر في المنعطفـات والألتـواءات النهريـة، فعـلى سـبيل المثـال طـول المجـرى النهـر لـكل سـنة مـن السـنوات (١٩٨٤ و٢٠٠٠ و٢٠٢١) واحـدا تلـو الآخـر، بلـغ (٣٢ كـم، ٣٢,٨٧٦ كـم، ٣١,٧٢٧ كـم)، وتظهـر هـذه التغـيرات بشـكل مختلـف وفقـا للحالـة الجيولوجيـة للنهـر، ونـوع الصخـور المشـكلة البيئيـة التـي تشـكل مجـرى النهـر المـائي وأكتافـه.

الكلمات المفتاحية: المنعطف، الالتواء، الانحدار، التعروية، متناظر. Top of Form

# Analysis of Meanders and Bends of Lesser Zab River from Dalga Village to Darbandi Rania


## Abstract

This study investigates the meanders of the Lesser Zab River in the study area, in terms of morphometric characteristics such as (length, width, direction, shape, area and symmetry of the meanders) and their distribution along the main river in the river valley through explaining the forcing factors in the creation of such shapes such as slope, geological structure, transported materials, flow of tributaries into the main river and tectonic activity in terms of geomorphic actions such as (carving, removal, transportation and sedimentation), with the influence of human factors. Also, the phases of meanders development from north to south in the river valley are discussed. Furthermore, differences and dissimilarities of such formation can be seen between the periods ٢٠٢١-١٩٧٢; this is reflected in morphometric characteristics and geomorphic actions in all parts of the river basin. This research relies on various research methods such as deductive method, numerical methods and cartographic methods; using (ArcGIS.version.١٠,٨), with the use of digital elevation model (DEM١٢,٥m), to conduct detailed field work by the researcher. In the study area, ١٧ bends and meanders in the river have been identified, of which ٧ bends were bends and ١٠ were meandering with the percent of meandering reaching (١,٥٨), and the bend of Kewiya has the highest rate of twist, which reached (٥,٤). At the same time, the value of symmetry in the bend of Bekhre village is completely symmetric, because the value of each side (X) and (Y) is ٤٩. For example, the length of the river for each of the years (٢٠٠٠ ,١٩٨٤ and ٢٠٢١) consecutively reached (٣٢ km, ٣٢,٨٧٦ km, ٣١,٧٢٧ km), These changes will affect the size of human activities in the study area such as (distribution of human settlements, agricultural activities, poultry farms, fish ponds and industrial activities).


**Keywords: Meanders, Bends, slope, erosion, and symmetrical.**

## لیستی سەرچاوەکان


أ- کتێب

١- الدليمي، خلف حسين، (٢٠٠٥)، التضاريس الأرضية دراسة جيومورفولوجية عملية تطبيقية، دار صفاء للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان.

٢- محسوب، محمد صبري، (٢٠٠٩)، جيومورفولوجية الأشكال الأرضية، طبع و النشر دار الفكر العربي، القاهرة.

ب- نامەی ماستەر و دکتۆرا:

٣- البالاني، عزالدين جمعة درويش، (٢٠٠٣) أشكال سطح الارض لوادي نهر الفرات بين الزلة و راوه، دكتورا (غ.م)، كلية التربية في الجامعة المستنصرية، بغداد.

٤- البالاني، نخشان محمد رستم خان، (٢٠١٠)، جيومورفولوجية منطقة كەلار، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية.

٥- الجميلي، مشعل محمود فياض ،(١٩٩٠) الاشكال الارضية لوادي نهر الفرات بين حديثة و هيت، رسالة دكتورا(غ.م)، قسم الجغرافية، كلية الاداب، جامعة بغداد،.

٦- الدليمي، خلف حسين على فياض، (١٩٩٦)، وادى نهر الفرات بين هيت و الرمادى دراسة جيومورفولوجية، رسالة دكتورا(غ.م)، كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد.

٧- الزيادي، أيهاب عزيز درفش، (٢٠١٧)، جيومورفولوجية الجزر النهرية في مجرى نهر الفرات بين مدينتي الناصرية و القرنة بأستخدام Gis، رسالة ماجيستير(غ.م)، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة البصرة.

٨- المعلم، عبدالله على محمد، (٢٠٠٤)، جيومورفولوجية حوض وادي حسان في اليمن، دكتوراه، غيرمنشورة، كلية تربية (ابن رشيد)، جامعة بغداد.

.fundamentals of fluvial Geomorphology, Routledge, London-new York ,(٢٠٠٧) ,٩Ro Charlton-

and ١٤ – ٣٨- Varoujan K. Sissakian, Geological map of Erbil –and Mahabd Quadrangles, sheet NJ -١٠ .١:٢٥٠٠٠٠ :Scaill ,١٩٩٧ ,ATATE ,Establishment of Geological Survey and Mining ,١٥ – ٣٨- Baghdad,NJ

water resources management in Rania area ,(٢٠٠٨) ,Al-manmi, Diary Ali Mohammad Ameen -١١ .Sulaimaniyah in -Iraq, Doctor of philosophy of science, College Science, university of Baghdad

ج- ئەتڵەس و نەخشە

١٢- هاشم یاسین حداد و سەردار محمد عبدالرحمن و هۆشیار محمدامین خۆشناو، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان. لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩ .

١٣- فایلی (Dem١٢m ) بە بەکارهێنانی بەرنامەی (١٠,٨.Arcgis.version)، لەگەل وێنەی ئاسمانی و مانگی دەستکردی لاندساتی (٧ و ٨).

د- کاری مەیدانی

١٤- کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری (٢٠٢١/٨/٢٠)  ١٥- کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری (٢٠٢١/١/٢٥)

١٦ -کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری (٢٠٢٢/٢/٢٢)   ١٧ - کاری مەیدانی توێژەر لەبەرواری (٢٠٢٢/٢/٢٣)

https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.161

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# قياس أثر التنمية البشرية في نمو الاقتصاد العراقي للمدة (٢٠٠٥-٢٠٢٠)

**محمد حسين دەرويش**

Muhamad.darwesh@univsul.edu.iq

**أ.م. د. احمد اسماعيل قادر**

Ahmed.qader@univsul.edu.iq

قسم الاقتصاد- كلية الادارة و الاقتصاد- جامعة السليمانية

## الملخص

تعد التنمية البشرية عملية تفضيلات الافراد وزيادة فرصهم في مجالات (الصحة و التعليم و المستوى المعيشي) بجانب زيادة خياراتهم في الحياة الاقتصادية والاجتماعية والسياسية، ازدادت اهمية التنمية البشرية ومكانتها على اساس ان الاستثمار في الانسان يعد افضل انواعه، لأنه الاساس الراسخ والسليم لبناء مجتمع صالح وقوي اقتصاديا واجتماعيا، يهدف البحث الى قياس أثر التنمية البشرية على النمو الاقتصادي في العراق للمدة (٢٠٠٥-٢٠٢٠)، من اجل تحقيق هدف البحث تم الاعتماد على التحليل القياسي و باستخدام طريقة الانحدار الذاتي للابطاء الموزع (ARDL) استنادا الى البيانات السلاسل الزمنية، واخيراً توصل البحث إلى استنتاجات عدة، اهمها: وجود علاقة طردية وايجابية بين التنمية البشرية والنمو الاقتصادي في العراق، اذ زيادة التنمية البشرية بنسبة(١٪) تؤدي الى زيادة النمو الاقتصادي بنسبة (٠,٣٧).

**الكلمات المفتاحية : التنمية البشرية ، النمو الاقتصادي ، الاستثمار ،الانفاق على التعليم.**

Recieved: 30/7/2022
Accepted: 27/8/2022

**E-ISSN: 2790525-X**
**P-ISSN: 27905268**

## المقدمة

نالـت التنميـة البشريـة اهتمامـا كبـيرا في الادبيـات الاقتصاديـة الحديثـة، فقـد أصبحـت مفهومـا متطـوراً ومعـاصراً لمفاهيـم تنمويـة سـابقة، اذ أن الاسـتثمار في تطويـر قـدرات الانسـان للمسـاهمة في النمـو الاقتصـادي لا يقـل أهميـة عـن الاسـتثمار في رأس المـال المـادي، ولكنـه يختلـف عنـه في كـون هـذا المفهـوم يجعـل البـشر هـم محـور النمـو والمشـاركين بـه أيضـا، ويعيـد الانسـان الى مكانـه الصحيـح بعـد أن مـرت عقـود طويلـة جـرى التركيـز فيهـا عـلى تحقيـق التراكـم الرأسـمالي وزيـادة الانتـاج والـثروة بغـض النظـر عـن تنميـة الواقـع البـشري، وبالتـالي فـان التنميـة البشريـة تهتـم بتطويـر ذاتيـة الافـراد وبالتـالي تحسـين مسـتواهم المعـاشي والصحـي والتعليمـي. اذ أن التنميـة البشريـة ركيـزة أساسـية للنمـو الاقتصـادي، يعـد الاسـتثمار في القـدرات البشريـة ومسـتواها ركيـزة اساسـية لرفـع الكفـاءة الانتاجيـة، وبدورهـا تـؤدي الى زيـادة الانتـاج والانتاجيـة و تحقيـق معـدلات عاليـة في النمـو الاقتصـادي .

عـلى الرغـم مـن ان العـراق يمتلـك مـوارد طبيعيـة كثـيرة ومتنوعـة ، الا انـه لم يسـتغل هـذه المـوارد بصـورة منتجـة وكفـؤة لتحقيـق تنميـة بشريـة عاليـة وبالتـالي لم يحقـق النمـو الاقتصـادي المطلـوب، وان مسـتويات التنميـة البشريـة في العـراق يعـد ضعيفـا مقارنـة بالامكانـات البشريـة والاقتصاديـة مـا اثـر سـلبا عـلى المتغـيرات الاقتصاديـة والاجتماعيـة والسياسـية . تنسـجم اهميـة البحـث مـع العنايـة الكبـيرة ببيـان واقـع التنميـة البشريـة في العـراق وقيـاس اثـر التنميـة البشريـة في نمـو الاقتصـاد العراقـي وكذلـك الاثـر الكبـير الـذي تؤديهـا التنميـة البشريـة في النمـو الاقتصـادي وبالتـالي توفـير مسـتويات عاليـة مـن الرفاهيـة الاقتصاديـة و الاجتماعيـة، عليـه تـم اختيـار هـذا الموضـوع للبحـث. مـن اجـل الوصـول الى اهـداف البحـث وتحقـق مـن فرضياتـه ينطلـق البحـث مـن فرضيتـان اساسـيتان : اولا، تعـد مسـتويات التنميـة البشريـة في العـراق ضعيفـا مقارنـة بالامكانيـات المتاحـة. و ثانيـا، وجـود علاقـة طرديـة بـين التنميـة البشريـة والنمـو الاقتصـادي في العـراق. فقـد تـم تقسـيم البحـث الى ثلاثـة مباحـث، يتنـاول المبحـث الاول (الاطـار المفاهيمـي للتنميـة البشريـة)،في حـين خصـص المبحـث الثـاني لواقـع التنميـة البشريـة والناتـج المحـلي الاجـمالي في العـراق، والمبحـث الثالـث يتنـاول الجانـب القيـاسي مـن خـلال توصيـف النمـوذج واجـراء اختبـارات عـدة ومـن ثـم تقديـر النمـوذج القيـاسي للمـدة (٢٠٠٥-٢٠٢٠)، وفي الاخـير اجـراء اختـبرات عـدة لمـدى مصداقيـة وصلاحيـة النمـوذج المعتمـد. وفي نهايـة البحـث تـم التوصـل الى جملـة الاسـتنتاجات و المقترحـات.

مـن اجـل تحقيـق اهـداف البحـث تـم الاعتـماد عـلى المنهـج (التحليـلي – القيـاسي) و باسـتخدام طريقـة الانحـدار الـذاتي للابطـاء المـوزع (ARDL) بالاعتـماد عـلى برنامـج (E-views ٩) اسـتنادا الى البيانـات الرسـمية المنشـورة مـن قبـل البنـك المركـزي العراقـي و وزارة التخطيـط العراقـي، والبنـك الـدولي ايضـا. نطـاق البحـث: يكـون مكانيـا: يتضمـن الاقتصـاد العراقـي و، زمانيـا تكـون المـدة مـا بيـن(٢٠٠٥-٢٠٢٠) .

الدراسـات السـابقة: مـن خـلال بحثنـا قمنـا بالإطـلاع عـلى بعـض الدراسـات السـابقة ذات الصلـة بالموضـوع والتـي نذكـر منهـا :

١-دراسـة(احمد،٢٠٢٠): هدفـت الى معرفـة تحليـل اسـباب تعـثر التنميـة البشريـة في العـراق ومعرفـة العوامـل التـي تسـاهم في تحقيـق الاصـلاح الاقتصـادي، وقـد اسـتخدم اسـلوب الوصفـي و ذلـك مـن خـلال دراسـة واقـع التنميـة

البشرية في العراق وتحديد فاعلون الجدد في التنمية البشرية منها، القطاع الخاص والمجتمع المدني، وقد استنتج البحث بانه لا يمكن احداث التنمية من خلال استيرادها من الخارج، بل يجب تكيفها مع الواقع المحلي بجانب وجود علاقة قوية بين الديمقراطية والتنمية البشرية، فضلا عن وجود دور كبير للادارة في تحقيق التنمية البشرية .

٢- دراسة(شلال ، ٢٠١٨) : هدفت الدراسة معرفة اثر التنمية البشرية على الواقع الصحي في المحافظة صلاح الدين، وكذلك معرفة الدور الحقيقي التي تلعبها التنمية البشرية في توسيع قدرات البشرية لسكان المحافظة، وذلك اعتمادا على التحليل الوصفي وباستخدام بعض المؤشرات الاقتصادية والصحية منها(عمر المتوقع عند الولادة، عدد الاطباء، الانفاق الصحي، نسبة الانفاق الصحي من الناتج المحلي الاجمالي)، وقد استنتجت الدراسة ان هناك تباينا كبيرا لاثر التنمية البشرية على المستوى الصحي في المحافظة المذكورة و وجود تباين واضح فيما يخص توزيع الانفاق الصحي في منطقة الدراسة .

٣- دراسة (مقابلة و العلاونة، ٢٠١٨): تهدف هذه الدراسة إلى بيان أثر التنمية البشرية على النمو الإقتصادي في الأردن خلال المدة (١٩٨٠-٢٠١٤)، ومن أجل تحقيق أهداف البحث تم توظيف المنهجين الوصفي والقياسي باستخدام نموذج ،(OLS) أظهرت نتائج البحث التأثير الإيجابي للتنمية البشرية ممثلةً بمؤشر التنمية البشرية (HDI) على النمو الإقتصادي في الأردن ممثلاً بالإنتاجية المتوسطة الحقيقية للعامل (RAPL)، فكلما زاد مؤشر التنمية البشرية (HDI) زادت الإنتاجية المتوسطة الحقيقية للعامل الأردني.

٤-دراسة (العبيدي و الهندي ، ٢٠١٨): تهدف الدراسة الى تحديد المشاكل والمعوقات الاساسية التي تواجه التنمية البشرية في العراق ومحاولة ايجاد المعالجة المناسبة ، تم استخدام المنهج الاستقرائي من خلال جمع البيانات المختلفة، وقد استنتجت الدراسة أن مؤشرات التنمية البشرية الصحية والتعليمية والمعيشية تعاني المزيد من التدهور والاهمال وتردي واقعها الفعلي خلال مدة الدراسة(٢٠٠٣-٢٠١٤) ، وبالرغم من وجود تحسن في قيمة دليل التنمية البشرية الخاص بالعراق ، إلا إنه لايتماشى مع الامكانات الطبيعية والاقتصادية ، إذ أتسمت بأنخفاض مستوى الخدمات المقدمة من قبل قطاعات الصحة والتعليم وتردي الاحوال المعيشية.

٥- دراسة (فرج و كريم ،٢٠٢٠): هدفت لاظهار  قياس العلاقة بين رأس المال البشري والنمو الاقتصادي في العراق للمدة(١٩٩٠-٢٠١٨) باستخدام طريقتي (OLS)  و (ARDL)، واظهرت الدراسة انه على الرغم من الحروب وعدم الاستقرار السياسي والأمني، إلا إن رأس المال البشري ساهم في تحقيق النمو الاقتصادي في العراق خلال المدة الدراسة في الأمدين القصير والطويل، ولكن بمستويات مختلفة.

٦- دراسة (كريم وحميد،٢٠٢٠) هدفت الى بيان و تحليل مؤشرات دليل التنمية البشرية ( الصحة ، التعليم والدخل ) في محافظة ديالى لعام (٢٠١٧) وواقع كل مؤشر من هذه المؤشرات الرئيسة في الدليل ، وقد أتبع الدراسة المنهج التحليلي الوصفي لوصول الى هدفه ، توصلت الدراسة الى ، ان دليل التنمية البشرية في محافظة ديالى لعام (٢٠١٧) بلغت(٠,٧٤٨)، اي ان المحافظة تقع ضمن دليل التنمية البشرية المرتفع حسب تقرير الامم المتحدة ، بالرغم من عدم كفاية الكثير من المؤسسات في قطاعات التعليم والصحة في المحافظة .

٧- دراسة (قادر،٢٠٢١) هدفت الدراسة الى بيان واقع التنمية البشرية وأثرها في الناتج المحلي الاجمالي العراق كحالة دراسية للمدة(٢٠٠٥-٢٠١٩)، اذ انطلق الدراسة من فرضية مفادها ان العلاقة بين التنمية اليشرية كمتغير مستقل والناتج المحلي الاجمالي كمتغير تابع هي علاقة طردية، وتم تحقق من الفرضية باستخدام اسلوبين هما

الوصفي والكمي من خلال التحليل القياسي، وقد توافق نتائج مع فرضية الدراسة، وذلك بوجود علاقة طردية بين المتغيرات المستقلة والمتغير التابع، اذ زيادة التنمية البشرية بنسبة(١٪) تؤدي الى زيادة الناتج المحلي الاجمالي بنسبة (٥,٩٢٪).

بعد استعراض الدراسات السابقة المختلفة، يرى الباحث انه لم تتوفر دراسة تتعامل مع مؤشر التنمية البشرية و تأثيرها على النمو الاقتصادي في العراق، اذ غالبية الدراسات السابقة تناولت علاقة بين رأس المال البشري والنمو الاقتصادي، وبعض من الدراسات تناولت اثر بعض عناصر التنمية البشرية كالتعليم والصحة والانفاق الحكومي على النمو الاقتصادي، لذا هدفت الدراسة الحالية الى قياس اثر مؤشر خاص بالتنمية البشرية كمتغير مستقل(فضلا عن الانفاق التعليمي والمتغير الوهمي) في النمو الاقتصادي في العراق.

# المبحث الأول

## الاطار المفاهيمي للتنمية البشرية

### اولا : مفهوم التنمية البشرية (Development Human)

أصبح مصطلح التنمية البشرية شائعًا جدًا في الأدبيات الاقتصادية، وظهرت تفسيرات ومحاولات مختلفة لوصفها، بناءً على التطور الذي حدث في النظرية الاقتصادية، مما جعل الإنسان الهدف الأساسي للنشاط الاقتصادي، خاصة ان الأفكار الاقتصادية التي سادت من قبل اذ اثبت عدم نجاحها في تحقيق أهداف التنمية المنشودة(الحنجوري،٢٠١٥، ٦٧ )، وقد تم استخدام اكثر من تعبير للدلالة على مفهوم التنمية البشرية، فقد استخدم في البداية تعبير تنمية العنصر البشري او تنمية رأس المال البشري او تنمية الموارد البشرية او التنمية الاجتماعية ، الى ان استقر المفهوم عام ١٩٩٠ من قبل برنامج الامم المتحدة الانمائي(كريم،حميد،٢٠٢٠،١٦٨). ويعد تقرير عام (١٩٩٣) أول تقرير يتحدث عن التنمية البشرية والإقرار بنموذج إنمائي جديد للتنمية، ينصب فيه النمو الاقتصادي على الناس ويكون مستداما من جيل إلى الجيل الذي يليه، مع وضع مشروع أولي شامل لكفالة الأمن البشري العالمي، وحماية الناس من التهديدات التي يتعرضون لها في حياتهم اليومية وهي، الفقر والبطالة والإرهاب والتدهور البيئي والتفكك الاجتماعي(تقرير التنمية البشرية لعام ١٩٩٤ ،١١.( وعرف التنمية البشرية بأنها التنمية البشرية تلبي احتياجات الأجيال الحالية دون المساس بقدرة الأجيال القادمة على تأمين احتياجاتها(خضير،٢٠١٢،٢٤) .

وعرف تقرير التنمية البشرية الصادر عن برنامج الأمم المتحدة الانمائي التنمية البشرية بأنها «عملية توسيع اختيارات الشعوب» ، والتنمية البشرية المستدامة هي السياسة التنموية الشاملة المستمرة والدائمة المبنية على التخطيط المستقبلي (المصري، ٢٠١٨، ١٩٨)، كما جاء في تقرير التنمية البشرية لسنة ٢٠١٥ تعريفا آخر، اذ اعتربها بمثابة «تنمية الإنسان ببناء الإمكانات البشرية، فهي للبشر ، ونهج التنمية البشرية أوسع من نهج آخر،كنهج الموارد البشرية، أو نهج الاحتياجات الأساسية أو نهج الرفاه البشري « (عمر،محمد،٢٠١٦،٦٦)، وقد فسر مصطلح التنمية البشرية أيضا على أنه «تنمية الناس من أجل الناس بواسطة الناس أنفسهم « (حمزة وآخرون،٢٠١٩، ٣٠). وأيضا يمكن تعريف التنمية البشرية على أنها «توسيع خيارات الناس المتاحة ”هذه الخيارات تتمثل في أن يحصل كافة الناس على الموارد التي تكفل مستوى معيشة كريمة فضلا عن خيارات أخرى كالمشاركة في العملية السياسية وحقوق الإنسان واحترام الإنسان لذاته (علي،شهرزاد،٢٠١٧،٤٤).

يتكون مؤشر التنمية البشرية من ثلاث مكونات او ابعاد رئيسة متمثلة في الصحة والتعليم والدخل(مستوى

المعيشي)، البعد الاول هي البعد الصحي، انه الحالة الصحية وحالة التغذية الجيدة وحياة مديدة، والثاني يتمثل بالبعد التعليمي، انه الركيزة الاساسية في تطوير الانسان ورفع قدراته، وايضا اكتساب المعرفة و رفع المستوى العلمي ، واخيرا البعد الثالث هي المستوى المعيشي لائق، ويتم التعبير عنه بمتوسط حصة الفرد من الناتج المحلي الاجمالي الحقيقي(الفراجي وحمد ،٢٠٢١،٢١٧).

ثانيا : دليل وقياس التنمية البشرية

يعد دليل التنمية البشرية واحد من افضل الادوات لتتبع مستوى تطور ملف الدولة، لأنه يجمع ويندمج بين جميع المؤشرات الاجتماعية والاقتصادية الرئيسية المسؤولة عن الاقتصاد(Omodero,٢٠١٩,٥٣)، تعد ادلة التنمية البشرية (Human Development Indices) والمختصر ب (HDI) مؤشر حديث نسبيا اعتمدها البرنامج الانمائي للامم المتحدة(UNDP) منذ عام ١٩٩٠(مصطفى وسانية,٢٠١٤،٥٣)، ويعرف دليل التنمية البشرية بأنه المقياس الرئيسي المستعمل لقياس التنمية البشرية وهو عنصر استراتيجي في النهج الجديد للتنمية، ويقيم المستويات درجات التقدم استناد الى مفهوم إنمائي أوسع من مفهوم الدخل، فهو يعد مقياس مركب يقيس متوسط الانجازات في ثلاثة أبعاد أساسية في حياة الانسان، (الدليمي،عبدالعاني،٢٠١٦،٢٢٠)، يعد مؤشر التنمية البشرية أداة مركب يهدف إلى قياس مختصر للتنمية البشرية عن طريق قياس معدل الانجازات، وتتميز عن غيرها بالدقة والشمولية، وضعت من قبل الامم المتحدة لقياس دليل التنمية البشرية (الجبوري والعبيدي،٢٠١٧،٢٢١)، ويتكون من ثلاث مؤشرات فرعية وهي :

١ - مؤشر صحة (دليل الصحة ): يقاس دليل الصحة بالعمر المتوقع عند الولادة، فهو يعد مؤشرا مهما فهو يقدر « متوسط عدد السنوات التي يتوقع ان يعيشيها الفرد اذا ما تعرض لإحتمالات الوفاة في مراحل العمر المتتابعة منذ لحظة ولادته حياً» (آرزروني،٢٠٢١،٦٠)، يستخدم هذا الدليل للتوضيح اكثر لحال القدرة على عيش حياة مديدة وصحية (محمود وآخرون،٢٠٢٠،٥٢٦)، الحياة المديدة بمعنى الخالية من الامراض، والافتراض الكامن وراء اختيار هذا المؤشر، هو ان الحياة المديدة قيمة في حد ذاتها (فريد،٢٠١٥،١٩٠)، قيمة الدنيا والقصوى لهذا المؤشر هي ٢٠ ، ٨٣,٢ عام على التوالي(تقرير التنمية البشرية،١٥،١٣،٢٠١٠)، ويقاس وفقا للآتي :

دليل =(القيمة الفعلية - القيمة الدنيا) ÷ (القيمة القصوى - القيمة الدنيا )

او بصيغة الاخرى :

LEI = دليل الصحة

Xi = عمر المتوقع في البلد المعني (القيمة الفعلية)

قيمة الدنيا = ٢٠عام

قيمة القصوى = ٨٣,٢ عام

٢-مؤشر التعليم (دليل التعليم):

عبارة عن دليل مركب يتم من خلاله قياس متوسط السنوات الدراسة ومتوسط السنوات الدراسية المتوقعة(فرج وكريم،٢٠٢٠،٢٤٥)، ويتكون مؤشر التعليم من المؤشرات الجزئية او الفرعية الآتية:

أ-متوسط سنوات الدراسة: هو متوسط سنوات التعليم التي اتمها الاشخاص من الفئة العمرية ٢٥ سنة فما فوق(بن عويدة،٢٠١٩،٣٤)، يقاس هذا دليل وفقا للآتي :

دليل =(القيمة الفعلية - القيمة الدنيا) ÷ (القيمة القصوى - القيمة الدنيا )

AEI = دليل متوسط السنوات الدراسة

Xi = متوسط سنوات الدراسة في البلد المعني (القيمة الفعلية)

حد الادنى(٠) سنة والاقصى ١٣,٢سنة .

ب-عدد متوسط لسنوات الدراسة المتوقعة : اذ يقاس مقدار التعليم على اساس عدد سنوات الدراسة المتوقع (عبيد و علي،٢٠٢٠،٥٥)، وفقا للآتي :

دليل =(القيمة الفعلية - القيمة الدنيا) ÷ (القيمة القصوى - القيمة الدنيا )

EEI = دليل سنوات الدراسة المتوقعة

Xi = سنوات الدراسة المتوقعة في البلد المعني (القيمة الفعلية)

قيمة الدنيا (٠)سنة و قيمة القصوى (٢٠,٦)سنة.

بعد استخراج متوسط دليل التعليم يستخدم دليل التعليم المركب الذي يتراوح قيمة بين ٠,٩٥١ كحد اقصى و ٠ كحد ادنى ووفقا للاتي :

EI = دليل التعليم المركب

EAI = متوسط دليل التعليم

٣-مؤشر الدخل (مستوى المعيشي):

يقاس المؤشر الدخل(المستوى المعيشي) باستخدام نصيب الفرد من الناتج المحلي الاجمالي بتعادل القوة الشرائية للدولار الامريكي(شالة،٢٠١٦،١٥) ، وفقا للآتي:

Y= متوسط دخل الفرد في البلد المعني

Min= ١٦٣دولار

Max= ١٠٨٢١١

